# ڕەوشی کۆمەڵگای مەدەنی
# لە کوردستان و عێراقدا

پێشکەشە:

به هاوڕێی رۆژنامەنووسم کارزان گلی

# ڕەوشی کۆمەڵگای مەدەنی
# لە کوردستان و عێراقدا

**د. سامی زوبەیدە**

**وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە**

**دیدار ئەبوزێد**

**پێداچوونەوەی**

**د. سەلیم پەتروس ئلیاس**

MUKIRYANI

**٢٠١٢**

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- ڕەوشی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان و عێراقدا
- **نووسینی:** د. سەلیم پەترۆس ئلیاس و د. سامی زوبەیدە
- **وەرگێڕانی:** دیدار ئەبوزێد
- **پێداچوونەوە:** د. سەلیم پەترۆس ئلیاس
- **نەخشەسازی ناوەوە:** ڕێدار جەعفەر
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ٢٥٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١٢
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی هێڤی (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢١٠)ی ساڵی (٢٠١٢) پێدراوە**

**زنجیرەی کتێب (٦٥٢)**

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


**پێشەکی** ........................................................ ٧
پەیوەندی مێژوویی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی/ دەروازە.............. ٩
**بەشی یەکەم/** کۆمەڵگای مەدەنی لە قوتابخانەی یۆنانییەکان (ئەفلاتون و ئەرستۆ)..... ١٣
**بەشی دووەم/** کۆمەڵگای مەدەنی لە قوتابخانەی پەیمانی کۆمەڵایەتی.................. ٢٧
**بەشی سێیەم/** قوتابخانەی هیگڵی ........................................ ٤٧
**بەشی چوارەم/** قوتابخانەی مارکسیزم (کارل مارکس، ئەنتۆنیۆ گرمشی) .............. ٥٧
**بەشی پێنجەم/** کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغی رژێمی پاشایەتی لە عێراقدا........... ٦٥
**بەشی شەشەم/** کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغی رژێمی کۆماری لە عێراقدا.. .......... ٩١
**بەشی حەوتەم/** کۆمەڵگای مەدنی لە قۆناغی حکومەتی هەرێمی کوردستان........... ١٠٣
**بەشی هەشتەم/** سەرهەڵدانی ورووخانی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق............... ١٢١

# پێشەکی

لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم بایەخدانێکی زیاتری بە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی بەخۆیەوە بینی، پێدەچێت ئەمە بەرهەمی ئەم وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە بێت کە جیهان لە چەندین بواردا بەخۆیەوە بینییەوە. ئەو وەرچەرخان و دیاردانە وای لە سەرجەم ئاراستە و قوتابخانە هزرییەکان کرد بایەخ بەم چەمکە بدەن، کە زۆر لە ئامرازەکانی راگەیاندن و پرۆگرامەکانی حیزبە سیاسییەکان دووبارە دەبۆوە. لە ئاسۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوچە جۆراوجۆەکانی جیهان و نیشانەکانی بەرجەستەبوونی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەدەرکەوت، کە لە چالاککردن و بەردەوامبوونیدا پشت بە بنەمای سەروەری یاسا و بڵاوکردنەوەی دیموکراتییەت و فەراهەمکردنی بوار بۆ بۆچۆونە جیاوازەکان دەبەستێت.

ئاسایی بوو گەلی کوردستانیش وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ ئەم دیاردە نوێیانە، لەبەر رۆشنایی ئەوانەوە هەوڵبدات بە بیرورا و داخوازییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بچێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە راپەڕین هەلومەرجێکی نوێی هێنا ئاراوە.

رێکخراوە سیاسی و رۆشنبیرییە کوردستانییەکان بانگەشەکردنی بۆ کارلێککردن لەگەڵ چەمکی کۆمەڵگای بەخۆیەوە بینی، ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی شێلگیرانە هەیە بۆ بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە کوردستاندا

ئەم کتێبەی بەردەستتان (ڕەوشی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان و عێراقدا)، هەشت بەش لە خۆدەگرێت، لە بەشی یەکەمدا هەڵوەستە لەسەر هزری هەردوو فەیلەسووفی یۆنانی (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) دەکات، بەڵام لە بەشی دووەمدا باس لە بۆچوونی بیرمەندانی قوتابخانەی پەیمانی کۆمەڵایەتی (تۆماس هۆبس، جۆن لۆك، جان جاك رۆسۆ)دەکات، کەچی لە بەشی سێیەمدا دیدگای جۆرج هیگڵ بۆ کۆمەڵگای مەدەنی دەخاتەڕوو، لە (بەشی چوارەم)دا باس لە تیڕوانینی قوتابخانەی مارکسیزم (کارل مارکس، ئەنتۆنیۆ گرامشی)دەکات دەربارەی هەمان چەمك.

لە بەشی پێنجەمدا باس لە کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقدا دەکات. هەروەها لەبەشی شەشەمدا باس لە کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغی کۆماری لە عێراقدا دەکات، کەچی بەشی حەوتەمە بۆ باسکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، دوا بەشی ئەم کتێبەش، باس لە سەرهەڵدانی و ڕووخانی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق دەکات.

**د. سەلیم پەترۆس ئلیاس**

## پەیوەندی مێژوویی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی

### دەروازە

**د. سەلیم پەترۆس**

بابەتی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنییە کە زۆر لە لایەن فەیلەسووف و و زاناکانی کۆمەڵناسی و سیاسەت و یاسا بایەخی پێدەدرێت، هەر لەوکاتەی کە دەوڵەت لەسەر شانۆی رووداوەکان بەدەرکەوت، ئەوانەش بۆچوونەکانیان جیاوازبوو بەپێی ئەو قۆناغە مێژوویی و ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا ژیاون، لەپاڵ سەرچاوەی چینایەتی و بەژەوەندییە خودییەکانیان. ئەو جیاوازی و جۆراوجۆرییە بووە هۆی سەرهەڵدانی قوتابخانە و ئاراستەی جۆراوجۆری لەمبارەیەوە.

بیرۆکەی مەدەنییەت لایەنێکی سەرەکی لە ئایدیۆلۆژیا پێکهێنا کە هاوشان بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئەوروپی مۆدێرن، پایەکانی تۆکمە بوو، کە لە نێو منداڵدانی قەیرانی دەرەبەگایەتی و لە ماوەی رێنسانس سەریهەڵدا، دەرکەوتنیشی پەیوەست بوو بە چینە کۆمەڵایەتییە تازەکان، کە پەیوەندگەلێکی تازەیان دروستکرد لە نێوان پاشا و خانەدان و دەستوپێوەندەکانیان، دەستێوەردانی دەوڵەت گرنگترین خەسڵەتی سەرەکی سیاسەتی ئابووری بوو لەمیانەی ئەو ماوەیە، هەروەها دەوڵەتی ناوەندی تازە توانی بازاڕە ناوەکییەکانی پەرەپێبدا بۆ هاندانی هەناردەکردن و دەستکەوتنی سوود بۆ هەردوو لایەن[1].

بۆیە هەردوو چەمکی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەیەکی تۆکمە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، دژوارە، بەڵکو خەریکە ئەستەم دەبێت دەرك بەیەکێکیان بکەین بەدابڕاوی لەویتر، هەروەها ناکرێت بەدوای پەرەسەندنیان لەمێژوودا بچین بەشێوەیەکی دابڕاو لەیەکتر[2].

---

(١) توماس. س. بارتسون، الحضارة الغربية_الفكرة و التاريخ_ ترجمة شوقى جلال، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠١_ ص ١٩-٢٠.

(٢) د. اسامة شهوان، ادارة الدولة - المفاهيم و التطور - دار الشروق للنشر و التوزيع _عمان_ الادرن، ٢٠٠١، ص ١٥.

هەوڵی گەیشتن بە کۆمەڵگای چاك، کە لە چاخی مۆدێرندا بە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی گۆڕا، یەکێك بوو لە خەسڵەتە دیارەکانی پەرەسەندنی هۆشیاری مرۆیی لەمێژوودا. گۆڕینی وشەی کۆمەڵگا چاك بە مەدەنی گوزارشتبوو لە گۆڕان لە سەرچاوەی بەها، بەشێوەیەك کۆمەڵگای پیشەسازی چەند بەهایەکی دەرهاویشتووە کە پشتی بە زانستییبوون و بابەتیبوون و یاسا پۆزەتیڤییەکان بەستووە. بەچاوپۆشین لەو کۆششە جۆراوجۆرانەی کە دراون لەوەی کە پەیوەستە بە مانا و پەرەسەندنی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی، هەروەها پەیوەندی بەو ئایدیۆلۆژییە سیاسییانەی کە لە ئەوروپا بەدەرکەوت لەماوەی هەر چوار سەدەی رابردووەوە، دیاردەی کۆمەڵگای مەدەنی هەر وەك خۆی مایەوە، بەشێوەیەکی تۆکمەش پەیوەستە بە دەوڵەتی مۆدێرن کە پشتی بە یاسا پۆزەتیڤەکان و دامەزراوە مەدەنی و جیاوازەکان دەبەستێت بەهۆی جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵات، لەگەڵ بوونی چینی پیشەسازی کە لە شاردا هەیە لەگەڵ بوونی دەزگایەکی بیرۆکراسی کە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەو ئامانج و سیاسەتانەی کە دەسەڵاتی یاسادانان دایدەڕێژێت و خزمەتە گشتییەکان پێشکەش بە جەماوەر دەکات. لەبەر ئەم هۆکارەیە ناکرێت باس لە بابەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی دیموکراسی بکرێت لەبارودۆخێکدا کە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تێدا فەراهەم نەکردبێت(٣).

دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی دوو کاروباری لەیەکتر سەربەخۆ نین، بەڵکو بەیەکەوە بەستراون. هەموو دەوڵەتێك و سیستەمێکی سیاسی، کۆمەڵگایەکی مەدەنییان هەیە کە لەگەڵیان دەگونجێت. بەڵکو کۆمەڵگای مەدەنی بەشێکە لە سیاسەتە بە مانا فراوان و قووڵەکەی، واتە مومکین نییە لە چارەنووسی کۆمەڵگای مەدەنی تێبگەین بەبێ تێگەیشتن لە پەرەسەندنی دەوڵەتی مۆدێرن و پەیوەندییەکەی بە کۆمەڵگای مەدەنی(٤).

---

(٣) هەمان سەرچاوە، لا ٨٧.

(٤) اسعد عبدالرحمن، المجتمع المدنی فی الوطن العربی و دوره فی تحقیق الدیمقراطیة، ندوة، بحوث ولمناقشات الندوة الفكرية التي نظمها مركز دراسات الوحدة العربية، بیروت ١٩٩٢ التعقیبات، ص ٧٥٨.

دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی دوو بوارن کە بەهێزەوە بەیەکەوە لکاون، رەنگە راست بێت بۆ وێناکردنی ئەمە نموونەی دراوێك وەربگرین کە دوو رووی هەیە، یاخود نموونەی بەرهەم وەربگرین لەگەڵ ئەو بەرگەی کە پێیەوە لکاوە، بەمپێیەش بیرکردنەوە لە کۆمەڵگای مەدەنی مومکین نابێت تەنها بەوە نەبێت کە دەوڵەت بە ئاسۆیەکی تر دابنێین بۆ روانین و کارکردن بەیەکەوە(٥).

بۆیە ناکرێت قسە لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنی راستەقینە بکەین لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی لاواز و فشۆڵ و دەسەلاتخواز، یاخود بێ رەوایەتی، بەمپێیەش پرۆسەی بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە هەمان کاتدا پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت لە خۆدەگرێت، بەشێوەیەك دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەکان، بە کۆمەڵگاکەی دەلکێت و گوزارشتی لێدەکات، نەك دەوڵەت پێی نامۆ بێت و لە دەرەوەی ئەو بێت.

بەمەبەستی ئاشنابوون بە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی، دەبێت باس لە بەشدارییە دیارەکان بکەین لەبارەی خستنەڕووی ئەو پەیوەندییە و دەوڵەمەندکردنی بە دەستپێکردن بە فەیلەسووفەکانی یۆنان (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) بە تێپەڕین بە بیرمەندەکانی قوتابخانەی پەیمانی کۆمەڵایەتی کە لە خۆگری هەریەکە لەوانەیە (تۆماس هۆبس و جۆن لۆك و جان جاك رۆسۆ) بە گەیشتن بە قۆتابخانەی مارکسیزم کە نوێنەرایەتی کراوە بە هزرەکانی هەریەکە لە (کارل مارکس و فرێدرێك ئەنجلس و لینین و ئەنتۆنیۆ گرامشی و نیکۆس بۆنتزاس).

بە گونجاوی دەزانم کەمێك هەڵوەستە بکەین لەسەر هەر بیرمەندێك لەوانە، با یەکەمجار بە فەیلەسووفەکانی یۆنان دەستپێبکەین.

---

(٥) سعید بنسعید العلوی، نشأة و تطور مفهوم المجتمع المدنی فی فکر العربی الحدیث، ورقة قدمت الی الندوة نفسها، ص ٦٤. بڕوانە برهان غلیون، هەمان کۆڕ، ص ٧٣٨. هەروەها بڕوانە عبد الاله بلقزیز، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨_٢٩. هەروەها بڕوانە:

د. کامران الصالحی، حقوق الانسان و المجتمع المدنی بین النظریة والتطبیق، مؤسسة موکریانی للباعة والنشر، اربیل- کوردستان، ٢٠٠٠، ص ١٥٧.

# بەشی یەکەم

## قوتابخانەی یۆنانی

### دەروازە

خەریکە کۆکبوونێك دروستدەبێت لەنێوان لێکۆڵەرەوەکان، بەوەی کە سەرهەڵدانی فەلسەفە لەژێر سایەی شارستانییەتی یۆنانی و بە دیاریکراوی لە دەوڵەتی (شاری ئەسینا) بوو، زۆربەی نموونە باڵاکانی سیاسەتی مۆدێرن وەك دادپەروەری و ئازادی و حکومەتی دەستووری و ڕێزگرتن لە یاسا و دیاریکردنی ماناکانی لەڕێگای تێڕامانی فەیلەسووفە یۆنانییەکانەوە دەستی پێکرد. دەرکەوتنی ئەفلاتوون و ئەرستۆ خاڵێکی وەرچەرخێنەری مەزن بوو کە ئاراستەی تازەی بایەخدان بە مرۆڤ و کۆمەڵگایان گۆڕی، لەسەری دەستیانەوە فەلسەفەیەکی هەمەکی و سیستەمێکی گشتگیر بۆ سەرجەم لایەنەکانی هزر و لایەنەکانی هەقیقەت دروستبوو، کە بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییان پێشکەش کرد، ئەمەش لەمیانەی جەختکردنەوەیان لەسەر پرەنسیپی یاساوە بوو، با یەکەمجار بە باسکردنی ئەفلاتوون دەستپێبکەین:

### ١. ئەفلاتوون (٣٢٧-٣٤٣ پ. ز)

ئەفلاتوون پێیوایە دەوڵەت دروستدەبێت بەهۆی بێتوانایی تاك لە تێرکردنی پێداوستییەکانی خۆی، هەروەها پێداویستی بۆ ئەو شتانەی کە سنورییان نییە. مرۆڤ پەنا بۆ ئەوانی تر دەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی، ئەوکاتەی ئەو

پشکدارانە کۆکدەبنەوە کە یارمەتی یەکتر دەکەن لەیەك شوێن، ئەوا بەم کۆمەڵگایە دەڵێین شار، یاخود دەوڵەت(٦).

یەکەمین پێداویستی و مەزنترینیان خواردنە، چونکە مەرجی ژیان و بوونە، دووەمیشیان پەناگەیە، سێیەمیشیان جلوبەرگە و بەمشێوەیە(٧).

ئەو هاریکارییە پێویستی بە پسپۆڕیبوون و دابەشکردنی کارە بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت ئەو پێداویستییە جۆراوجۆرانە دابین بکات(٨).

ئەفلاتوون پێیوایە کوێرەوەری دەوڵەت و کەساسی مرۆڤایەتی لەناوناچێت (ئەگەربێتو فەیلەسووفەکان نەبنە پاشا لە وڵاتەکانیان، یاخود ئەوانەی کە ئێستا ئێمە پێیان دەڵێین مەلیك و فەرمانڕەوا بن بە فەیلەسووفی جیدی قووڵ، ئەگەر بێتوو دەسەڵاتی سیاسی و فەلسەفە لە یەك تاك کۆنەبێتەوە، لەلایەکی تر ئەگەر یاسایەکی توند دەرنەچێت بۆ دوورخستنەوەی ئەوانەی کە توانستی یەکێك لەو دوو کارانەی هەیە لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت، ئەگەر هەموو ئەوانە روونەدات، ئەوا توندی ئەو خراپانە ئارام نابێتەوە کە دووچاری دەوڵەت دەبێتەوە، بەڵکو بێگومان، دووچاری تەواوی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، ئەگەر ئەوانە دەستەبەرنەبوو، ئەوا ئەو دەوڵەتەی کە لێرەدا هێڵە گشتییەکانمان کێشاوە، لەدایك نابێت و گەشەکردنی کامڵ نابێت، هەر ئەوەشبوو کە ماوەیەکی دوورودرێژە دوودڵ بووم لە راگەیاندنی، چونکە دەرکم بەوەکردبوو کە پێچەوانەی بۆچوونە باوەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوا دژوارە مرۆڤ وێنای ئەوە بکات کە چۆن دەکرێت چاکی دەوڵەت، یاخود تاك بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان دەستەبەربێت(٩).

---

(٦) افلاطون، جمهورية افلاطون، ترجمة و تعليق، فؤاد زكريا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٤، لا ٣٦٩.

(٧) هەمان سەرچاوە، لا ٣٦٩.

(٨) هەمان سەرچاوە، لا ، ٣٧٠.

(٩) هەمان سەرچاوە، لا ٤٧٣.

ئەو ئاراستە هزرییەی کە ئەفلاتوون پەیڕەوی کرد لە (کۆمار) بووە هۆی دروستبوونی تیۆرەك کە بەهۆیەوە هەموو شتێك ملکەچی ئەو نموونە باڵایە دەبێت کە لە کەسی پاشای فەیلەسووف بەرجەستەبووە و پاڵپشتییەکەی بەرتەسکدەبێتەوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات بەهۆی ئەوەی کە ئەو تاکە کەسە دەزانێت چی بۆ خەڵك و دەوڵەت باشە. ئەمەش لەدەرەنجامی بەرفراوانبوونی ئەو لایەنەی بیرکردنەوە بوو کە یاسای لە دەوڵەتی ئایدیالی بە تەواوی کۆمۆنیزمی دوورخستەوە، هەروەها لەدەرەنجامی ئەوەوە دەوڵەتی وێنا کرد بەوەی کە تەنها دامەزراوەیەکی فێرکردنە کە تیایدا زۆرینەی هاوڵاتییان ڕێنمایی بەردەوامی بەسەریاندا سەپێنراوە کە فەرمانڕەوای فەیلەسووف جڵەوی گرتۆتە دەست، ئەو وێناکردنەش دژپێکبوو لەگەڵ ئەوانەی کە لە بیروباوەڕی یۆنانییەکان پەلی هاویشتبوو لەبارەی بەهای ئازادی لەژێر سایەی یاسادا، لەگەڵ پێویستی بەشداریکردنی هاوڵاتییان لە حوکمکردنی خۆیان. لێرەدا تیۆری سیاسی لای ئەفلاتوون لە دۆخە یەکەمەکەی ئاسۆی سنووردارە بەهۆی پابەندبوونی بە یەك پرەنسیپ، هەروەها لە گوزارشتکردنی لە نموونەی باڵای دەوڵەتی مەدەنی بێ توانا بوو، ئەو گومانگردنە زەینییەی کە لای ئەو هەبوو، کە دواتر بووە هۆی ئەوەی کە بیروڕاکانی چەند ئاراستەیەك وەربگرن. ناونیشانی گفتوگۆی (یاساکان) بەڵگەیە لەسەر ئەوەیە کە مەبەستی گەڕاندنەوەی پێگەی یاسای ئەدەبی بوو لە نرخاندنی یۆنانییەکان، ئەمەش ئەو پێگەیە بوو کە ئەفلاتوون دەیەویست لەدەست بدا. جیاوازی سەرەکی لە نێوان تیۆری (کۆمار) و تیۆری (یاساکان) ئەوەیە کە بەگوێرەی یەکەم فەرمانڕەوایی لە دەوڵەتی ئایدیالی دەدرێتە چەند پیاوێکی هەڵبژێردراو بە شێوەیەکی تایبەت و بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕاهێنانیان پێدەکرێت، دەستیان بە هیچ ڕێسایەکی ڕێکخستنی گشتی نەبەستێت، لەوکاتەی دەبینین دەوڵەتی ئایدیالی لە گفتوگۆی دووەم ملکەچی ئەو یاسایەیە کە بەسەر فەرمانڕەوا و فەرمانبەسەردارکراو زاڵە لەیەك کاتدا. کەچی ئەو جیاوازییە لە ڕوانین لەنێوان هەردوو کتێب لەخۆگری چەند هەموارکردنێکە لە تەواوی ئەو پرەنسیپە سەرەکییانەی کە دەسەڵاتی لەسەر دادەمەزرێت(١٠).

---

(١٠) جورج سباين، تطور الفكرى السياسى، ترجمة حسن جلال العروسى، دار المعارف، القاهرة، ١٩٦٣، ص ٨٣-٨٤.

دوای بەناوسالاّداچوو و ئەزموونەکان پێیان گەیاند و دووچاری بێئومێدی بوو ئەوکاتەی هەوڵیدا بەشداری بکات لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی (سەراقوسە)، لەگەڵ چێشتنی تاڵی شکست لە دروستکردنی حکومەتی فەیلەسووف لە (سقیلیا) لەڕێگای رۆشنبیرکردنی پاشاکەی (دیۆنیسیۆس)، لە بۆچوونەکانی یەکەمی پاشگەزبووەوە و چارەسەرێکی ناوەندی قبووڵکرد لە کتێبی دووەمی (سیاسی)، گوتی: (لەسەرمان پێویستە دەوڵەت و یاسا بۆماوەییەکانی وێنا بکەین بەوەی کە جۆرێکە لە لاساییکردنەوەی شاری ئاسمانی، ناڵێم بڕیار بدە لەسەر ئەوەی کە گومانی تێدا نەبێت، ئەویش ئەوەیە کە یاسا باشترە لە ئارەزوو، چاکی فەرمانڕەوای ملکەچ بۆ یاسا باشترە لەو خواستە کە لە فەرمانڕەوایەکی ستەمکار دەرەچێت، یاخود لە حکومەتێکی ئۆتۆکراتی، یاخود حکومەتی گێرەشێوێنی، بێگومان یاسا بە شێوەیەکی گشتی هێزێکی دروستکاری شارستانییەتە، کە مرۆڤ بە بێ ئەو (ئینجا خەسڵەتەکەی هەرچییە بێت، مەترسیدارترە لە ئاژەڵە دڕندەکان)[11].

دەرککردنی ئەفلاتوون بەوەی کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتی یاسایی و فەزیلەت، بانگەشەکردنی بۆ پێویستی بوونی پرەنسیپی سەروەری یاسا، بڕیاری دا بەوەی کە تەنها یاسا بالاّدەستە بەسەر فەرمانڕەوا و فەرمانبەسەرداکراو لەیەك ئاستدا. ئەفلاتوون لە وتاری حەوتەم گوتی، کە چەند ئامۆژگارییەك بوو بۆ پەیڕەوکارانی دیۆن، بەمشێوەیە: (نەهێڵێت سەقلیە، یاخود هیچ شارێکی دیکە تیایدا ملکەچی سەروەرەکان خەڵك بێت، بەڵکو بۆ یاساکان، ئەمەیە رێبازی من، بزانن کە ملکەچبوون خراپە بۆ سەروەر و ژێردەستان و کوڕەزاکانیان و وەچەکانیان)[12].

ئەفلاتوون دوودڵ نەبوو لە تۆمارکردنی ئەو بڕوایە لە یەکێك لە پەرەگرافە سەرنجڕاکێشەکان لە (یاساکان)، بەشێوەیەك دەڵێت: (با گریمانەی ئەوە بکەین کە هەریەکە لە ئێمە، ئێمەی بوونەوەری زیندوو، هیچ نین جگە لە بووکەڵەیەکی لێهاتوو کە لەلایەن خواوەندەکان دروستکراوە، نازانین کە ئایا

(١١) هەمان سەرچاوە، لا ٩٣.

(١٢) هەمان سەرچاوە، لا ٨٤.

مەبەستەکەی رابواردنە، یاخود جیددیە، بەڵام بە باشی دەزانین کە ئەو هەڵچوونانانەی کە هەمانە وەك ژێیەکە، یاخود پەتێکە کە رامان دەکێشێت، لەنێو خۆیاندا رامان دەکێشێن نا دژە کردار، با بگەینە ئەو ئاستەی کە چاکە و خراپە لەیەکتر جیابکەینەوە. لێرەدا عەقلی هەریەکەمان قسەمان لەگەڵ دەکات بەوەی کە دەست بە یەك هێڵ بگرێت، لەگەڵ کۆی ئەو هێزانەی کە پاڵمان پێوەدەنێت، ئەگینا لێیدەگەرێت لەدەستی بچێت بە هەر حاڵێك لە حاڵەتەکان بێت، لەلایەن هێڵەکەی تریش بەرەنگاری دەکرێت: ئەو هێڵە فەرمانڕەوای زێڕینە، ئەمەش ئەو حومکە پیرۆزەیە کە بە یاسای هاوبەشی شار ناوزەند دەکرێت، ئەمەش هێڵێکە نەرمە چونکە زێڕە، هەرچی هێڵەکانی ترە، ئەوا چەند هیلێکن لە ئاسنی رەق دروستکراون و هاوشێوەی نموونەگەلێکن لەهەموو جۆرەکانەوە. کەواتە دەبێت بەردەوام هاوکاری بکەین بۆ پەیڕەوکردنی سەرکرادایەتی یاسایی باش، لەبەرئەوەی کە عەقل لە خۆیدا باشە، ئەوا بە نەرم و نیانی دەبێت نەك بە توندوتیژی، لە سەرکردایەتیکردنیشی پێویستی بەوە هەیە کە دەبێتە هۆی سەرخستنی رەگەزی زێڕین کە لە نێوماندا هەیە لەسەر رەگەزەکانی تر(١٣). دەبێت دەوربەری ئەو دەوڵەتە بەیەکەوە گرێبدەین کە دواین تیۆری ئەفلاتوون بە (هێڵی زێڕینی یاسا) ناوزەندی دەکات. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو پرەنسیپی ئاکارییەی کە رێکخستنەکانی لەسەری دادەمەزرێت، جیاوازە لەوەی (کۆمار). دەکرێت بڵێین کە یاسای ئێستادا نوێنەری ئەو عەقڵەیە کە ئەفلاتوون کاری کردووە بۆ ئەوەی وای لێ بکات بەرزتر بێت لەوەی کە لە دەوڵەتی ئایدیالێدا هەیە، کە هەر وەك بەرزترین هێز مایەوە لە سروشت. بەپێی ئەمەوە، ئەوا گرنگترین فەزیلەتەکانی دەوڵەتی ئایدیالی بریتییە لە دادپەروەری و دابەشکردنی کار و پسپۆڕێتییە لەو ئەرکانەی کە هەموو مرۆڤێك لەو پێگەیە دادەنێت کە بۆ ئەو شیاوە و (مافەکەی پێدەبەخشێت). بەو مانایەی کە هەلی گەیشتن بە سەرجەم بەهرەکانی دەدا بۆئەوەی بگاتە ترۆپکی گەشەسەندن، تا دوورترین ئاست وەبەردەهێنێت، لە دەوڵەتی (یاساکان) دەبینین کە دانایی لە یاسادا بەرجەستەدەبێتەوە، ناکرێت ئەو بەیەکەوە گونجانە نەرمە دەستەبەر بکرێت لە نێوان تاك و دەوڵەت، بەڵام پێویستە ئەو رێسا رێکخستنیانەی کە یاساکان دایدەڕێژێت (لە سەرجەمیان) باشتر بن لەوەی کە لە تواناادا هەیە. بۆیە بەرزترین فەزیلەت لەم دەوڵەتە

(١٣) هەمان سەرچاوە، لا ٩٣-٩٤.

میانڕەوی، یاخود کۆنترۆڵکردنی خودە، واتە ئارەزوو بۆ پابەندبوون بە یاساکان، یاخود رۆحی رێزگرتن لە دەستەکانی دەوڵەت و رێکخستنەکانی، ئامادەبوونی مرۆڤ بۆ ملکەچکردنی خۆی بۆ هێزە رەواکانەوە. کەواتە دەوڵەتی (یاسا) دەوڵەتێکە لەسەر نێوانگیری، یاخود میانڕەوی دادەمەزرێت بەوپێیەی کە گرنگترین فەزیلەتەکانییەتی، هەروەها هەوڵدەدات بۆ دەستەبەرکردنی گونجان ئەمەش بە پابەندبوون بە رۆحی گوێڕایەڵی بۆ یاسا(١٤).

لێرەوە بەو دەرەنجامە دەگەین کە کۆمەڵگای چاك لای ئەفلاتوون ئەوەیە کە تاکی چاك دروستدەکات لە رێگای دەوڵەتی یاساوە.

پەرەسەندنی مرۆڤایەتی ئەوەی سەلماندن کە هەرچەندە زیاتر پەرەی سەند و بالآبوو، ئەوا ئەکتیڤی یاساکان و کاریگەرییەکانی جێگیرتر دەبێت، یاسای دادپەروەر تاکە ئامرازە کە ژیانێکی هاوبەش بە ئاشتی و ئاسایشی و رەزامەندی بۆ مرۆڤەکان دابیندەکات. بەگوێرەی ئەمەوە، ئەوا سروشتییە جێگیری یاسا و رەچاوی بەندەکان بکرێت و لەلایەن ئەو لایەنانەی کە پراکتیزەی دەکەن وەلآم بدرێتەوە و رێز لە ئاراستەکانی بگیرێت دەبێتە پێکهێنەرێکی سەرەکی لە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

### ٢. ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ. ز)

ئەرستۆ لە بیرکردنەوەی سیاسیدا لەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە، واتە مەیلێکی سکماکی هەیە وەك ئەوەی کە لای ئاژەڵەکان و رووەکەکان هەیە تا بوونەوەری تر بخاتەوە لە شێوەی خۆی لەمیانەی جووتبوونی پیاو و ژن(١٥).

دوای ئەمە ئەرستۆ بە روونکردنەوەی ئەو وێنەیە دەسپێدەکات کە بەهۆیەوە دەوڵەت دروستبووە، دەڵێت: (کۆبوونەوەی یەکەم لە نێوان سەروەر و کۆیلە و لە

(١٤) هەمان سەرچاوە، لا ٩٤-٩٥.

(١٥) ارسطوطاليس، السياسة، الكتاب الاول، الباب الاول، الفقرة ٤، ترجمة، احمد لطفى السيد، منشورات الفاخرية، بلا تاريخ.

نێوان هەردوو هاوسەر کە دوو بنەمای خێزانن) [١٦]. لادێش لە کۆبوونەوەی چەند خێزانێك دروستدەبێت، لە کۆبونەوەی چەندی لادێیەکیش دەوڵەت دروستدەبێت[١٧]. بێ لێکدانەوە دەوڵەت کۆبوونەوەیە، بەڵکو لەمەش زیاتر گرنگترین و هەمەکیترین کۆبوونەوەکانە، ئەویش کۆبوونەوەی سیاسییە[١٨] کە گەیشتۆتە پلەی تێرکردنی خودی، دوای ئەوەی لە پێداویستییەکانی خەڵك بەرهەمهێنراوە، بوونی خۆشی لە توانای لەسەر تێرکردنی تەواوی ئەو پێداویستییانە دەبینێتەوە[١٩]، ئەمەش کۆبوونەوەیەکی سروشتییە بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەسروشت بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە[٢٠]، ئەو کەسەشی کە نەتوانێت لە گرووپدا بژیت و بە تەنهایی بمێنێتەوە، ئەوا بە تەنهایی و لەگەڵ خۆیدا پێداویستی نییە (بەڵکو ئەمە ئاژەڵ، یاخود خوداوەندە). چونکە هەرگیز ناتوانێت ببێتە ئەندامێك لە دەوڵەت[٢١]. دەوڵەت بەرزترە لە خێزان و بەرزتریشە لە تاك، چونکە گشت لەسەر بەشە، ئەوکاتەی گشت تێکدەچێت ئەوا بەشیش نامێنێت، چونکە هەرکاتەك دەست لە جەستە جیابۆوە، ئەوا دەست لەسەر هەقیقەتی خۆی نامێنێتەوە[٢٢].

بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ یەکەم ئاژەڵ و کامڵترینیانە، ئەوا دەبێتە دواهەمین و قێزەونترینیان ئەگەر بەبێ یاسا ژیا و رووتبۆوە لە دادپەروەری و فەزیلەت (کە دەبێتە لەدژی ئارەزووە پیسەکانی بەکاریبهێنێت)، بەبێ ئەوانە گەندەڵتر دەبێت، یاخود شەڕانگێزتر دەبێت، ئەوەی کە دادپەروەری و فەزیلەت فەراهەمدەکات بەپێی یاسا ئەوا

(١٦) هەمان سەرچاوە، بڕگەی ٦.

(١٧) هەمان سەرچاوە، بڕگەی ٧.

(١٨) هەمان سەرچاوە، بڕگەی ١.

(١٩) هەمان سەرچاوە، بڕگەی ٨.

(٢٠) هەمان سەرچاوە، بڕگەی ٩.

(٢١) هەمان سەرچاوە، بڕگەی ١٢.

(٢٢) هەمان سەرچاوە، بڕگەی ١١.

دەوڵەتە، دەوڵەت هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی کامەرانی خەڵك، باڵایی عەقلانی و ئەخلاقی مسۆگەر دەكات[٢٣].

حکومەتی چاك لای ئەرستۆ ئەو حکومەتەیە کە سەروەری یاسا فەراهەمدەكات، چونکە یاسا عەقڵە و بەدووره لە رەمەك و ئەو ئارەزووانەی دڵ کە خەڵك خراپدەكات تەنانەت باشەکانیشیان، ئەمە لەوکاتەی کە دەسەڵاتیان دەبێت[٢٤]. ئەرستۆ لە سروشتی دەستوور پرەنسیپێك وەردەگرێت بۆ جیاکردنەوەی نێوان حکومەتە باشەکان و حکومەتە خراپەکان، بەشێوەیەك دەڵێت: (کەواتە بەڵگەنەویستە تەواوی ئەو دەستوورانەی کە مەبەستیان بەرژەوەندی گشتییە چاکن، چونکە دادپەروەری دەسەپێنێت. هەموو ئەو دەستوورانەشی کە مەبەستیان بەرژەوەندی کەسی فەرمانڕەواکانە ئەوا بنەماکانی گەندەڵە، هیچ نین جگە لە خراپکردنی دەستوورە باشەکان نەبێت، لەنزیکەوە هاوشێوەی دەسەڵاتی گەورەیە لەسەر کۆیلە، لەوکاتەی شار بەپێچەوانەی ئەمەوە هیچ نین جگە لە گرووپێك خەڵکی ئازاد)[٢٥].

بەگوێرەی ئەمەشەوە ئەوا ئەرستۆ گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە دەڵێت: (یاساکان بە حکومەتەکان بەستراونەتەوە، بۆیە باش دەبێت، یاخود پیس، دادپەروەر، یاخود ستەمکار دەبێت بەگوێرەی ئەوەی کە ئەو حکومەتانە چۆن دەبێت، یاساکان باش دەبن لە حکومەتی باش و خراپ دەبن لە حکومەتی گەندەڵدا)[٢٦].

هەروەها سیستەمی فەرمانڕەوایی جۆرەکانی دەگۆڕێت بەگوێرەی جیاوازی جۆرەکانی دەستوور، ئەرستۆ دەڵێت: (یاسا بریتییە لە جێگیرکردنی هەر سیستەمێك. یاسا باشەکانیش سیستەمی باش دروستدەکەن) [٢٧].

---

(٢٣) هەمان سەرچاوە، بڕگەی ١٣.

(٢٤) هەمان سەرچاوە، نوسراوی سێیەم، بەشی یانزەیەم، بڕگەی ٤.

(٢٥) هەمان سەرچاوە، نوسراوی دووەم، بەشی یانزەیەم، بڕگەی ٧.

(٢٦) هەمان سەرچاوە، نوسراوی سێیەم، بەشی شەشەم، بڕگەی ١٣

(٢٧) هەمان سەرچاوە، نوسراوی چوارەم، بەشی چوارەم، بڕگەی ٥.

واتە حکومەتی باش. ئەرستۆ دووپاتیدەکاتەوە و دەڵێت: (حکومەت و دەستوور یەك شتن)[28].

بەگوێرەی ئەمەشەوە، ئەوا حکومەتەکان بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشدەبن، ئەوانیش[29]:

١. **حکومەتە باشەکان:** ئەو حکومەتانەن کە ئامانجیان بەرژەوەندی گشتییە، ئەوانەشی کە دەچنە ژێر باری ئەمەوە، ئەوانەن:

a) حکومەتی پاشایەتی: ئەمەش حکومەتی تاکی باشی دادپەروەرە.

b) حکومەتە ئەرستۆکراتەکان: ئەمەش حکومەتی کەمینەیەکی باشی دادپەروەرە.

c) حکومەتی دیموکراسی (کۆماری): ئەمەش حکومەتی زۆرینەی هەژارە، کە بە ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی جیادەکرێتەوە.

٢. **حکومەتە خراپەکان:** ئەمانەش ئەو حکومەتانەن کە فەرمانڕەواکانیان هەوڵدەدەن بۆ بەرژەوەندییە تایبەتەکان، ئەوانە دەگرێتەوە:

a) حکومەتی ستەمکار: ئەمەش حکومەتی تاکی ستەمکارە (ستەمکار).

b) حکومەتی ئۆلیگارکی: ئەمەش حکومەتی دەوڵەمەندەکانن، یاخود کەمینەی ساماندار.

c) حکومەتی دیماگۆکی: ئەمەش ئەو حکومەتەیە کە پەیڕەوی لە ئارەزووی و مەزاجی خۆی دەکات.

ئەرستۆ پێیوایە حکومەت باشە ناوبراوەکان رەنگە لە دووتوێیدا ریشەی خراپبوونی خۆی هەڵگرتبێت، وێنەی لادەر، یاخود خراپی حکومەتی پاشایەتی کە بریتییە لە ستەمکار، کە تەواوی بایەخەکانی خۆی چڕدەکاتەوە بۆ هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی سامان و دەستەبەرکردنی بەژەوەندییە کەسییەکان. کەچی وێنەی خراپی حکومەتی ئەرستۆکراتی بریتییە لەو ئۆلیگارکییەی کە شێوەیەك لە ژیان دروستدەکات کە تیایدا دەوڵەمەندەکان جڵەوی کاروبارەکانیان لەدەستە بێئەوەی رێسا یاساییەکان لەبەرچاو بگرن.

---

(٢٨) هەمان سەرچاوە، نوسراوی چوارەم، بەشی چوارەم، بڕگەی ١.

(٢٩) هەمان سەرچاوە، بڕگەی ١_٧.

هەرچی وێنەی خراپی حکومەتی دیموکراسییە ئەوا خۆی دەنوێنێت لە دیماگۆجییەت، کە تیایدا هەژارەکان بەپێی ئارەزووەکانیان حوکم دەکەن(٣٠). ئەرستۆ دەڵێت: (لە هەر شوێنێکدا سامانێکی زیادەڕۆ لەتەك هەژارییەکی زیادەڕۆ هەبێت، ئەوا ئەو دوو زیاردەڕۆییە دەبێتە هۆی ئۆلیگارشی رەها، یاخود بۆ دیماگۆکییەکی پەتی، یاخود بۆ ستەمکاری. ستەمکاری لە ناوسکی دیماگۆکی سەرکێش دەردەچێت، یاخود لە ئۆلیگارکی زیادەڕۆ، ئەمەش زیاترە لەوەی کە لە ناو سکی چینە ناوەندەکان دەردەچێت، یاخود لە چینەکانی هاوسێی ئەوانەوە)(٣١).

کەواتە پاکی حکومەتی باش لای ئەرستۆ بنەما کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لە بوونی چینی ناوەندی بەهێز و بە ژمارە زۆرتر لە کۆی هەردوو چینی تر، یاخود کەمتر لە هەریەکە لەوان دەبینێتەوە، بە هاتنەڕیزیان بۆ پۆلی یەکێك لەو دوو چینە، یاخود ئەویتر ئەوا هاوسەنگییەك دروستدەکات لە نێوان سامانی دەوڵەمەندەکان و لە بەدبەختی هەژارەکان، بەمەش خۆمان لە مەترسییەکانی حکومەتە خراپەکان دەپارێزرین(٣٢).

لەڕووی مێژووییەوە چینی ناوەند بەوپێیەی پایەیەکی کۆمەڵایەتییە چەندین وەرچەرخانی دیموکراسی مەدەنی بەخۆیەوە بینینەوە لەهەر کۆمەڵگایەکدا، بوونی چینێکی ناوەند رزگاریخوازی بەرفروان و چالاك و هەڵگری کۆمەڵایەتی بونیادی (کۆمەڵگای مەدەنی) و دیموکراسی دەستوورییە بەهۆی میانڕەوی ئەو چینە و ریشەکێشکردنی توندڕەوی و دانان و ملکەچیوونی بۆ یاسای دادپەروەری و جێگیرکردنی پرەنسیپ و بەهای ئەخلاقی عەقلانی هاوبەش، بەهۆی ئەوەی کە نیوەی رێگایە لە نێوان دوو چین کە ململانێ لەگەڵ یەکتر دەکەن، خوێندنەوەی مێژووی کۆمەڵگا مرۆییەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەمەندەکان سڵ ناکەنەوە لە بەکارهێنانی قێزەونترین ئامراز و ئەنجامدانی

---

(٣٠) هەمان سەرچاوە نوسراوی سێیەم، بەشی پێنجەم٤.

(٣١) هەمان سەرچاوە، نوسراوی شەشەم، بەشی نۆیەم، بڕگەی ٨.

(٣٢) هەمان سەرچاوە، نوسراوی شەشەم، بەشی نۆیەم، بڕگەی ٨.

دزێوترین تاوان و مەترسیدارتینیان بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان، لەوکاتەی رەنگە هەژاری زۆر بەشێك لە هەژارەکان بەرەو توندڕەوی ببات لە هەوڵدانیان بۆ نەهێشتنی ستەم و چەوساندنەوەی چینایەتی کە دووچاری دەبن، بەتایبەتی ئەوکاتەی ئامرازەکانی خەباتی ئاشتیخوازی نامێنێت، یاخود بێتوانا دەبن لە چوونە ژێر ئاڵای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە پێناو یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەپێی ئەمەوە دەکرێت بڵێین پرۆژەی چینی ناوەند رەنگە ببێتە پارێزەرێك لە دژی ململانێیە خوێناوییەکان، هەروەها دەبێتە هەوڵێك بۆ دەستبەرکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەوەی کە پێویستە بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبووردەیی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بەوپێیەی کە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی بونیادی کۆمەڵگای مەدەنی، بەگەیشتن بە دەستەبەرکردنی کۆمەڵگای دادپەروەری و یەکسانی.

ئەرستۆ ئاماژە بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی شار دەکات، پێشیوایە کە ئەو کۆبوونەوەی کە شار پێکدەهینێت کۆبوونەوەیەك نییە هەرچۆنی رێك بکەوێت، ئەمە کۆبوونەوەی خەڵکانێکن کە دەتوان هەموو پێداویستییەکانی بژێویان دابین بکەن، دەوڵەت پێویستی بە بوونی دابەشکردنی کاری روون و ئەرکگەلی جیاواز هەیە، پێویستی بە جوتیار و پیشەوەر و سەرباز و پیاوانی کار و قەشە و دادوەر هەیە بۆ ئەوەی پێداویستی و بەرژەوەندییەکانیان دابین بکەن(٣٣).

بەدیدی ئەرستۆ لە دەوڵەتی چاك دەسەڵاتەکانی جیادەکرێنەوە بۆ سێ بەش: دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری، ئەرستۆ پێیوایە ئەوکاتەی بە باشی ئەو سێ بەشانە رێکخران، ئەوا سیستەمی دەوڵەت و هەر هەمووی باش دەبێت وەك پێویست(٣٤). هەروەها ئەرستۆ تیشکدەخاتە سەر گرنگی سەرکردایەتی بە کۆمەڵی و لە تەنیایی دەسەڵات وریادەکتەوە، پێشنیاری

---

(٣٣) هەمان سەرچاوە، نووسراوی شەشەم، بەشی نۆیەم ، بڕگەی ٥.

(٣٤) هەمان سەرچاوە، نووسراوی شەشەم، بەشی نۆیەم ، بڕگەی ١.

دامەزراندنی دەسەتەیەکی راوێژکاری دەکات بۆ یارمەتیدانی فەرمانڕەوا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەرستۆ وادەبینێت کە ناکرێت دەستەبەردای ئەو دەستەیە بین تەنانەت ئەگەر فەرمانڕەوا زۆر چاك و شارەزا و سەرکەوتووش بوو[٣٥].

جەختکردنەوەی ئەرستۆ لەسەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بەرز راگرتنی پلەوپایەی سەرکردایەتی بە کۆمەڵی بووە هۆی چەسپاندنی گرنگترین بنەما تیۆرییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی چونکە کۆبوونەوە و چڕبوونی هەر سێ دەسەڵات تەنیا لە دەستێکدا دەبێتە هۆی نەمانی ئازادی و جێگیربوونی ستەمکاری.

نموونە و ئەزموونەکان و رووداوەکانی مێژوو سەلماندییان کە ئەگەر ئەو دوو بنەمایە واتە نەبوونی جیاکردنەوەیەکی روونی نێوان دەسەڵاتەکان و نەبوونی سەرکردایەتی بەکۆمەڵی و پشتگوێخستنی، دەبێتە هۆی کەوتنە ناو دەریای کارەسات و شپرزەیی. بە تایبەتی ئەوکاتەی تاکێك بە بێ هۆ خۆی بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێنێت و گوزارشت لە ویستی تاکەکانی بکات. ئەم کارەش وادەکات ئەو تاکە باڵادەست بێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی پەیوەندی راست و دروستی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت بۆ پەیوەندییەکی نادروست کەلەسەر ستەمکاری و توندوتیژی دامەزرابێت.

لە کاتێکدا جیاکردنەوەی روونی نێوان دەسەڵاتەکانی و پشتبەستن بە سەرکردایەتی بە کۆمەڵی یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی.

لە سەروبەندی رەخنەگرتنی لە خاوەندارێتی کۆمۆنەیی، ئەرستۆ پێیوایە سەرەڕای ئەو سوودانەی کە یەکسانی لە سامان فەراهەمی دەکات لە نێوان خەڵکی شار و ناکۆکییەکان لە نێوانیاندا ناهێڵێت، ئەوا لە هەمان کاتدا تووڕەیی و گرژی لە دەروونیان دروستدەکات ئەوکاتەی هەموو کەسێك داوا دەکات بەوەی کە شایستەترە لەوانیتر لە دەستکەوت و ئەنجامدانی کار و ئەرکەکانی سەرشانیان. ئەرستۆ دەڵێت:(دانبەوەدانێم کە یەکسانی لە ساماندا لە نێو خەڵکی شار سوودی هەیە لە نەهێشتنی ناکۆکییە

---

(٣٥) هەمان سەرچاوە، نووسراوی شەشەم، بەشی نۆیەم ، بڕگەی ٧.

ناوەکییەکان. کەچی ئەو ئامرازەیە بەدوور نییە لە هەڵە، بەڵام ئەمە تەواوی پیاوە دیارەکان تووڕە دەکات چونکە هیچیان نییە جگە لە پشکە گشتییەکە نەبێت. ئەمەش هۆکاری شڵەژان و شۆڕشە. جگە لەمەش خراپترین خەڵك ئەوانەن کە ناکرێت تێربن، ئەوان لە سەرەتادا بە دوو فلس رازین. هەرچەندن لەوە سەرمایەیەکیان هەبوو هەموو پێویستییەکانیان بێ سنوور دەبێت و ئاواتەکانیان بێ کۆتایی لەگەڵ ئەوەی کە سروشتی سووربوون ئەوەیە کە سنووریان نەبێت، ئەوا زۆربەی خەڵك ناژین تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە تێری بکەن) [٣٦].

لێرەوە بەو دەرەنجامە دەگەین کە ئەرستۆ رووناکی دەخاتە لایەنە خراپ و نێگەتیڤەکانی خاوەندارێتی تایبەت، کەچی ئەو لە هەمان کاتدا ئاماژە ناکات بۆ ئەو ناکۆکی و گرژییانەی کە لە خاوەندارێتی هاوبەش دروست دەبێت لە نێوان خەڵکی شار، بەشێوەیەك دەڵێت: (ئەو رێبازەی کە خراوەتەڕوو قەدەغەکردنێکی تریشی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خراپ بایەخ بە خاوەندارێتی هاوبەش دەدات. هەموو کەسێك بە جیا بیر لە سوودە تایبەتەکانی دەکاتەوە، کەمتر بیر لە بەرژەوەندی گشتی دەکاتەوە، تەنها لەوە نەبێت کە بەریدەکەوێت وەك کەس: هەرچی لەپشت ئەمەیە ئەوا بەوپەڕی شادبوون پشت بەچاودێری ئەوانیتر دەبەستێت)[٣٧].

لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو ئیشکالیەتە و دانانی بنەمای پێویست بۆ سیستەمی ئابووری نموونەیی، ئەوا ئەرستۆ خەسڵەت و چاکییەکانی هەردوو سیستەم کۆدەکاتەوە، ئەوکاتەی خاوەندارێتی هاوبەش دەبێت و وەك خۆی تاکی دەمێنێتەوە. بەپێی ئەمە ئەوا دەمەتەقێ و ناکۆکییەکان لە نێوان خەڵکی شار کۆتایی پێدێت کە گەشە دەکات و دەبووژێتەوە، چونکە هەموو تاکێك بایەخ بە بەرژەوەندییە تایبەتەکەی دەدات، بەمەش خۆشگوزەرانی و بەختەوەری بۆ تەواوی هاوڵاتییان دەستەبەر بکات[٣٨].

---

(٣٦) هەمان سەرچاوە، نووسراوی چوارەم، بەشی حەوتەم، بڕگەی ١.

(٣٧) هەمان سەرچاوە، بەشی یانزەم، بڕگەی ١٠.

(٣٨) هەمان سەرچاوە، بەشی یانزەم، بڕگەی ٤.

داننانی ئەرستۆ بە پێوستی بوونی خاوەندارێتی تایبەتی لە خزمەتی هاوڵاتییانی دەوڵەتە شار وەك دانانی خشتی سەرەکی بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنییە. چونکە بوونی ئەو خاوەندارێتییە لە پاڵ خاوەندارێتییەکان و کەرتە ئابوورییەکانی تر رەنگە پانتایەکی گرنگی ئازادی دروستبکات و پێداوستییە سەرەکییەکان بۆ ئەوان مسۆگەر دەکات، ئەمەش پێشنیارێکە زۆر نزیکە لەوەی کە ئێستا لە دەوڵەتە ئیسکەندەناڤییەکان پەیڕەو دەکرێت لە پێش هەمووشیان (سوید) کە سیستەمێکی ئابووری تێکەڵاوی دروستکردووە، کە بەهۆیەوە توانی بازدانێکی ئابووری مەزن و بیمەی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو بۆ هاوڵاتییەکانی دابین بکات، بەشێوەیەك دەوڵەت فەراهەمکردنی ئەو پێداویستییە سەرەکیی و گرنگ و گشتییانە لە ئەستۆ دەگرێت کە هەموو تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا پێویستیان پێی هەیە، وەك خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و پەروەردەیی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و گواستنەوە و گەیاندن و چەندانی تریش و دەستبەرکردنی زەمینەیەکی گونجاو بۆ کۆمەڵگای مەدەنی.

# بەشی دووەم

## قوتابخانەی پەیمانی کۆمەڵایەتی

لە راستیدا تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی، سەرەڕای ئەوەی کە برەوێکی زۆری هەبوو، لە چوارچێوەی هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەورووپی مۆدێرن، هەر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە، کەچی لە خۆیدا شتێکی تازە و داهێنراو نەبوو. چەندین بەڵگە هەن لەسەر ئەوەی کە ئەمە لای فەیلەسووفە کۆن و بیرمەندەکانی یۆنان هەبووە لە نموونەی دیمۆکراتیس (لە دەوربەری ٤٦٠-٣٧٠ پ ز) و ئەفلاتوون (٤٢٧-٣٤٧ پ ز)، ئەبیکۆر (٣٤١-٣٧٠ پ. ز)[٣٩]. هەریەکە لەوانە بە شێوەیەك لە شێوەکان قسەی لەبارەی ئەو باوەڕە کردووە کە لە رابردوودا (حاڵەتێکی سروشتی) هەبووە کە تیایدا تاکەکان بەو شێوەیە ژیاون کە پێیان باشبووە، هەروەها دواتر گرێبەستێکیان کردووە و بەمپێیەوە ئەو تاکانە دەسبەرداری هەندێك شت بوون، دوای سازشێکی هۆشیارانە، لەبارەی مومارەسانەی ئازادانە بۆ ویستەکانیان، لە بەرامبەر پاراستن و پارێزگاریکردن لە گیانیان.

---

(٣٩) بڕوانە: ارنست بارکر، النظرية السياسية عند اليونان، ترجمة: لويس اسكندر، سلسلة الالف كتاب (٥٦٦)، مؤسسة سجل العرب، القاهرة، ١٩٦٦، الجزء الاول، ص ٢٣١_٢٣٢. هەروەها بڕوانە: جورج سباين، تطور الفكر السياسى، الكتاب الاول، ترجمة، حسن جلال العروسي، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٦٣، ص ٣٧، هەروەها بڕوانە: م. روزنتال و ب يودين، الموسوعة الفلسفية، ترجمة: سمير كرم: دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٤، ل ٥٣٩.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە ئەو شێوازەی کە ئەو فەیلەسووف و بیرمەندە مۆدێرنانە پێشکەشیان کردووە، کە گرنگترینیان (هۆبز) و (لۆك) و (رۆسۆ)، واتە ئەو تێزەی لەبارەی پەیمانی کۆمەڵایەتی خستویانەتەڕوو، خەریکە هاوشێوە دەبێت لەرووی توخم و بنەما سەرەکییەکانی، هەریەکە لەوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە تاکەکانی مرۆڤایەتی بە دوو قۆناغی جیاواز تێپەڕیووە، یەکەم بریتییە لە (دۆخی سروشتی) کە تیایدا تاکەکانی مرۆڤ بەپێی ئارەزوو و هەوەسەکانی خۆیان ژیاون، بەبێ بەربەست و بەرپەرچێك، هەرچی قۆناغی دووەمە ئەوا بریتییە لە دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و توخمی جیاکەرەوەی نێوان هەردوو قۆناغ بریتییە لە ئەنجامدانی پەیمانێك.

جگە لەو رەگەزە سەرەکییانە، روانگەی ئەو فەیلەسووف و بیرمەندانە جیاوازە لەگەڵ یەکتر، ئینجا چ پەیوەست بێت بە هەڵسەنگاندنیان بۆ حاڵەتی سروشتی و دۆخی تاکەکان تیایدا، یاخود پەیوەست بێت بە سروشتی پەیمانی بەستراو و لایەنەکانی، یاخود پەیوەست بێت بەوەی کە ژیانی تاکەکان چی بەسەردا دێت دوای مۆرکردنی ئەو پەیمانە و پەیوەندی نێوان هەردوو بەرە پەیمانەکە چۆن دەبێت. ئەو ئامانجانە چین کە هەر بەرەیەکیان هەوڵدەدات دەستەبەری بکات. ئەو وردەکارییانە و چەندانی تریش، تیایدا بۆچونی فەیلەسووفەکان جیاوازە لێی، هەریەکەیان بەجیاواز لێی دەڕوانێت، لەگەڵ ئەو پاڵنەرانە دەگونجێت کە دەیجووڵێنێت، یاخود لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە هەوڵدەدات دەستەبەری بکات لەپشت خستنەڕووی تیۆرەکەی لەبارەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی ئاشنابوون لە هەڵوێستەکانی ئەو فەیلەسووف و وردەکارییانە، پێمباشە هەڵوەستەیەك بکەین لەسەر هەریەکەیان و رۆشنایی بخەینە سەر بۆچوونەکانیان لەمبارەیەوە، با سەرەتا بە قسەکردن لەبارەی تۆماس هۆبز دەستپێبکەین.

### ١. تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩)

بارودۆخ وای ویست کە فەیلەسوفی ئینگلیزی (تۆماس هۆبز) لە قەیرانێکی کوشندەی ژیانی وڵاتەکەیدا بژیت، کە بەرهەمی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و

کولتوورییه لە نێوان بەرە جیاوازەکان، هەرزوو جەنگی ناوخۆیی لێکەوتەوە، کاریگەرییە نێگەتیڤەکەشی لەسەر تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگای ئینگلیزی رەنگی دایەوە. هەر لەسەرەتای قەیرانەکە هۆبز خۆی بە بەرپرسیار بینییەوە، بەوپێیەی بیرمەندێکی نزیکە لە نێوەندە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان، بەوەی کە کۆششەکانی خۆی تەرخان بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخە کارەساتاوییە. چارەسەرکردنی ئەو بابەتەش لە دەرەنجامی ئەو کتێبانە بوو کە دایناون، لە نێویشیاندا بۆچوونەکانی لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکان و دەرچوون لەم قەیرانە.

یەکەمجار کتێبی (The Principle of Law & Political) (پرەنسیپەکانی یاسای سروشتی و سیاسی) (ساڵی ١٦٤٠)، تیایدا هەوڵیدا پێویستی بۆ سەروەرییەکی دابەشنەبوو بسەلمێنێت، هەروەها ئەوە بسەلمێنێت کە هێز و ماف بەشێوەیەك بەیەکەوە گرێدراون کە ناکرێت لە دەسەڵات جیابکرێنەوە و لە کۆتاییشدا پەیوەستن بە پاشا. دواتر کتێبی (پرەنسیپە فەلسەفییەکانی تایبەت بە حکومەت و کۆمەڵگا) (ساڵی ١٦٤٣) نووسی، کە تیایدا هەوڵیدا مەبەستی سەرەکی لە دەسەڵاتی مەدەنی و مەودایەکەی بسەلمێنێت. دواتر مەزنترین و گرنگترین کتێبی خۆی نووسی، یاخود ئەوەی بە شاکارە مەزنەکەی ناوزەند دەکرێت، بەناونیشانی (Leviathan) (ئەژدیهاك) (١٦٥٠)[٤٠]. مرۆڤ لای هۆبز بە سکماك بوونەوەرێکی خۆپەرستە، بێزارە لە تێکەڵاوبوون لەگەڵ تاکەکانی تری مرۆڤایەتی، تەنها رەمەکە خۆپەرستەکانی دەیجووڵێنێت و هیچی ناوێت جگە لە دەستەبەرکردنی چێژ و بەختەوەری و مانەوەی خۆی. هەموو ئەو شتانەی ئەمە بۆ ئەوی دابین دەکەن، بۆ ئەو چاکەیە، هەموو ئەوانەشی رێگری لێدەکەن لە دەستەبەرکردنی ئەمە ئەوا خراپەیە[٤١]. دۆخی سروشتی لای ئەو هەموو هەژاری و سەرگەردانی و کوێرەوەرییە، ئەمە حاڵەتی جەنگی بەردەوامە و تیایدا مرۆڤ دەبێتە

---

(٤٠) نبیل عبدالحمید عبدالجبار، النظریة الاخلاقیة عن هوبز، رسالة ماجستیر غیر منشورة، مقدمة الی مجل کلیة الاداب، جامعة بغداد لنیل درجة الماجستیر فی الفلسقف/ ١٩٧٦ لە لا ٣٤-٣٥ بۆ لا ٤٣.

41- Thomas Hobbes, The Leviathan med. By: John Plamenatz. The Fant and Library, 1862, P, 123.

(گورگ بۆ برا مرۆڤەکەی)، مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا دەژیا، کە (مافی تەواوی پێدەبەخشێت لە مومارەسەکردنی توانا کەسییەکانی لە پێناو پاراستنی سروشتە تایبەتەکەی، یاخود بە گوزارشتێکی تر لە پێناو پاراستنی ژیانە تایبەتەکەی) [٤٢].

هیچ دیسپلین و بەربەستێك نییە ئەو مافە بەرپەرچ بداتەوە، دۆخی سروشتییە، دۆخێکە تیایدا رۆڵی عەقڵی تێدا نییە، توخمێکی سەرەکییە کە تاکەکان پەنای بۆ دەبەن لە یەکلاییکردنەوە کاروبار و بەرژەوەندییەکان.

دۆخی سروشتی، دۆخێکی خەیاڵییە، وێنای ئەو حاڵەتەمان بۆ دەکات کە حاڵەتی مرۆڤی تێدا دەبێت ئەگەربێت و کاریگەری دەسەڵات و یاسا و دیسپلینەکانی لە ژیانیاندا نەبێت، هەروەها ئەگەر بە سەربەخۆیی بەجێبهێڵرێن بۆ وەڵامدانەوەی ئارەزوو و هەڵچوون و مسۆگەرکردنی مافە سروشتییەکانیان. لەژێر سایەی ئەو دۆخەدا هیچ شتێك زۆردار، یاخود ستەمکار نابێت. چەمکەکانی (ماف) و (ناڕەوا) و (داد) و (ستەم)، هیچ شوێنێکیان نییە لەژێر سایەی ئەو دۆخەدا، (کە تیایدا دەسەڵاتێکی گشتی بوونی نییە، یاسایەك بوونی نییە، لەهەر شوێنێك یاسا نەبێت ئەوا ستەمیش نابێت)[٤٣].

لە بەرامبەر هەموو ئەو شتانە، ئەوا هیچ دەروازەیەك لەبەردەم مرۆڤدا نابێت تەنها هەوڵدان نەبێت، بەهەموو ئامرازێک لە پێناو دانانی سنوورێك بۆ ئەو دۆخە خراپە، رزگاربوون لێی، بەمەش عەقڵ رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دەستەبەرکردنی رزگاربوون کە بریتییە لە هەوڵدانی هەموو مرۆڤەکان هەوڵدەدەن لە پێناو سەپاندنی ئاشتی و ئاسایش و ئارامی، لەم بوارەشدا رۆڵی عەقل سەرەکی دەبێت لە (رێکخستن)، هەروەها توانا رێکخەرییەکانی بەکاردەهێنێت لە پێناو هەوڵی مرۆڤ بۆ ئاسایش و ئارامی و ئارەزووویان لە ژیانێکی چالاکتر و بەسوودتر، بەکردەییش دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی ئەوەی کە هەوڵی بۆ دەدەن بەبێ ترس. وەبەرهێنانی توانا ریچکخەرییەکان لەلایەن عەقڵەوە لەسەر شێوەی (رێساکان) و (یاسا) دیاریکراوەکان خۆی بەسەر مرۆڤەکان دەسەپێنێت و پاڵیان پێوەدەنێت بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ ژیان و پەیوەندییەکان لەسۆنگەی ئەمەوە.

---

42- Ibid. P. 128.
43- Ibid. PP. 144_145.

ئەمەش ئەو یاسایانەن کە لە بنەمادا هۆبز پێیان دەڵێ (یاسا سروشتییەکان)، یەکەم شت کە عەقڵ بەسەر مرۆڤ دەسەپەنێت بریتییە لە هەوڵی پێویست لە پێناو ئاشتی[٤٤].

لەریزی ئەو شتانەی کە عەقڵ دەیسەپێنێت (یاسای دووەمە) باس لەوە دەکات کە لەسەر مرۆڤ پێویستە ئامادە بێت (ئەوکاتەی مرۆڤەکان هەمان غەمیان هەیە، لە ئارەزوویان لە ئاشتی، بۆ بەرگریکردن لە خود، بەو هێندەی کە پێیوایە پێویستە)، بۆ دەستبەرداربوون لەم مافە لە تەواوی شتەکان، هەروەها دەبێت بە هەمان بڕ باوەر بە ئازادی بکات لە هەمبەر ئەوانیتر، کە یەکسانە بەوەی کە ئەوەی تر بۆی فەراهەم دەکات)[٤٥].

دەستەبەرداربوون لە ماف، بە بۆچوونی (هۆبز)، رەنگە رووبدات، بە دوو رێگە: (یان تەنها بە دەستبەرداربوون لێی، ئەمەش روودەدات ئەوکاتەی کە مرۆڤ بایەخ بەوەنادات کە ئەمە دەبێتە هۆی چی، یاخود سوودەکەی هەڵدەگەرێتەوە بە گوێزانەوەیەك، یاخود وەرچەرخانێك، ئەمەش ئەوکاتەی کە مرۆڤ سوورە لەسەر گەڕانەوەی سوودەکەی بۆ کەسێکی دیاریکراو، یاخود چەند کەسێکی دیاریکراو، ئەوکاتەی وەرچەرخانی مافەکان ئاڵوگۆڕ دەبێت، ئەوا لەو کاتەدا پێی دەگوترێت (پەیمان) (Contract))[٤٦].

هەرچۆنێك بێت ئەو رێگەیەی کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەستبەرداری مافەکانی خۆی بێت، مادام ئەو کارە ئەنجام دەدات ئەوا پابەند دەبێت، بەوەی کە رێگر نەبێت لە بەردەم ئەو کەسانەی کە مافەکانیان بۆ گواسترایەوە، یان ئەوانەی دەستبەرداری مافەکانیان بوونەوە بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن، (لەسەری پێویستە، بەڵکو ئەرکییەتی، کە ئەم کردە ویستوخوازە پووچەڵ نەکات، ئەو تەگەرە تێخستنەش بە ستەمێك، یاخود زۆرداریيەك دادەنرێت)[٤٧].

یاسای سێیەمیش کە پەیوەستە بە یاسی دووەم باس لەوە دەکا، یاخو ئەوە دەسەپێنێت کە (مرۆڤەکان دڵسۆز بن بۆ ئەو پەیمانەی کە بەستاویانە)، چونکە

---

44- Ibid. P.146.
45- Ibid. P.147.
46- Ibid. P.147-8.
47- Ibid. P. 147.

ئەگەر پابەست نەبن بەو پەیماننامەیە، ئەوا بێ سوود دەبێت، تەنها دەبێتە چەند قسەیەکی پووچ، ئەگەر رێککەوتن لە نێو مرۆڤەکان لەسەر دەستبەرداربوون لە تەواوی مافە رەهاکانیان لە تەواوی شتەکان، بێ جێبەجێکردن مایەوە، ئەوا هەر لە حاڵەتی جەنگدا دەبن بۆیە رێککەوتنەکەشیان هیچ سوودێکی نابێت)[٤٨].

بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان لەو حاڵەتی جەنگە بێزاربوون کە هیچی بۆ نەهێناون جگە لە خراپە نەبێت، ئەوا کۆبونەوە و رێککەوتن لەسەر دەستبەرداربوون لە مافەکانیان لە پێناو (پاشا)یەکی بەهێز و دەسەڵاتخواز کە ئاسایشییان بۆ دابیندەکات. هۆبز دەڵێت: (ئێمە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەین کە دەوڵەت دروست دەبێت ئەوکاتەی زۆرینە رێکدەکەوێت و پەیمان دەبەستێت، یاخود هەر تاکێك لەگەڵ تاکەکەی تر رێکدەکەون لەسەر ئەوەی دەستبەرداری مافە کەسییەکانیان بن بۆ کەسێك کە نوێنەرایەتییان دەکات، یاخود بۆ دەستەیەك لەبەرامبەر بەخشینی ئاشتی و ئاسایش پێیان)[٤٩].

پەیمانی بەستراو لە نێوان پاشا و دەستوپێوەندەکەی نییە، بەڵکو لە نێوان ئەو تاکانەیە کە بڕیاریان داوە پاشا بۆ خۆیان هەڵبژێرن، بۆیە ئەو پاشایە بەرەیەك نییە لە پەیمانەکە، بەپێی ئەمەشەوە ئەوا دەسەڵاتەکانی بە شێوەیەکی گشی ناچێتە ژێرباری هیچ دیاریکەرێك، یاخود دیسپلینگەلێك بەڵکو (رەهایە). ئەو فەرمانی بەسەر نادرێت بە هیچ یاسایەك، ئەو لەسەرووی تەواوی یاساکانە، ئەو ملکەچی هیچ لێپێچینەوەیەك، یاخود پرسیارکردن نابێتەوە لەهیچ بەرەیەك لەسەر هەرچییەك روودەدات.

هەروەها ئەو دەسەڵاتە رەهایەی کە ئەو پاشا رەهایە خاوەنییەتی، بەهۆی ئەو دەستبەداربوونەی تاکەکان دروستبووە لە تەواوی مافەکانیان، هەروەها ئەویان بە پاشا هەڵبژاردووە، بۆ ئەوەی ئەو ئاشتی و ئاسایشە دەستەبەر بکات کە هیوای بۆ دەخوازن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتە رەهاکانی لە (مافی خودایی) وەرنەگیراوە، بەوشێوەیەی کە لە ئەوروپادا باوبوو پێش ئەمە و لە سەدە ناوەڕاستەکانیش. هەر ئەمەیە مەبەستەکە، (ئەگەر گوزارشتەکە راست بێت) لەپشت (تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی لای تۆماس هۆبز)، ئەو ویستی

48- Ibid. P.156.
49- Ibid. P.228.

(چارەسەرێك) بۆ ئەو قەیرانە بدۆزێتەوە کە رووبەڕووی وڵاتەکەی دەهەژێنێت (جەنگی ناوخۆیی و گەشەسەندنی لێکجیابوونەوە)، بەبێ پشت بەستن بەو بەڵگانە کە لە یەکێك لە بەرەکانی ناکۆییەکە وەرگیرابێت، واتە بێ پشت بەستن بە (تیۆری مافی خودای) کە پشت بە بنەما ئایینیەکە دەبەستێت، بەڵکو تیۆرەکەی خۆی دانا لەبارەی دروستبوونی( کۆمەڵگای مەدەنی)، هەروەها لە پاساودانی دەسەڵاتی رەهای پاشا، ئەمەش لە سەر بنەمای بیرۆکەی پەیمان، کە لە دروستکراوی مرۆڤە، بەرەکان، یاخود ورتر هەردوو بەرە لە تاکەکانی مرۆڤن، پەیوەندی بە هیچ بەرەیەکی نا ئادەمیزاد و نامرۆیی نییە لە ئامادەکردنی پەیمان، یان گرێدانی

هزر و تێزەکانی هۆبز هیچ نییە جگە لە گوزارشتێك نەبێت لە ئارەزووەکانی چینی بۆرژوازی تازە دروستبوو، کە هیوای دروستکردنی رێگای گەشەسەندن و بووژانەوەی هەبووە، بۆئەوەی پێگەیەك داگیر بکات لە ژێر خۆر، لە میانەی پاڵپشتی (پاشایەتی رەهاوە)، کە هەوڵی دەدات بۆ یەکخستنی دەوڵەت و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، لە ململانێی لەدژی دەرەبەگایەتی کە دەیەوێت بەش بەشی بکات بە رێکخستنی لەسەر ئاستی ناوچە و میرنشینەکان کە پشت بە بەربەستە گومرکییەکانی نێوانیان دەبەستێت، ئەمەش رەنگە ببێتە هۆی دانانی بەربەست و رێگر لەبەردەم پرۆسەی گواستنەوەی ئەو کاڵا و سەرمایانەی کە بە دەروازەیەکی سەرەکی و پێویست دادەنرێت بۆ گەشەسەندنی چینی بۆرژوازی، هەروەك جێگیربوونی ئاسایش و سەقامگیری خەمی یەکەمی ئەو چینە بوو کە وەبەرهێنانی بۆ مسۆگەر دەکات، بەمپێیەش بۆ چالاکی و باڵابوون، بۆرژوازییەکان ئامادە نین سەرکەشی بە سامانەکانیان بکەن، ئەو هەوڵی وەبەرهێنان نادات لە ئامێزی کۆمەڵگایەك کە جەنگی بەردەوام پارچە پارچەی کردوو، هەموو ئەوانەش لە نەبوونی دەسەڵاتێکی گشتی مەدەنییە کە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری رێکدەخات.

## ٢. جۆن لۆك (١٧٠٤- ١٦٣٢) (John Locke)

هەرچی فەیلەسووفی ئینگلیزی جۆن لۆکە(١٦٣٢-١٧٠٤) ئەوا ئەوەی بۆ نووسرابوو کە لە تەمەنی لاویدا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئینگلیزی یەکەم ببینێت کە کرۆمویڵ سەرکردایەتی کرد (بە هێنانە خوارەوەی چارلزی یەکەم لە حوکم کۆتایی هات لە ساڵی ١٦٤٩).

دوای تەواوکردنی خوێندنی باڵای لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، پەیوەندی کرد بە (پارتی ئازادەکان) و لە ریزەکانی چالاکی ئەنجامدا، رەخنەگرتنی لە فەرمانڕەوای رەها و داڕووخانی هۆکارێك بوو لە وەرچەرخانی لۆك و هەندێکی تر لە بیرمەندەکان لە ئاراستەی تیۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی بە بەردەوامی گەشەی دەسەند، پێداویستییەکی زۆرهەبوو بۆ فەلسەفەیەك، بەمەش دەستکرا بە گەڕانێکی گشتگیر لە نەریتێکی دەستووری، هزرەکانی لۆکیش گوزارشت بوو لەم ئاراستانە(٥٠).

لۆك دەرکەوت لەمیانەی ئەو کارانەی کە ئەنجامیدا، رەنگە بەناوبانگترین ئەو بابەتە، یاخود ئەوەی کە زۆر پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت، کتێبیەکەی بێت بەناونیشانی (دوونامە دەربارەی حکومەت) کە لە ساڵی (١٦٩٠)بڵاویکردەوە(٥١). تیایدا باسی لە چەندنی بابەت کرد لە نێویشیاندا کۆمەڵگای مەدەنی و سەرهەڵدانی. لۆك شوێنپێی هۆبزی هەڵگرت لە گریمانەکردنی ئەوەی کە لەپێش ئەو کۆمەڵگایەدا دۆخێکی نارێکوپێك هەیە کە ئەو پێی گوت (دۆخی سروشتی)، کەچی ئەو جیاواز بوو لە هۆبز لە وەسفکردنی ئەو دۆخە و باری باو تیایدا و سروشتی مرۆڤ لەنێویدا، بە بۆچونی لۆك مرۆڤ گورگ، یاخود دڕندەیەکی برسی نییە، هێز و فێڵ دوو سیفەتی سەرەکی مرۆڤ نین(٥٢). (دۆخی سروشتی) حاڵەتی جەنگ نییە، یاخود ململانێ، یاخود ئاژاوە، یاخود شڵەژان نییە بەوشێوەی کە هۆبس وێنای دەکرد. بەڵکو حاڵەتێکە کە تیایدا ئازادی و یەکسانی و دڵنیایی و ئارامی هەیە، کەچی خەڵك تیایدا بە پابەندییە راستەقینەکان بەستراونەتەوە. لەمبارەیەوە لۆك دەڵێت: (حاڵەتی سروشتی یاسایەکی پابەندی هەیە کە حوکمی دەکات، بۆ ئەوەی هەمووان پابەندبن پێی، چونکە هەموو ئەوانەی رەچاوی دەکەن دەزانن، بەهۆی ئەوەی کە هەموویان یەکسان و سەربەخۆن، ئەوا نابێ هیچ کەسێك زیان بە ژیانی کەسێکی تر، یاخود تەندروستی، یاخود ئازادی، یاخود کەلوپەلەکانی بگەیەنێت، چونکە هەموو خەڵك لە دروستکراوی خودان کە

---

(٥٠) بڕوانە: جورج سباين، الكتاب الرابع، ترجمة: علي ابراهيم السيد، مصدر السابق، ص ٧٣٧.

51- Ernest Barker, (ed) Social Contract: Essays be Lock, Hume and Rousseau, Oxford University Press. 1958 introduction P. xviii.

52- John Lock, Two Treatises of Government, ed by: Peter :asle H (Cambridge University Press, 1967), sec 14.

هیچ سنوورێك بۆ حیكمەتی نییە، هەمویان خزمەتكاری گەورەی بەتوانان، لە فەرمانی ئەو هاتونەتە دونیا و كاروبارەكانی ئەو جێبەجێدەكەن، ئەوان موڵكی ئەون، لە دروستكراوی ئەون دروستكراون بە ویستی ئەو، نەك بە ویستی هیچ یەكێكی تر. توانای هاوشێوەی پێ بەخشیوون، هەموویان یەك كۆمەڵگا لەسروشت دابەشدەكەن، بۆیە پێویست ناكات لە نێوانمان هیچ جۆرە ملكەچییەك هەبێت كە رەنگە رێگامان پێبدات ئەویتر وێران بكەین، هەروەك ئەوەی كە دروستكرابین بۆ خزمەتكرنی مەبەستی كەسێكی تر هەروەك چۆن ئاژەڵ بۆ مرۆڤ دروستكراوە. هەموو كەسێك لە روانگەی پابەستییەوە، خۆی دەپارێزێت و دەستبەرداری شوێنپێی خۆی نابێت، كە دووری ناكاتەوە لەم شتە، پێویتسە لە هەمان روانگەوە بە هەموو تاوانیەكییەوە، واتەكان پاراستنی خودی خۆی ببێتە ململانێ لەگەڵ پاراستنی تەواوی نەژادەكەی، ئەویتر تالآن نەكات و ژیانی تێك بدات، یان وەك ئەوەی ببێتە پاراستنێك بۆ ژیانی خۆی، وەك ئازادی و تەندورستی و هەست و كەلوپەلەكانی)[٥٣]. ئەو كاتەی مرۆڤ لە دۆخی سروشتدا سەرپێچی یاسای سروشتی دەكات، ئەوا بەمەش (ئەوە رادەگەیەنێت كە ئەو بەپێی یاسایەكی تر دەژیت كە جیاوازە لە یاسای عەقل و دادپەروەری، كە ئەم پێودانگە خودا دایناوە لە پێناو كارەكانی مرۆڤ بۆ ئالوگۆڕی ئاسوودەییان، هەر بەپێی ئەمەشەوە، ئەو جۆرە مرۆڤە مەترسییەكە لەسەر تەواوی رەگەزی مرۆیی). لۆك پێیوایە كە لەم دۆخەدا، لەسەر هەموو مرۆڤێك پێویستە (بەگوێرەی ئەو مافەی كە خاوەنییەتی بۆ پارێزگاریكرن لە تەواوی رەگەزی مرۆیی بەرگری بكات، یاخود ئەگەر كارەكە پێویست بوو هەموو شتێك لەناو ببات كە رەنگە زیان بەوان بگەیەنێت، بەمپێیەش مافی خۆیەتی دەستدرێژكار سزا بدات، خۆشی بكات بە جێبەجێكاری یاسای سروشت) [٥٤]. لۆك باوەڕی وابوو كە ئەوەی دۆخی سروشت لە گۆمەڵگای مەدەنی جیادەكاتەوە نەبوونی فەرمانڕەوایەكی بە دەسەڵاتە.

لەسەر ئەو بنەمایە لۆك پێیوابوو دۆخی سروشتی دۆخی جەنگ نییە. لۆك بە وردی جیاوازی دەكات لە نێوان دۆخی جەنگ لە لایەك و دۆخی سروشت لەلایەكی

---

53- Sec, 6.
54- Sec, 8.

ترەوە و دەڵێت: (بەکارهێنانی هێز لە بەرامبەر مرۆڤ بەناڕەوا دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ، ئینجا چ فەرمانڕەوایەکی گشتی بوونی هەبێ، یاخود نەبێت)، لەوکاتەی کە بەیەکەوە ژیانی تاکەکانی فەرمان ڕەوایی بکات بەپێی عەقل بێت، بێ بوونی سەرۆکێکی گشتی لەسەر زەوی، دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەوەی فەرمانڕەواییان بکات لەنێویاندا، بە دیاریکراوییەوە ئەمەیە مەبەستی لە دۆخی سروشتی) [٥٥].

ئەمەش مانای ئەوەیە کە لۆك جیاوازی کردووە لە نێوان دۆخی سروشتی بەوەی کە بەتایبەتی بوونی دەسەڵات نییە، کەچی یاسای هەیە. بوونی ئەو یاسایە بەس نییە بۆ ئەوەی وابکا دۆخی سروشتی لەگەڵ ژیانی مرۆڤ و بەردەوامبوونی گونجاو بێت. چونکە مرۆڤ، لەهەر حاڵێکدا بێت، دروستنەکراوە بۆئەوەی بە گۆشەگیری و بە تەنهایی بژیت، بەڵکو ئەو حەزی لە کۆبوونەوەیە لەگەڵ مرۆڤەکانی تر و ژیانی هاوبەش لەگەڵیاندا. لێرەدا لۆك دەڵێت (پاش ئەوەی کە خوا مرۆڤی دروستکرد، بەشێوەیە هیچ چاکەیەك نابینێتەوە لە ژیان بە تەنهایی، بەهۆی کاریگەری پابەندییە بەهێزەکان کە سەرچاوەی گرتووە لە ناچاری و قەدەغەکردن و حەزی سروشتی، ئەوا وایلێکردووە تێکەڵ بێت لەگەڵ کۆمەڵگا، هەروەها کۆمەکی کردووە بە دەرککردن و زمان بۆ ئەوەی بواری بۆ بڕەخسێت بەردەوام بێت لە پەیوەندی بەستان بە کۆمەڵگا و چێژ وەربگرێت لە بوونی لە تەك تاکەکان، دروستبوونی یەکەم کۆبوونەوەش لە هەردوو هاوسەر پێکدێت، لەگەڵ ئەویشدا کۆبوونەوەی باوك و منداڵەکان دروستبوو، دواتر بە ڕۆیشتنی کات کۆبوونەوەی سەروەر و خزمەتکاری بەدواوە دێت)[٥٦].

بەمشێوەیە لە دۆخی سروشتیدا چەندین کۆبوونەوەی سروشتی هەبوو، کەچی خێزان سیفەتی کۆمەڵگای سیاسی پێوە دیارنەبوو، ئەمەش دەستەبەر نابێت تەنها ئەوکاتە نەبێت کە هەموو تاکەکان دەستبەرداری ئەوە دەبن کە هەیانبوو لە حاڵەتی سروشتی لە دەسەڵات و هێز و ئەوانەش بەکاربهێنێت لە خزمەتی لە خود و کەلوپەلەکانی، کاروبارەکەشی دەخاتە ئەستۆی کۆمەڵگا. لە حاڵەتی کۆمەڵگا مەدەنیدا یاسایەکی گشتی دادەنرێت و

---

55- Sec, 19.
56- Sec, 77.

دەسەڵاتێکی دادوەری دروستدەکرێت لە پێناو راپەڕاندنی ئەرکی یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان و سزای دەستدرێژکاراکان، ئەمەش ئەو ئەرکەیە کە لە دۆخی سروشتدا لە ئەستۆی چەند تاکێکە بە سیفەتێکی کەسی(٥٧).

یەکەم بڕیار دوای ئەوەی کە مرۆڤەکان بە هاوبەشی بڕیاریاندا لەسەر پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی، بریتییە لە دامەزراندنی دەسەڵاتی یاسادانان، ئەمەش (نەك تەنها بەرزترین دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بێت، بەڵکو بە دەسەڵاتگەلێکی پیرۆز دادەنرێت و بەهیچ شێوەیەك ناکرێت بگۆڕێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگا ئەو ئەرکەیان پێدەسپێرێت)(٥٨).

ئەوەی جێگای تێبینییە کە لۆك خۆی دورردەخاتەوە لە بەکارهێنانی گوزارشتی (ئەمیر، یاخود پاشا) کە هۆبز بەکاریهێناوە، دەسەڵاتی باڵاش، کە ئاماژەی بۆ دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە ستەمکار بێت بە شێوەیەکی رەها لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ژیانی خەڵك و کەلوپەلەکانیان)، ئەمە لەوە زیاتر نییە (کە یەك دەسەڵات نییە بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا کە بەم کەسە بەخشراوە (یاخود کۆمەڵێك کەس) کە بە یاسادانەر دادەنرێت)، هەر کەسێك دەسەڵاتێکی ستەمکاری رەهای هەبێت بە کاریدەهێنت لە دەسەڵاتگرتن بەسەر خۆی، یاخود بەسەر خودێك، یاخود هەر کەسێکی تر، ئینجا چ لە پێناو وێرانکردنی ژیانی خۆی بێت، یاخود وێرانکردنی ژیان و کەلوپەلەکانی کەسێکی تر بێت، دەسەڵاتی یاسایی (تەرخانکراوە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی تەواوی کۆمەڵگا، هەروەك لەسەریشی پێویستە رەچاوی بەندەکانی یاسای سروشتی بکات)(٥٩).

پەیمانی کۆمەڵایەتی واژووکراوی نێوان هەردوو بەرە لەلایەك و حکومەت لەلایەکی ترەوەیە وەك دەستپێشخەرییەکی لەخۆوەیە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای سیاسی لە پێناو دروستکردنی رێکخستنێك کە بتوانێت یاسا پراکتیزە بکات لە پێناو

57- Sec, 87.
58- Sec, 134.
59- Sec, 96.

پاراستن و پەرەپێدانی ماف و ئازادییە سەرەکییەکانی هاوڵاتییان، پەیمان دۆخی ئەو کۆبوونەوە مرۆییە ڕێکخراوە دێنێتەدی کە لە میانەیەوە هێزی بەکۆمەڵ بەکاردەهێنرێت بۆ پراکتیزەکردنی یاساکانی سروشت[٦٠].

زۆرینەی خەڵك کۆکبوون لەسەر ئەوەی کە ملکەچبن بۆ دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراو و پابەند بۆ پاراستنی مافە سەرەکییەکانیان، ئەو دەسەڵاتەش بریتییە لە دەسەڵاتی دەوڵەت، کۆمەڵگاش ناچارە ملکەچی ئەو دەسەڵاتە بێت مادام پابەند بێت بە بڕگەکانی ڕێکەوتنەکە و بەپێی ویستی زۆرینەی کۆمەڵایەتی ڕەفتار دەکات[٦١]. ئەمەش مانای ئەوەیە کە حکومەت، یاخود دەوڵەت پابەستە بە مسۆگەرکردنی مافەکانی تەواوی هاوڵاتیان[٦٢].

ئەگەر بێتو حکومەت پێشێلی بڕگەکانی پەیمانە واژووکراوەکەی نێوان هەردوو بەرەی کرد، ئەوا پەیمانەکەی هەڵدەوشێنێتەوە، مافی گەلە لاییبات و زەمینەیەك خۆشبکات بۆ هێنانە کایەی حکومەتێکی تر کە زیاتر پابەندە بە پاراستن و ڕێزگرتن لە مافەکانی. ئەو هزرانەی لۆك گوزارشتە لە کۆششە سەرکەوتووەکانی چینی بۆرژوازییەت بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژییەکەی و فەراهەمکردنی کەشێکی پێویست بۆ ئامادەکردنی جەماوەر لە پێناو ئەنجامدانی جەنگی یەکلاییەکەرەوە لەدژی سیستەمی دەرەبەگایەتی دوای مەزنبوونی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی، لەبەرامبەریشدا سیستەمی دەرەبەگایەتی چووە ناو قۆناغی ئاوابوون دوای ئەوەی کە بنەما کۆمەڵایەتییەکەی تەسکبۆوە، بەمپێیەش دەسەڵاتی سیاسی کەمبۆوە، بەمەش ئەو بنەمایەی کە دەسەڵاتی ڕەهای لەسەر دروستبووبوو لەرزی، دوای ئەوەی کە هێزی بەرهەمهێنان چەندین هەنگاوی گرنگی بڕی لە پەرەسەندن، هەروەها بۆرژوازییەت دەسەڵاتی بەهێزتر بوو، لەگەڵیشیدا چینە میللییەکان پێگە کۆمەلایەتی و سیاسییەکەیان بەهێز بوو لە هەوڵدانیان بۆ لەناوبردنی هەموو پەیوەندییەکان و

---

60- Sec, 124-5.
61- Sec, 135.
62- Sec, 135.

نەهێشتنی ئەو بەربەستانەی کە رەنگە ببێتە هۆی سنووردارکردنی ئازادی و مافەکانیان.

ئەو وێناکردنە تازانە لەبارەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت وای کرد لۆك نازناوی فەیلەسووفی چینی ناوەند وەربگرێت کە لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی تێدەکۆشا.

### ٣. جان جاك رۆسۆ

رۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨) لە بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کەوتە ژێرکاریگەری ئەو بارودۆخە تایبەتەی کە لەدەوری ئەودا هەبوو هەر لە لەدایکبوونەوە بۆ پەروەردەکردنی، چونکە ئەو لە (دەوڵەت-شار) لە دایکبووە: ئەویش شاری جنێفی سویسرییە کە لەخۆیدا دەوڵەت شارێکی پێکدەهێنا، یاخود کۆمارێك بوو کە خۆی حوکمی خۆی دەکرد، تیایدا یاسادانان بە هاوبەشیکردنی نێوانیان سەرجەم دانیشتووانی دەنووسراوە، واتە لە کەشێکی دیموکراسییانە.

ئەم دۆخەش وایلێکرد وێنای کۆمەڵگایەکی نموونەیی بکات لەسەر شێوە کۆماری ئەفلاتوون، کە یاسا ئەخلاقییەکان حوکمی دەکەن و تەواوی هاوڵاتییان لە دانانی یاساکان بەشداری دەکەن بەیەکسانی[٦٣].

کەواتە رۆسۆ لە بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز لەو بارودۆخە ژیا کە هەریەکە لە هۆبز و لۆك تێیدا ژیان، بۆیە هزر و تێزەکانی لەروانگەیەکی جیاوازە نووسراوەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە رۆسۆ هاوچەرخی لۆك بوو و ئاگاداری نووسینەکانیشی بوو، بەمپێیەش کەوتە ژێر کاریگەری هەندێك بۆچوونی، بەتایبەتی رێبازەکەی لە تاکگەرایی، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە، ئەوەیە کە رۆسۆ هەوڵێداوە (هەرچەندە تەمەنی زۆرتر دەبوو و لەڕووی هزرییەوە پێگەیشتووتر دەبوو) لەم کاریگەرییە رزگاری بێت، بەمەش رێبازێکی بەکۆمەڵی لەبارەی کۆمەڵگا و دەوڵەت دارشت

---

(٦٣) د. عبدالرحمن بدوي، فلسفة رالقانون و السياسة ع هيغل، دار الشروق، بيروت، ١٩٩٦، ص ص ١٦٤-٥.

هەندێك لە لێكۆڵەرەوەكان ئەو وەرچەرخانەیان لە هزری رۆسۆ بۆ زیادبوونی كاریگەری ئەفلاتون بەسەر ئەودا گەڕاندنەوە، چونكە ئەوە روونە كە ئەو پێش ئەوەی دەست نووسینی كتێبی پەیمانی كۆمەڵایەتی بكات خەریكی خوێندنەوە نووسینەكانی ئەفلاتوون بوو بەتایبەتی: (كۆمار) و (یاساكان) و (سیاسەت) (٦٤).

كتێبی یەكەم (واتە كۆمار) كاریگەرییەكی قووڵی لەسەر بیركردنەوە رۆسۆ هەبوو، ئەمەش بەشێوەیەكی روون لەو بۆچوون و روانگانە بەدەركەوت كە لە كتێبی پەیمانی كۆمەڵایەتی پێشكەشی كرد، كە بەشێوەیەكی تایبەت پشتیان پێدەبەستم لە پوختەكردنی وێناكانی لەبارەی پەیمانی كۆمەڵایەتی، دواتریش دەرخستنی بەشدارییەكانی لە گەڵاڵەكردنی چەمكی كۆمەڵگا مەدەنی.

لە راستیدا خستنەرووی رۆسۆ تەنها بەسەر بۆچوونەكانی لۆك كورتنەبۆوە، بەڵكو بۆچوونەكانی هۆبزیش بوو لە خۆدەگرێت، بەتایبەتی بۆچوونەكەی لەبارەی سروشتی مرۆڤایەتی، بە بۆچوونی رۆسۆ، هۆبز كە زیاتر بایەخ بەوە دەدات كە هەیە و ئەوەی كە روویداوە زیاتر لەوەی كە بایەخ بەوە بدات كە دەبێت هەبێت، بەهۆی ئەوەی هەموو تاكەكانی مرۆڤایەتی تكا دەكەن ئاسایشی هەمیشەییانە هەبێت، ئەوا پێویستیان بە دەسەڵاتێكی بەهێز هەیە كە رێگا دەكرێت لە مرۆڤ ببێتە گورگێك بۆ مرۆڤە براكەی.

رۆسۆ پێیوایە كە ئەمە لەخۆگری هەڵەكەیە، چونكە بە ئاسانی لە پێشەكییەك دەسپێدەكات كە دڵنیا و جێگیر نییە، چونكە ئەو وەسفەی كە هۆبز لێیەوە دەستی پێكردووە بۆ سروشتی مرۆیی، نوێنەرایەتی سروشتی راستەقینەی مرۆڤایەتی ناكات بە شێوەیەكی گشتی، بەڵكو نموونەیەكی مرۆڤ دەنوێنێت لە چوارچێوەی بارودۆخێكی دیاریكراودا، كە تیایدا رەفتارێك ئەنجامدەدەن لەژێر كاریگەری فاكتەرگەلێكی دیاریكراودا (٦٥). لەلایەكی ترەوە

---

(٦٤) ارنست باكر، النظرية السياسية عند اليونان، ترجمة لويس اسكندر، مؤسسة سجل العرب، القاهرة، ١٩٦٦، ج ٢، الحق، ص ٣٨.

(٦٥) جان جاك روسو، فی العقد الاجتماعي، ترجمة، ذوقان قرقوط، دار القلم، بيروت، ١٩٧٣، ص ص ٣٧-٤٣.

سیاسەت بە بۆچونی ڕۆسۆ نە سروشت نە بەرژەوەندی نە هێز و نە دیفاکتۆ پاساوی نادات. بە بۆچوونی ئەویێش هەموو شتێك (ئاكارێكە) و مەبەستە سەرەكییەكەی: ئامادەكردنی مرۆڤە، كە دەبێتە ویست و عەقل و ویژدان نەك تەنها پێداویستییەك و ئارەزوویەك. لەهەمبەر ئەمەوە، دەبینین رۆسۆ لە وێنایەكی جیاواز دەستپێدەكات لەبارەی مرۆڤ و رەفتارە سروشتییەكەی، بە بۆچوونی ئەو مرۆڤ چاك و باشە بە سروشتی خۆی.

ئەو حاڵەتە سروشتەی كە رۆسۆ وێنای كرد تیادا مرۆڤایەتی تێیدا دەژیت، لە سەرەتادا هەموو تاكێك بە تەنها بۆ خۆی بوو، تیایدا مرۆڤ هاوشێوەی گیانداریكی هێمن بوو، كە تیایدا پێداویستییەكی كەم دەیانجولاَند، كە دابەشنەكرابوو، بەبێ زۆر لێكردن، لە كۆتاییشدا بە ختیار بوو، كە تەنها پەیوەستە بوو بە ئێستا. لەم بارودۆخەدا مرۆڤەكان ناچاربوون بۆ دەستبەرداربوون لە تاكگەری و كۆبوونەوە لەگەڵ ئەوانیتر، واتە ئەوكاتە یەكەم شێوەی كۆبونەی مرۆیی دروستبوو ئەمەش چەندان پێداویستییەكانی مرۆڤ لێكەوتەوە، لەوكاتەی كە ناكرێت بە تەنها بۆی دڵسۆز بێت. ئەمەش زیاتر و زیاتر لاواز و سەرقاڵی كرد و ئازادییەكەی زیاتر و زیاتر تەسكتر كرد، بەپێی ئەمەوە و بەسووربوونی ئەو بۆ مانەوە، هیچ پەناگەیەك نابینێتەوە جگە لە راهاتن لەسەر قایلبوون و ملكەچی، یاخود كاردەكات بۆ ئەوەی خۆی بسەپێنێت. ئەمەش مانای ئەوەیە كە ژیان شڵەژان و قەیران بەخۆوە دەبینێت. چەند خەڵكێكی بەهێز هەن كە باڵادەستی خۆیان دەسەپێنن، بەدوای ئارەزوویان لە خاوەندارێتی و دەستبەسەرداگرتن دەڕۆن،بەرامبەر دەركردن بە لاوازی تواناكانیان هیچییان نییە تەنیا گوێڕایەڵی و ملكەچی نەبێت(٦٦).

لەگەڵ سەرهەڵدانی خاوەندارێتی خانووبەرە، مرۆڤ هەنگاوە سەرەتاكانی خۆی دەستپێكرد بەرەو داڕووخان، رۆسۆ دەڵێت: (یەكەم كەس زەوی پەرژین كرد و گوتی ئەوە موڵكی منە، خەڵكێكی بینی كە هێندەی ئەوە سادەبوون باوەڕی پێبكەن، ئەوا ئەو دامەزرێنەری سەرەكی كۆمەڵگای مەدەنی، لە چەندین تاوانی جەنگ و رەشەكوژی و كارەسات و تۆقاندنی رەگەزی مرۆیی رزگاری دەكرد، ئەوەی كە هەوڵی لابردنی سنگەكانی بدابوایە كە كەلێنی نێوان زەوییەك و یەكێكی تر پڕكردایەتەوە)،

(٦٦) بیر بورجلان، مقدمة كتاب (العقد الاجتماعي) لروسو، لا ١٥-١٦.

هاواری کردبایە لەڕووی هاوچەشنەکانی بیوتایە: وریابن گوێ بۆ ئەو فێڵبازە ڕانەدێرن، ئەگینا چارەنووستان بەرەو نەمان دەچێت دوای ئەوەی کە ئەوەتان لەیادچوو کە بەرهەم بۆ هەموو کەسێك و زەویش تەنها بۆ کەسێك نییە). [٦٧].

بۆ ڕزگاربوون لەم حاڵەتە خراپە، خەڵك یەکیان گرت و لەنێو خۆیاندا ڕێکەوتنێکیان ئەنجامدا، کە لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دروستبوو، ئەگەر هاتوو ئەو ڕێکەوتنە لەسەر ئەو بنەمایە نەبوایە، ئەوا کۆمەڵگا سەری هەڵنەدەدا (تەنها لەسەر بنەمای ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشە، دەبێت کۆمەڵگا حوکم بکرێت) [٦٨].

بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی لای ڕۆسۆ لەسەر ئەو گریمانە دروستبووە کە دەڵێت مرۆڤ ڕووبەڕووی ژیانی سروشتی و نێوەندە دەبێتەوە بە تەنها، ئەو کارەش گەیاندییە ئەو ئاستەی کە گران بێت بەسەر ئەو ئەستانگانە زاڵ بێت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و بوونی دەخاتە ژێر هەڕەشەوە، بەمەش مرۆڤەکان ناچاربوون کۆششەکانیان ڕێکبخەن و کۆیبکەنەوە و ئامانجێکی هاوبەش بیانجووڵێنێت، لێرەوەیە (جۆریك لە یەکێتی دروستبوو کە بەرگری لەهەموو هێزێکی هاوبەش دەکات و دەیپارێزێت، لەگەڵ هەموو بەشداربوویەك و کەلوپەلەکانی، هەر تاکێك لەگەڵ کۆ یەکدەگرێت، بەڵام ئەو تەنها گوێڕایەڵی خۆی دەکات و وەك پێشوو ئازاد دەمێنێتەوە)[٦٩].

مەرجەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی لەوە کورتدەبێتەوە کە هەموو کەسێك خۆی بخاتە ژێر دەسەڵاتی (ویستی گشتی) و تاکیش کە خۆی تەرخاندەکات بۆ گشت، هەموو مافەکانی دەخاتە ژێر دەستی کۆمەڵگا، لە کۆتایشدا تەنها خۆی بۆ هیچ کەسێك تەرخان ناکات، ڕۆسۆ دەڵێت: (هەریەك لەئێمە بەشداری دەکات لە کۆمەڵگا بە کەسی خۆی و بە

---

(٦٧) جان جاك روسو، الاعمال الكاملة_السياسة_١٧٨٨-١٧٩٣، ص ١١٦، نقلا عن ف، فولغين، فلسفة الانوار، ترجمة: هنربيت عبود، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، ١٩٧٣، ص ٢٠١.

(٦٨). جان جاك روسو، العقد الاجتماعى، ترجمة، مصدر سابق، لا ٦٣.

(٦٩) هەمان سەرچاوە، لا ٤٨-٤٩.

هەموو توانایەکیەوە دەچێتە ژێر باری ویستێکی گشتی، ئەمەش لەسەر شێوەی دەستەیەك، کە هەموو ئەندامێك بەشێکی جیانەکراوەیە لە گشت)[٧٠].

پەیمان لە خۆگری دەستەبەرداربوونی خەڵکە لە مافەکانیان نەك بۆ کەسێکی دیاریکراو، بەڵکو بۆ هەموو: کۆمەڵە خەڵکێکی پەیمان بەستوو، بەمەش لای پەیمان بەستووەکانی (ویستی گشتی) گوزارشتە لە سەروەری و سیماکانی، ئەو سەروەرییەش، سەروەری کۆمەڵە و ناکرێت بۆ هیچ کەسێك بگوازرێتەوە، چونکە ویستێکی گشتییە، ویستیش نە دەگوزارێتەوە و نە لە ناودەبرێت. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە (کۆ) کەسێکی راستەقینە نییە، لە تواناشیدا نییە بە شێوەیەکی راستەوخۆ مومارەسەی دەسەڵات بکات، بەمەش کەسێکی راستەقینە (یاخود چەند کەسێك) مومارەسەی دەسەڵات دەکات بەناوی کۆمەڵ.

بەمشێوەیە ئەوانەی کە دەسەڵاتی کۆ و ویستی گەل جێبەجێ دەکەن، ئەوان خزمەتکارن، گەلیش دەتوانێت هەرکاتێك بیەوێت لەسەر حوکمیان لابەرێت، چونکە ئەوان بەرەیەك نەبوون لە پەیمان لەلایەك، هەروەها ئەوان دەسەڵات و سەروەریان نییە لەخۆیاندا لەلایەکی ترەوە، دەسەڵات و سەروەری تەنها بۆ گەلە.

تیۆری رۆسۆ لەبارەی (سەروەری) ئەو بنەمایەیە کە پەیمانی کۆمەڵایەتی لەسەری بونیادنراوە، بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە باسمان کرد سەروەری ناکرێت بەشبەشبکرێت و بگوزارێتەوە، چونکە یان گشتی دەبێت کە نوێنەرایەتی توێژێکی زۆر فراوان دەکات، واتە زۆرینەی خەڵك، بە یاسایەك گوزارشی لێدەکرێت کە بەرجەستەکەری ویستی گشتییە و گوزارشتە لە دیموکراسی راستەقینە، یاخود نابێت، لەو حاڵەتەی کە گوزارشت لە ویستی تایبەتی تاکەکەسێك دەکات، ئەوا نوێنەرایەتی گەل ناکات بەڵکو نوێنەرایەتی کەمینەیەك دەکات، هەر یاسایەك نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کەمینەیەك بکات یاسایەکی ستەمکار و چەوسێنەرە، سەروەری جیانابێتەوە لە خودی ئەو هۆکارەی کە وای لێدەکات نەکرێت دەستبەرداری ببین. چونکە ویست گشتی دەبێت، یاخود وەها نابێت، ئەمە ویستی دەستەی تەواوی گەلە، یاخود تەنها ویستی بەشێکە. لە حاڵەتی یەکەمدا ئەو ویستە راگەیاندراوە کارێك دەبێت لە کارەکانی سەروەری و یاساییش

---

(٧٠) هەمان سەرچاوە، لا ٥٠.

دەبێت، هەرچی دووەمە ئەوا تەنها ویستێکی تایبەت دەبێت یاخود کارێك دەبێت لە کارەکانی دادگا، ئەمەش لە فەرمانێك تێناپەڕێت)[٧١].

بە هۆی پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە مرۆڤ ئازادی و هەموو ئەو شتانە لە دەستدەدات کە هانی دەدات و دەتوانێت پێی بگات. ئەوەی کە بەر دەستی دەهێنێت لەبەرامبەردا ئازادی مەدەنی و مافی خاوەندارێتی هەموو ئەو شتانەیە کە هەیەتی، هەروەها مرۆڤ ئازادی مەعنەوی بەدەستدەهێنێت، ئەمەش وادەکات ببێتە خاوەن خودی خۆی بێت، چونکە ملکەچبوون و کەوتنە ژێرباری تامەزرۆیی کۆیلەییە و ملکەچبوون بۆ ئەو یاسایەی کە مرۆڤ داینا‌وە و پابەندبووە پێیەوە (واتە ئازادی)[٧٢].

رۆسۆ دژایەتی بوونی حیزب دەکات چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی ویستی بە کۆمەڵ لە نێو ویستی گشتیدا، بەمەش پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان تاك و ویستی گشتی تێکدەکات، بەمپێیەش بەرهەمی ویستی گشتی تێکدەدات[٧٣].

هەروەك رۆسۆ دابەشکردنی لۆك بۆ دەسەڵاتەکان بۆ یاسادانان و جێبەجێکردن و فیدراڵی رەتدەکاتەوە، چونکە دەسەڵاتی سەروەری لەدیدی ئەو یەك شتە و ناکرێت دابەش بکرێت، کە ئەمەش تەنیا موڵکی گەلە، کە کەس جگە لەو سەروەری نییە[٧٤].

دەکرێت بڵێین رۆسۆ تیۆرەکەی لەبارەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە بەشێوەیەکی جیاواز لە هەریەکە لە هۆبز و لۆك، ئەندامەکانی مرۆڤایەتی بە سروشت خراپ، یاخود شەڕانگێز نین، پەیوەندییەکانی نێوانیشیان لە حاڵەتی سروشتیدا لە خۆگری دوژمنایەتی و ناکۆکی نییە، کەچی ئەوان شایستەی چاکبوونن، واتە باشتر بن لەوەی کە هەن، ئەمەش پێویستە ئەنجام بدرێت بە هۆکار و کردەی کۆمەڵگا. کەچی کۆمەڵگا لە خۆیدا بەسەر ئەنجامدانی ئەو کارە کورت دەبێتەوە، مادام رێکخستن و عەقلانییەت و سەروەری یاسای

---

(٧١) سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٥.

(٧٢) سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٥-٥٦.

(٧٣) سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٩.

(٧٤) سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٥.

تێدا نەبێت. لێرەوە رۆسۆ رەگەزی پەیمانی کۆمەڵایەتی دەهێنێتە ژوورەوەوە کە بەسە بۆ دەستەبەرکردنی گۆڕینی ئەوەی کۆمەڵگای سروشتی بۆ کۆمەڵگا مەدەنی بگۆڕێت، بە شێوەیەك دەوڵەت هەڵدەستێت بە پەروەردەکردنی هاوڵاتییان لە پێناو ئەوەی کە وابکات کۆمەڵگایەکی دادپەروەر دروستبکەن کە هیچ چەوساندنەوەیەکی تێدا نەبێت، هەموو تاکێکیش دەنگی هەبێت لە بڕیاردان لەسەر ویستی گشتی، پشکێکیشی هەبێت لە دانانی ئەو یاسایەی کە گوزراشتە لە ویستی گشتی.

مانای ئەمەش ئەوەیە کە رۆسۆ جەختی لەسەر دیموکراسی کردۆتەوە، یاخود وردتر باوەڕی بەوە هەبوو کە دیموکراسی رێگایەکی تۆکمەیە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی بانگەشە بۆکراو.

دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر دەوڵەت پێویست دەکات مرۆڤ (بە پێی گوزارشتی رۆسۆ) مرۆڤ لە (لە ئاژەڵێکی گەمژەی زیرەکی سنووردار بۆ بونەوەرێکی زیرەك و بۆ مرۆڤ)(٧٥) بگوازێتەوە، واتە بە گوزارشتێکی تر، کاربکات بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ و گەشەپێدانی هەستی ئەخلاقی لای ئەو، لە جیاتی ئەوەی کە رەمەك و تامەزرۆیی بیجوولێنێت، دەوڵەت کاربکا بۆ ئەوەی رەمەك بە دادپەروەری بگۆڕێت، هەروەها تامەزرۆیی بە یاسا بگۆڕێت بەپێی ئەمەش کردەکانی مرۆڤ بەڵکو تەواوی تاکەکانی مۆرکێکی ئەخلاقی وەربگرێت(٧٦).

لە راستیدا هەردوو تیۆری رۆسۆ لەبارەی سەروەری گەل و رەتکردنەوەی هەر مافێکی جێگیری سپێردراوە بە حکومەت، لە راستیدا پاساوێکی رازیکاری پێشکەش کرد بۆ جۆرێك لە رێبازی شۆڕشی بەردەوام، کە زۆر گونجاو بوو لەگەڵ ئامانجەکانی پارتێکی دیموکراسی رادیکاڵی، رەنگە ئەمەش پەرۆشی بەهێزی پیاوانی شۆڕشی فەرەنسی بۆ بۆچونەکانی شیبکاتەوە، بە تایبەتی رۆبسپێر(٧٧) و پارتی یاکوبییەکان(٧٨). دواتر دەبینین کە ئەوانە

---

(٧٥) سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٥.

(٧٦) هەمان سەرچاوە، لا ٥٥-٥٦.

(٧٧) روبسبیر ماکمیان (١٧٥٨-١٧٩٤) سەرکردەیەکی دیاری شۆڕشی فەرەنسییە سەرکردەی یاکوبییەکان و سەرۆکی حکومەتی شۆڕشگێڕی (١٧٩٣-١٧٩٤). مارکس. انجلس. مختارات، دار التقدم، موسکو، بلا تاریخ، ص ٣٢٢.

کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتییان بە (ئینجیلی شۆڕش) دانا. بەمشێوەی ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ و هاوڵاتی لە ساڵی (١٧٨٩) لەسەر بنەمای هزری ڕۆسۆ لەبارەی سەروەری گەل بونیانرا، هەروەها مافی خۆیەتی بەدەستی بهێنێتەوە هەر کاتێك ویستی، بە تایبەتی ئەوکاتەی بۆی بەدەردەکەوێت کە فەرمانڕەوا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەمووان ناکات، بۆیە ئەو ڕێوشوێنەی گەل بە تەواوی بەڕەوا دادەنرێت[٧٩].

ڕەنگە ئەوەی زۆر بۆتە جێگای سەرنجی ڕۆسۆ ئەوەیە کە دیموکراسی نامومکینە پراکتیزە بکرێت، ئەو هەرگیز بوونی نەبووە و بوونیشی نابێت، گەل ناتوانێت بەردەوام کۆبێتەوە و سەرپەرشتی کاروبارە گشتییەکان بکات و مومارەسەی بکات، ئەمەش کارێکی خراپە جێبەجێکردنی بە گەل ببەخشرێت لەپاڵ یاسادانان، ئەگەر ئەو ئەرکەی مومارەسەی کرد، ئەوا لە مێشکیدا ئامانجە گشتییەکان بوونیان نامێنێت، لەسەر ئەو بنەمایەوە ڕۆسۆ پێیوابوو حکومەتی دیموکراسی لەگەڵ مرۆڤ ناگونجێت، بەڵکو لەگەڵ خوداوەندەکان دەگونجێت[٨٠].

ئێمە پێچەوانەی ئەوە دەبینینەوە کە ڕۆسۆ بۆی چووبوو، پێمانوایە بەهۆی ئەو خەباتە بەردەوامەی کە جەماوەرێکی فراوان ئەنجامیدەدەن و لە پێشەنگی هەمووشیان ڕۆشنبیرەکان، ئەوکاتە دێت کە تیادا ئاڵای دیموکراسی لە ئاسمانی گەردوون دەشەکێتەوە، سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی کە دەستبەرکردنی ئەو ئامانجە مەردە دووچاری دەبێتەوە، ئەمەش لە پێناو ئەو ئازادی و دادپەروەرییە کۆمەڵایەتییەی کە ڕۆسۆ خەونی پێوەبینی و بۆ دەستبەرکردنی کۆمەڵگایەك کە دوور بێت لەو شێواندنە کۆمەڵایەتییەی کە رقی لێدەبوو.

---

(٧٨) یاکوبییەکان، بارستەیەکی سیاسی بۆرژوازییە لە چاخی شۆڕش، نوێنەری باڵی چەپی بۆرژوازیی فەڕەنسی، جەختییان دەکردەوە لەسەر گرنگی لە ناوبردنی فەرمانڕەوایی ڕەها و دەرەبەگایەتی، هەمان سەرچاوە، لا ٣١٧

(٧٩) عادل زعيتر، مقدمة كتاب (العقد الاجتماعي) اللجنة الدولية لترجمة الروائع الانسانية (الانسكو)، بيروت، ١٩٥٤، ص ١٧.

(٨٠) جان جاك روسو، في العقد الاجتماعي، سەرچاوەی پێشوو، لا- ١١٨-١٢٠.

# بەشی سێیەم

## قوتابخانەی هیگڵی

### جۆرج فرێدرێك هیگڵ

(George Hegle)

دەکرێت بڵێین کە جۆرج ڤێلهیم فرێدرێك هیگڵ(فەیلەسووفی ئەڵمانی (١٧٧٠-١٨٣١) قۆناغێکی یەکلاییکەرەوە لە مێژووی ئەوروپی بینیوە و هاودەمی چەندین رووداوی گرنگ بووە لەنێوکۆی پەرەسەندنی، رەنگەی ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ ئێمە: بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩) بێت، لەگەڵ مژدەی ئەو هزر و پرەنسیپە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە لەگەڵ خۆی هێنای: گۆڕانبوونی هەندێك کۆمەڵگای ئەوروپی، بەدیاریکراوی کۆمەڵگای فەرەنسی و کۆمەڵگای ئینگلیزی بوون بە قەوارەی سیاسی مۆدێرن کە شێوەی (دەوڵەتی نەتەوەیی) وەرگرتووە لەوکاتەی کە هێشتا کۆمەڵگای ئەڵمانی لە قۆناغێکی دواکەوتوو بوو لە رەوتی ئەو پەرەسەندنە.

لە ژێر رۆشنایی کارلێکی هیگڵ لەگەڵ ئەو رووداوانەوە، ئەوا دەکرێت لەوە تێبگەین کە بۆچی ویستوویەتی جۆرێك لە پیرۆزی بە دەوڵەت ببەخشێت و وەك تاکە هێزی بەتوانای دابنێت لە رێگاگرتن لە تەقینەوەی کۆمەڵگای ئەڵمانی لەژێر ئەو فشارانەی کە یەکی دەخات کە لەئاسۆدا دیاربوو لەلایەك، لەلایەکی ترەوە

هەڵیدەوەشێنیتەوە لەنێو گێژاوی پرۆسەکانی وەرچەرخان و گواستنەوەی خێرا لە کۆمەڵگایەکی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی بۆرجوازی[٨١].

لەژێر رۆشنایی ئەمەوە و رەنگە وەك دەرەنجامێکی ئەمە بێت، دەکرێت لەوە تێبگەین کە بۆچی هیگڵ پیرۆزی لە چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی داماڵی و بەبەر بیرۆکەی دەوڵەتی کرد، بەمەش جەختی کردەوە لەسەر پێویستی ملکەچی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ دەوڵەت[٨٢]. هەر دەبێت هۆشداری ئەوە بکەین کە ئەگەر هیگڵ وێنەیەکی لەبارەی ئەو کۆمەڵگای مەدەنییە پێشکەش کردبێت کە هاودەمی بووە، بەوپێیەی کە (سیستەمێکی پشتبەستنی ئاڵوگۆڕە)، کە تیایدا هەموو تاکێك کاردەکات لە هەوڵدانی بۆ بەرژەوەندی تایبەت، ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندی گشتی سروشتی، ئەوا (مەبەستم لە هیگڵە) باسی ئەو بابەتەی نەکردووە بابەتی (کۆمەڵگای مەدەنی) تەنیا بۆ ئەوە نەبێت کە بە توندی رەخنەی لێ بگرێت[٨٣]. رەنگە روونترین ئەو شتەی کە بەڵگە بێت لەسەر جەختکردنەوەکەی، بە پلەی یەکەم، لەسەر دەرخستنی رووە (نێگەتیڤەکانی) نەك پۆزەتیڤەکانی ئەو سیستەمە، یاخود کۆمەڵگا. کۆمەڵگای مەدەنی دەرناکەوێت تەنها بۆ ئەوە نەبێت لەگەڵ دیمەنەکە بزر بێت (بە هۆی زیادەڕۆیی لە هەژاری و گەندەڵی و ماددی ئەخلاقییەوە). ئەگەر ئەوەمان لە بەرچاو گرت، هیگڵ باوەڕی بەوە هەیە کە کۆمەڵگای راستەقینە (کە سەرچاوەیەکی ئازادە بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی) ناکرێت وێنا بکرێت تەنها بەهۆی ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگایە تیایدا

---

(٨١) م. روزنتال و ب. یودین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٦. بڕوانە: د. صادق جلال العظم، العلمانیة و المجتمع المدنی، مجلة النهج، العدد (٣٨)، ١٩٩٥، ص ١٢٧.

(٨٢) عبدالقادر الزغل، المجتمع المدنی و الصراع من اجل الهیمنة الایدیولۆجیة في المغرب العربی، ورقة قدمت الی الندوة المجتمع المدنی فی الوطن العربي و دوره في تحقیق الدموقراطیة، ندوة سبق ذکرها، ص ٤٨.

(٨٣) الاعمال الکاملة (ج. ف. هیغل)، اصول الفلسفة الحق، ترجمة، امام عبدالفتاح امام، مکتبة مدبولی، القاهرة، ١٩٩٦، ص ٤٣١.

ئازادی هۆشیارانە بەرجەستە دەبێت. لە ئەنجامی نەبوونی ئەم ئازادییە لە کۆمەڵگا مەدەنی، هیگڵ ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە وەسفی بکات بە دەستبەرکردنی کۆتاییانەی عەقڵ: چونکە تەواوکاری بەرژەوەندی کەسایەتی لەم جۆرە کۆمەڵگایە بەرهەمی ڕێکەوتنێکە نەك (بڕیارێکی عەقلانییانەی ئازاد بێت) [٨٤].

ئەوەی سەرنج دەدرێت، ئەوەیە کە هیگڵ جیاوازی لە نێوان دوو کۆمەڵگا کردووە، هەریەکەیان خەسڵەت یان سروشتی خۆیان هەیە: کۆمەڵگای (شار) و کۆمەڵگای (مەدەنی). لەوکاتەی کە مەدەنییەت (سەنتەری ژیانی مەدەنییەت و پیشەسازییە)، ئەوا لادێ (سەنتەری ژیانی ئەخلاقیە کە لەسەر سروشت و خێزان دروستدەبێت) [٨٥]. ئەوکاتەی هیگڵ لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنی دەدوێت، ئەوا گوزارشتی (کۆمەڵگای بۆرژوزای)[٨٦] بەکاردەهێنێت، بەپێی ئەمەش ئەوا دەستەواژەی بۆرژوازییەت بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی باس لە هاووڵاتی نیشتەجێبوی شار بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی هاووڵاتی لە دەوڵەت جیابکاتەوە[٨٧].

کۆمەڵگای مەدەنی لای هیگڵ کۆمەڵگا بۆرژوازییەکانە بەم مانایە، ئەوە کۆمەڵگای ئەو مەدەنییانەیە کە سەرقاڵن بە کاروبارە مەدەنییەکان، وەك شتێکی جیاواز لە ژیانی سیاسی، ئەو کۆمەڵگایەی کە هیگڵ هاودەمی بوو و لەبارییەوە نووسی و ڕەخنەی لێگرت کۆمەڵگایەك بوو لە خۆگری مێگەلێك بوو کە بەشداریان لە کار و چالاکییەکانی حکومەت نەدەکرد، ئەمە کۆمەڵگایەك بوو کە بە تەواوی پێویستی بە نەریتی سیاسی هەبوو کە لە ئینگلتەرا باوبوو[٨٨].

ئەو کۆمەڵگایەی کە هیگڵ باسی دەکات (بە شێوەیەکی لۆژیکی لەسەر هەڵوەشانەوە خێزان دەوەستا)، چونکە تاك لە نێو چوارچێوەی خێزاندا، تاکێکە کە لە

---

(٨٤) هەمان سەرچاوە، لا ٤٣٣.

(٨٥) هەمان سەرچاوە، لا٤٩٢.

(٨٦) هەمان سەرچاوە، لا٤٣١.

(٨٧) هەمان سەرچاوە، لا ٤٣٦-٤٤٠.

(٨٨) هەمان سەرچاوە، لا ٤٣٦.

چوارچێوەی گشتێکی بچووکە کە خێزانە، ئەو گشتێتییەش ئامانج و مەبەستییەتی، کە ئامانجێکی گشتییە. کەچی هەڵوەشانەوەی خێزان مانای ئەوەیە کە ئەندامەکانی پەیمانەکەیان نەماوە، بوون بە کەسایەتی سەربەخۆ، هەریەکەیان خۆی بە ئامانجێك لە خۆیدا دادەنێت، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسەکانی تر دەکات بەوەی کە کەرەستەیەکن بۆ دەستبەرکردنی ئامانجەکەی[89].

بەپێی ئەمەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای مەدەنی بەپێی روانینی هیگڵ پشت بە دوو پرەنسیپی سەرەکی دەبەستێت:

یەکەم: ئەو کەسە بەشییەیە کە هەوڵدەدات بۆ تێرکردنی پێداویستییە تایبەتەکانی و دەستەبەرکردنی ئامانجە خودێتییە خۆپەرستییەکەی، پێداویستییە مادییەکانی دەبجوڵێنێت.

دووەم: ئەمەش بەستانەوەی پێوستی نێوان ئەم کەسایەتییانە کە تیایدا هەر تاکێك پشت بە ئەوانیتر دەبەستێت بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج وداواکارییە بەشییە تایبەتەکانی. بەمشێوەیە دژێکی روون دەبێت لە نێوان بەشی و گشتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنییدا[90].

کۆمەڵگا مەدەنی لای هیگڵ بریتییە لە ئەڵقەی نێوەندی نێوان خێزان و دەوڵەت، خێزان بەوپێیەی کە چارەنووسێکی جەوهەرییە و کە ئەرکی ئاراستەکردن و هەوڵدان لە پێناو دابینکردنی سامانی کۆمەڵایەتی لەلایەك و دەستکەوتنی هۆکارەکانی بژێوی تاك لەلایەکی تر. کەچی کۆمەڵگا مەدەنی ئەو پەیوەندییە دەپچڕێنێت و ئەندامەکانی خێزان جیادەکاتەوە و یەکڕیزییان هەڵدەوەشێنێتەوە، دوای ئەوەی کە بوون بە کەسی سەربەخۆ لەڕووی یاساییشەوە دانیان پێدانراوە و ئازادن و پەیوەندییان لەگەڵ خێزاندا نەماوە. بەمشێوەیە تاك لە گرووپە سروشتییەکەی (خێزان) بۆ گرووپە سیاسی و ئابووری

---

(٨٩) هەمان سەرچاوە، لا ٤٣١.

(٩٠) هەمان سەرچاوە، لا ٤٣١.

و کۆمەڵایەتییەکان دەگوازێتەوە لەگەڵ ڕێکخستن و دامەزراوەکان لە دەوڵەت، کارلێکی لەگەڵ دەکات و ئەویش بە ڕۆڵی خۆی کاردەکات بۆ لەباوەشگرتنی بۆ ئەوەی ببێتە کوڕی کۆمەڵگای مەدەنی(٩١).

هیگڵ پێیوایە کۆمەڵگای مەدەنی لە نائامادەیی دەوڵەتدا لاوازە لەدەست ململانێ و هەڵوەشانەوە و نەبوونی ئامانجێکی ئاکاری دەناڵێنێت و ناکرێت سەقامگیری و یەکێتی دەستەبەر بکات تەنها لە بوونی ئەو دەوڵەتە نەبێت کە مۆرکێکی ئەخلاقی پێدەبەخشێت، بەرەو ئامانجێکی ئەخلاقی دیاریکراوی دەبات، دەوڵەت بە بۆچوونی هیگڵ نمونەیەکی عەقلانییە لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و توخمی ڕۆحی لە شارستانییەت. ئەمەش بەرجەستەبوونێکی گشتییە بۆ ئەخلاق و ئازادی عەقلانی باڵا کە خۆی دەستەبەردەکات و دان بەخۆیدا دادەنێت و ئاشنا دەبێت بەخۆی بەشێوەیەکی بابەتی(٩٢). دەوڵەت بەوپێیەی کە قەوارەیەکی سیاسیە بۆ سێ بەشی جەوهەری دابەشدەبێت:

١. ئەو دەسەڵاتەی کە گشت هەڵدەسەنگێنێت و دیاری دەکات، ئەویش (دەسەڵاتی یاسادانانە).
٢. ئەو دەسەڵاتەی کە حاڵەتە تاکی و بوارە بەشییەکان دەخاتە ژێر گشت، ئەویش دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.
٣. دەسەڵاتی خودی، بەوپێیەی کە ویستە لەگەڵ دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆتایی تاج، یاخود پاشا.

هەموو دەسەڵاتە پەیوەنددارەکان بە دەسەڵاتی پاشا دیاری دەکرێت، واتە یەکێتی تاکگەری کە تیایدا بەها و بنەمای گشت لە هەمان کاتدا، ئەمەشیان پاشایەتی دەستوورییە، ئەوەش روونە کە ئەو پەرەسەندنی دەوڵەت پێی گەیشتووە، کە خۆی لە

---

(٩١) هیغل، مبادیء فلسفة الحق، تیسیر شیخ الارض، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٤، ص ٢٠٦.

(٩٢) هیغل، اصول الفلسفة الحق، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٣٨.

سیستەمی دەستووری دەبینێتەوە یەکێکە لەو دەستکەوتانەی کە جیهانی مۆدێرن دەستەبەری کردووە(٩٣).

هیگڵ جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکانی ڕەتکردەوە بەهۆی ئەوەی کە پێیوابوو ئەگەر بێتو دەسەڵاتەکان سەربەخۆ بن، ئەوا دەبێتە هۆی داڕووخانی دەوڵەت، لەوکاتەی کە دەوڵەت دەست بەکاروبارە سەرەکییەکان بگرێت، ئەوا ئەو ململانێیەی هەر دەسەڵاتێك پێی هەڵدەستێت بۆ ملکەچکردنی ئەوی دیکە لە کۆتاییدا یەکێتی دەستەبەر دەکات، ئینجا خەوشەکانی هەرچیەك بن، بەمشێوەیە گەرانتی مانەوەی سەرەکی بریتییە لە بوونی دەوڵەت(٩٤).

تێزەکانی هیگڵ لەبارەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی دژپێکییەکی قووڵی لە خۆدەگرێت، لەوکاتەی کە سیستەمی دەستووری هەڵسەنگاندنێکی بەرز دەنرخێنێت، ئەوا پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ڕەتدەکاتەوە و بانگەشەی چڕبوونەوەی دەسەڵات دەکات لەدەستی پاشا. هەروەها هەڵوێستی هیگڵ کەسانەیە کە دەوڵەت نەمر دەکات، گوزارشت لە حەزێکی تۆتالیتاری دەکات، ئەمەش دەیخاتە هەڵوێستی دژە دیموکراسی، بەمپێیەش کۆمەڵگای مەدەنی دەخاتە ژێر باڵادەستی دەوڵەت و دەزگا چەوسێنەرەکانی، دۆخێکی ستەمکارانە دەسەپێنێت ئەمەش وادەکات کۆمەڵگا مەدەنییەتی خۆی لەدەستبدات.

هیگڵ لەو باوەڕەدایە کە کۆمەڵگای مەدەنی سێ ئاست لە خۆدەگرێت کە ئەمانەن:

### ١. سیستەمی پێویستەکان

کەسی بەشی سەربەخۆ، تەنیا هەوڵی بەدەستهێنانی پێویستە تایبەتەکانی خۆی دەدات، دژی بنەمای گشتییە کە گوزارشت بێت لە خودی خۆیەوە، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی، ئەم پێویستانە بەرێگای کار و بیرکردنەوەی فراونتر و پەرەسەندوتر ئاڵۆزتر دەکاتەوە، چونکە تێرکردنی پێویستی دیاریکراو، هەر زوو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی

---

(٩٣) هيغل، محاضرات فى فلسفة التاريخ، ج١، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، دار الثقافة للنشر و التوزيع، القاهرة، ١٩٨٦، ص ١١٩.

(٩٤) هەمان سەرچاوە، لا ٥٣٣.

پێویستی نویێ. کەسی بەشی هەوڵی تێرکردنی پێویستە تایبەتەکانی خۆی دەدات، لە بەکارهێنانی هەموو تاکەکانی تر وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، لە هەمان کاتیشدا، ئەوانی تریش هەڵوێستێکی هاوشێوە دەنوێنن، لەسەر بنەمای تێگەیشتن ویستی ئازاد، ئا لێرەدا سیستەمی پشت بەستنی ئاڵوگۆڕ پەیدادەبێت)[٩٥].

هیگڵ هەوڵی جێبەجێکردنی یەکێتی دەرەکی لە نێوان تاکە ناکۆك و دابەشەکراوەکان بەسەر سێ چین دەدات کە ئەمانەن:

چینی جوتیاران کە لەلادێ دەژین و بەزەوییەوە پەیوەنددارن.

چینی پیشەکاران کە لەشاردا دەژی.

چینی بیرۆکراتەکان کە بایەخ بە ڕێکخستن و کارگێڕی دەدەن.

ئەو ناکۆکییەی لە نێوان ئەو چینانە هەیە، هەر دەبێت بەهێزێکی دەرەکی بەتین تر لە کۆمەڵگا مەدەنی ڕێکبخرێت، واتا گواستنەوە بۆ ئاستی ڕێکخستنی سیاسی کۆمەڵگا لەرێگای (پیادەکردنی دادوەری) و (پۆلیس) و (سەندیکاکان)، لەکاتێکدا ئەرکی کۆمەڵگای مەدەنی کورتدەبێتەوە بۆ پاراستنی خاوەندارێتی[٩٦].

## ٢. دەستەی دادوەری

هیگڵ پێیوایە کە لەسایەی ڕۆشنبیری و لەسایەی بیرکردنەوەدا وەك هۆشیاری بەشێوە گشتییەکەی، مرۆڤ هەوڵدەدات وەك کەسێکی گشتی خۆی بناسێنێت، ئەم وێناکردنە هەمووان تیایدا بەشدارن و بەهای مرۆڤ بۆ ئەوەی دەگەرێتەوە کە مرۆڤە، نەك لەبەر ئینتیمای نەتەوەیی، یان ئایینی، یان تائیفی...هتد. گرنگی ئەو هۆشیارییەش بێکۆتاییە[٩٧].

هیگڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە رەوشی بابەتییانەی یاسا پشت دەبەستێت بە:

---

(٩٥) هيغل، اصول الفلسفة الحق، ص ٤٣٨.

(٩٦) هربرت ماركوز، هيغل و نشاة النظرية الاجتماعية، ترجمة: فؤاد زكرا، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٧٩، ص ٢٠٧.

(٩٧) هيغل، اصول الفلسفة الحق، ص ٤٥١.

١- پێویستە یاسا لەلایەن خەڵکەوە ناسراو بێت.
٢- پێویستە راست و دروست بێت و هەمووان ئاگاداری ئەم راستی و دروستییە بن.
٣- ملکەچبوون بۆ یاسا لەروانگەی ماف و هۆشیاری خودییەوە دێتە ئاراوە[٩٨].

هیگڵ پێیوایە دەستەی دادەوەری لە کۆمەڵگای مەدەنی ماف بە یاسا دەگۆڕێت کە گشتگیری سیفەتی بنچینەییەتی، لەمیانەی بەکارهێنانی سیستەمێك لە هۆشیاری و بابەتی. ئەو داب و نەریتانەی کە لە (کۆمەڵگای نەریتی)باون بۆ ئاستی ئەو یاسایانە بەرزنەبۆتەوە کە لە (کۆمەڵگای مەدەنی) باون. ئەم گشتگیرییە تیایدا بوونی نییە، چونکە بەشێوەیەکی یەکلاییەکەرەوە دانەمەزراون. ئەو داب و نەریتانە بەلایەنگرتن و پەرتی و خودێتییەوە لە جێبەجێکردندا دەناسرێنەوە.

کۆمەڵگای مەدەنی لای هیگڵ تێکەڵێکە لە دژی بەرژەوەندییەکان و پانتاییەکە بۆ زۆرانبازی و ململانێ، بۆیە پێویستە یاساکان رۆڵی رێکخەر ببنینن بۆ زیاتر بە عەقلانیکردنییان بەشێوەیەکی ئاسانتر، کۆنترۆڵ و پێشبینی بەڕێرەوەکەی بکرێت[٩٩].

بیرۆکەی (هیگڵ) لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆکە کە دەڵێت قەوارەیی یاسایی ئەوەیە کە خەڵکی ئازاد و هۆشیار دادەمەزرێنێت، ئەمەش لەگەڵ بنەما سیاسییە دیموکراتییەکان دەگونجێت، چونکە تیۆری هیگڵ بەرهەمی چاخی لیبراڵە و بنەما نەریتییەکانی لەخۆدەگرێت. هەر تاك ئەو یاسادانەرە هۆشیار و ئازادەیە، کەوا یاسای داوەتە خودی خۆی، بەڵام ئەوە رێگا لە هیگڵ ناگرێت کە بڵێت یاسا لە (پاراستنی خاوەندارێتی لەرێگای پیادەکردنی دادپەروەرییە) بەرجەستە دەبێت[١٠٠].

ئەو دیدە بۆ پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسا و دەسەڵاتی خاوەندارێتی، هیگڵ ناچار دەکات سنووری تیۆری لیبراڵی ببەزێنێت، چونکە بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئەستەمە یاسا ببێتە قۆناغی کۆتایی کە تیایدا (کۆمەڵگای مەدەنی) بێ کەموکوڕی بێت. دەسەڵاتی

---

(٩٨) هەمان سەرچاوە، ص ٤٥٢.

(٩٩) هربرت مارکوز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩.

(١٠٠) هەمان سەرچاوە، ل ٢١٠.

یاسا تەنها مافێکی رووت لە خاوەندارێتی بەرجەستە دەکات و ئەرکی دادوەری بریتییە لە بەدیهێنانی لایەنی رووت لە ئازادی کەسێتی لە (کۆمەڵگای مەدەنی) و کردنی بە یەکێك لە پێویستەکاتی، کە تیایدا پێویستی کوێرانە بۆ سیستەمی پێویستەکان هێشتا بۆ ئاستی هۆشیاری گشتی بەرزنەبۆتەوە و لەو گۆشە نیگایەشەوە جێبەجێنەکراوە[101]. بۆیە تەواوکردنی یاسا پێویستی بە خستنەبڕی هێزێکی گەورە و چالاکترە بەشێوەیەکی راستوخۆ و هەستیارتر فەرمان رەوایی تاکەکان بکات، کە لێرەدا پێویستی بۆ دەزگای پۆلیس سەرهەڵدەدات[102].

## ٢. پۆلیس و سەندیکاکان

### أ. پۆلیس:

چونکە کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر سیستەمی پێویستییەکان دادەمەزرێت، کە پاڵ بە هەر تاکێکەوە دەنێت، بەدوای پێویستە تایبەتییەکانی خۆی رابکات بۆ جێبەجێکردنی بەختیارییەکەی، لە بارودۆخێك کە خۆپەرستی و ململانێ و ئاژاوە بەسەریدا زاڵە، وادەکات ئەرکی دابینکردنی بەختیاری و ئاسایش و خاوەندارێنی تاك لە هۆکار و تەگەرەی کتوپڕ بە پۆلیس رابسپێرێت[103].

پۆلیس لای هیگڵ بەرهەمی ناکۆکی نێوان بەرهەمهێنەران و بەکاربەرانە، دەزگایەکە ئەرکی بەرهەڵستی کردن و رووبەڕووبونەوەی ئەم ناکۆکی و دژایەتیە دەگرێتەوە ئەستۆ[104]. هەروەها مشتومڕی ناوەکی (کۆمەڵگای مەدەنی) پاڵنەرە داگیرکارەکان لە خۆدەگرێت کە دۆزینەوەی بازاڕی نوێ و گەڕان بەدوای بەکاربەرانی نوێ لە وڵاتە دواکەوتووەکان لەڕووی پیشەسازییەوە کە بەدەست کەمی بەرهەمهێنان کاڵاکان دەناڵێنیت ئامانجییەتی. لە هەمان

---

(١٠١) هەمان سەرچاوە، ل ٤٨٧.

(١٠٢) هەمان سەرچاوە، ل ٤٨٧_٤٨٨.

(١٠٣) هەمان سەرچاوە، ل ٤٨٨.

(١٠٤) هەمان سەرچاوە، ل ٢١٠-٢١١.

کاتیشدا بۆ وەبەرهێنانی سامانەکانیان وەك هەوڵدانێك بۆ سووك کردنی ئاستی کێشە ئابورییەکان و دابینکردنی هۆکارەکانی مانەوە و پەرەسەندن[١٠٥].

**ب. سەندیکاکان:**

بەدیدی هیگڵ یەکێکە لەم سیستەمانەی کە دەکرێت ببێتە هۆکارێك بۆ جڵەوکردن و رێکخستنی (کۆمەڵگای مەدەنی) و جێبەجێکردنی ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگا سەرەڕای جێبەجێکردنی ئامانجە تایبەتەکانی ئەندامەکانی. ئەندامی سەندیکا، لە هەمان کاتیشدا ئەندامی (کۆمەڵگای مەدەنی)یە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەکی بۆرژوازییە، کەواتە چینی کرێکاری پیشەسازی دەردەهاوێژێت، کە هیگڵ پێیوایە چینێکە پشت بە بەشی دەبەستێت، بۆیە سەندیکاکان بە تایبەتی بۆی گونجاوە[١٠٦].

رێکخستنی کار دابەش دەبێتە سەر لقە جیاوازییەکانی بە گوێرەی بەشەکانییەوە. ئەو لێکچوونەی نێوانیان دەبێتە هۆی دروستکردنی بەستەرێکی هاوبەش لە نێوان ئەندامەکانی، ئەو ئامانجە خۆویستانەی کە لە بەرژەوەندی تایبەت خۆی دەنوێنێت، لە هەمان کاتیشدا وەك ئامانجی گشتی خۆی دەسەپێنێت، ئەندامی کۆمەڵگای مەدەنی لە سایەی کارە بەشییەکەی دەبێتە ئەندامی سەندیکا کە ئامانجە گشتییەکەی ئەوکاتە بە تەواوی دەبێتە خودی[١٠٧].

هیگڵ پێیوایە سەندیکا لە تەك خێزان بنەمای ئاکاری دووەمی دەوڵەت پێکدێنێت. ئەو توخمانەی کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی دابەش و پەرت بوونەوە و تاکی بەشییان دروستکرد، بەڵام دامەزراوەکانی (کۆمەڵگای مەدەنی) لە مانەش سەندیکاکان، ئەم توخمانە یەکدەخەن بە گوێرەی بنەمای گشتگیر، بەمەش ئامانج و مەبەستەکانی تاك دابین دەکەن[١٠٨].

---

(١٠٥) هەمان سەرچاوە، ل ٢١١.

(١٠٦) هیغل اصول الفلسفة الحق، ص ٤٧٦.

(١٠٧) هەمان سەرچاوە، ل ٤٨٣.

(١٠٨) هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٨.

# بەشی چوارەم

## قوتابخانەی مارکسیزم

بارودۆخەکە بەوشێوەیە ویست کە کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) قۆناغێکی مێژوویی یەکلاییکەرەوە لە ژیانی کۆمەڵگای ئەوروپی ببینێت، بەشێوەیەك هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، هەنگاوێکی گەورەی نابوو لەلایەك و لەلایەکی تر لە دایکبوونی کۆمەڵگای پیشەسازی هاوکات بوو لەگەڵ گڕگرتنی کێشە ناوەکییەکان و بەرپابوونی و ململانێی توند و شۆڕشی دژوار، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە کۆمەڵگا بۆ دوو چینی سەرەکی دابەشبوو ئەوانیش: چینی بۆرژوازی و پرۆلیتاریا کە پەیوەندی نێوانیان گرژی روو لە زیادی تێدابوو، ئەمەش لە ئەنجامی هەستی تاکەکانی چینی پرۆلیتاریا بوو بەوەی کە قوربانی چەوساندنەوەی چینی بۆرژوازییەتن و بەوەی کە بێبەشن لە سادەترین مافە مرۆییەکانیان، بەهۆی لەناوچوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەژێر سایەی هەژموون و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی. مارکس ئەوەی بینی کە لەسەری پێویستە وەك رۆشنبیرێکی شۆڕشگێڕ، هەڵوێستێکی پۆزەتیڤ وەربگرێت لەهەمبەر ئەو ئاراستانە، بەهەموو هێزیەوە هەوڵبدات لەپێناو لەناوبردنی دژپێکییە کۆمەڵایەتییەکانی دەوربەری، بەمشێوەیە رێبازی مارکسی لەدایکبوو و پەرەی سەندن لە چاخی نارەزایی لەدژی بۆرژوزاییەت، چاخی پەستی و بێزاری لەدژ چەوساندنەوەی مرۆڤ و داماڵینی لە مرۆڤایەتییەکەی.

ماركسیزم پێیوایه (بونیادی كۆمەڵایەتی و دەوڵەت بەردەوام لە پەرەسەندنی زیندووی چەند تاكێك دیاریكراو دروستدەبێت، ئەوانەی خاوەنی چالاكی بەرهەمهێنانن، بەپێی شێوازێكی دیاركراو دەچنە ناو پەیوەندییگەلێكی كۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریكراو، بەڵام ئەو تاكانە نەك وەك ئەوەی كە وێنای تایبەت، یاخود وێنایان بۆ ئەوانیتر هەیە، بەڵكو بەوشێوەیەی كە لە واقیعدا هەیە، واتە بەوشێوەیەی كە كاردەكەن و بەرهەمی مادییان بەدەست دەهێنن، بەمشێوەیە لەسەر بنەما و مەرج و سنووری دیاریكراو و سەربەخۆ لە ویستی خۆیان كاردەكەن)[١٠٩].

ماركسیزم كۆمەڵگای مەدەنی بە كایەی چالاكی ئابووری و بەرژەوەندی ئابووری و دژپێكی و ململانێ لەلایەك و لەسەر بنەمای پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی لەلایەكی ترەوە (كۆمەڵگا مەدەنی سەرجەم پەیوەندییە مادییەكانی تاكەكان لە خۆدەگرێت لە نێو قۆناغێكی دی رایكراو لە پەرەسەندنی هێزەكانی بەرهەمهێنانە، ئەو لەخۆگری تەواوی ژیانە بازرگانی و پیشەسازییەكانی قۆناغێكی دیاریكراوە، بەم پێیەش جیاوازە لەدەوڵەت و نەتەوە..... دەستەواژەی كۆمەڵگای مەدەنی لە سەدەی هەژدەدا دەركەوت، ئەوكاتەی پەیوەندییەكانی خاوەندارێتی لە كۆمەڵگای كۆن و ناوەڕاست رزگاری بوو، كۆمەڵگای مەدەنیش بەوشێوەیەی لەگەڵ بۆرژوازییەت نەبێت هەرگیز پەرەناستێنێت. هەرچۆنێك بێت ئەو رێكخستنە كۆمەڵایەتییەی وەك پێداویستییەكی راستەوخۆ لە بەرهەمهێنان و بارزگانی دەكەوێتەوە، ئەو رێكخستنەی كە لەهەموو چاخەكان بنەمای دەوڵەت و تەواوی پاشماوە سەرخانە نموونەییەكانیش پێكهێناوە، بەردەوام بەهەمان ناو ناوزەند كراوە، ئەو كۆمەڵگا مەدەنییە پێشەكی و بنەماكانی خێزانی سادە و ئاوێتەدا هەیە، كە پێی

---

(١٠٩) كارل ماركس و فريدريك انجلس، الايديولوجية الالمانيية، ترجمة فؤاد ايوب، دار دمشق للطباعة و النشر، دمشق، ١٩٧٦، ص ٢٩-٣٠.

دەگوترێت خێڵ، ئەم پێشەکییەش روونە کە ئەو کۆمەڵگا مەدەنییە پانتاییەکی راستەقینە پێکدێنێت و شانۆی راستەقینەی تەواوی مێژووشە)[١١٠].

کۆمەڵگای مەدەنی ئەو بنەمایەیە کە دەوڵەت و سروشتەکەی دروستدەکات، (هەروەك چۆن کۆیلایەتی بنەمای سروشتی دەوڵەتی کۆن بوو، هەروەها دەوڵەتی مۆدێرن بنەمایەکی سروشتی خۆی هەیە لە کۆمەڵگای مەدەنی)[١١١].

بۆیە مارکسیزم روانگەی هیگڵ لەربارەی دەوڵەت، رەتدەکاتەوە بەوەی کە گوزاشتە لە بیرۆکەی رۆح و بەرجەستە کاری ژیانی ئەخلاقییە، دەوڵەت (ئەو شێوەیە کە بەهۆیەوە تاکەکانی چینی باڵادەست بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دووپاتدەکەنەوە، هەموو کۆمەڵگای مەدەنی بۆ چاخێکی دیاریکراوە کورتبکەنەوە، لە ئەنجامدا هەموو دامەرزاوە هاوبەشەکان بەهۆی دەوڵەتەوە بەرێوەدەچن و شێوەیەکی سیاسی وەربگرێت، لێرەوە ئەو وەهمە هەیە کە دەڵێت یاسا لەسەر ویست وەستاوە، زیاتر لەمەش ویستی ئازادیش لە بنەما دیاریکراوەکەی جیاوازە) [١١٢].

مارکسیزم پێیوایە کە دەوڵەت بەرهەمی پەرەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگایە (کەواتە دەوڵەت لە کۆنەوە بوونی نەبووە، کۆمەڵگا بەبێ دەوڵەت ژیاوە، کۆمەڵگاگەلێك کە هێشتا هیچ بیرۆکەیەکی لەبارەی دەوڵەت، یاخود لەبارەی دەسەڵاتی دەوڵەتییان نەبووە. بەڵام لە قۆناغێکی دیاریکراو لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئابووری کە پەیوەندی هەبووە بە دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ چینەکان، ئەوا دەوڵەت بووە پێویستییەك بەهۆی ئەو دابەشبوونە. ئێمە ئێستا بە خێرایی لەو قۆناغە نزیك دەبینەوە لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی بەرهەمهێنان کە بوونی ئەو چینانە تیایدا دەبێتە شتێکی ناپێویست بەپێی ئەمەوە، بەڵکو دەبێتە

---

(١١٠) هەمان سەرچاوە، لا ٤٥.

(١١١) كارل ماركس و فريدريك انجلس، العائلة المقدسة، ترجمة حنا عبود، دار دمشق للطباعة و النشر، دمشق، بلا تاريخ، ص ٢٠٧-٨.

(١١٢) كارل ماركس و فريدريك انجلس، الايديولوجية الالمانية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

بەربەستێكی جیددی لەبەردەم بەرهەمهێنان، ئەو چینانەش بەهەمان شێوەی سەرهەڵدانیان لەناودەچن و هەردەبێت دەوڵەت بەڕووخانیان بڕووخێت، ئەو كۆمەڵگایەی كە بەرهەمهێنانی ڕێكدەخات لەسەر بنەمای بەشداریكردنی یەكسان و ئازادانەی بەرهەمهێنان، ئەوا تەواوی ئامێری دەوڵەت، ئەوكاتەی پێویستە دەوڵەت لە مۆزەخانەی شتە ئاساییەكان دابنرێت لە پاڵ دۆلابی ڕستن و تەوری مس و فاسی برۆنز)[١١٣].

هەروەها ماركسیزم تێڕوانینی هیگڵ ڕەتدەكاتەوە لەبارەی سەربەخۆیی دەوڵەت لە كۆمەڵگای مەدەنی، لەدووتوێی نمایشكردنی ڕەخنەكەی بۆ بەرنامەكانی (گۆتە) كە دەوڵەت بە واقیعێكی سەربەخۆ دادەنێت، ماركس دەڵێت: (هەموو دەوڵەتەكان لەسەرجەم وڵاتە مەدەنییەكان بەوە دەناسرێنەوە كە مۆركێكی هاوبەشیان هەیە، سەرەڕای فرەیی شێوەكانی، ئەمەش ئەوەیە كە لەسەر زەوی كۆمەڵگای بۆرژوازی مۆدێرن دامەزراوە، كە لەڕووی سەرمایەدارییەوە پەرەی سەندووە، بۆیە لەچەند خەسڵەتێكی جەوهەری هاوبەشن. بەم مانایەك دەكرێت قسە لەبارەی دەوڵەتی هەنووكەیی بكەین بەپێچەوانەی دەوڵەتی سەربەخۆ بەشێوەیەك ئەو كۆمەڵگا بۆرژوازییە لەناودەچێت كە لێیەوە سەریهەڵداوە)[١١٤].

ئەو دەقانە بەڕوونی ڕوانگەی ماركسیزمان بۆ ڕووندەكاتەوە لەبارەی كۆمەڵگای مەدەنی و جیاوازی یەكلاییەكەرەوەی لەگەڵ ڕوانگەی هیگڵ لەبارەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و كۆمەڵگای مەدەنی، بەشێوەیەك ماركسیزم پێیوایە كۆمەڵگای مەدەنی بنەمای دەوڵەتە، دەوڵەتیش لە منداڵدانی كۆمەڵگای مەدەنی دروستبووە و لەباوەشیدا گەورە بووە و بە گۆڕەپانی ململانێ دادەنرێت، نەك تەنها لەڕووی ئابوورییەوە، وەك هیگڵ پێیوایە بەڵكو لەڕووی سیاسی و چینایەتییشەوە.

---

(١١٣) فريدريك انجلس، اصل العائلة و الملكية الخاصة و الدولة، منشورات دار النداء للطباعة و النشر، بلا مكان و تاريخ الطبع، ص ٢٠٧-٨.

(١١٤) ماركس_انجلس، مختارات، ج٢، دار التقدم، موسكو، بلا تاريخ، ص ٢٦٠-١.

دەوڵەت ئامرازی سەرکوتکردنە و چینی باڵادەست بەکاری دەهێنێت (کە لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە هەژموندارە)، ئینجا شێوەکەی هەرچییەك بێت، (ئەو مشەخۆریە کە لەسەر حیسابی کۆمەڵگا دەژیت و بەربەست بۆ پێشکەوتنی ئازادانەی دروستدەکات، دەوڵەت تەنیا ئامێرێکە بۆ سەرکوتکردنی چینێك لەلایەن چینێکی ترەوە، ئەمەش لە کۆماری دیموکراسی راستە بە پلەیەك کە هەرگیز راستگۆیی کەمتر نییە لە شانشینی، دەوڵەتیش تەنانەت لە باشترین حاڵەتیدا خراپەیەکە کە پرۆلیتاریای سەرکوتوو لە خەباتدا لە پێناو باڵادەستی چینایەتی بۆی ماوەتەوە، پرۆلیتاریای سەرکەوتووش هەروەك کۆمۆنە، یەکسەر ناچار دەبێت بۆ لەناوبردنی لایەنەکانی ئەو خراپەیە تا کاتی خۆی کە تیایدا نەوەیەك کە لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی تازە و ئازاد گەورە دەبن کە کەلوپەلی دەوڵەت بخاتە سەر کۆمەڵی پاشماوەکان)(١١٥).

هەرچی ئەنتۆنیۆ گرامشییە ئەوا توانی تێزەکانی مارکس لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنی پەرەپێدا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو سەربە ژێرخان نییە، بەڵکو سەر بە سەرخانی کۆمەڵگایە، هەروەك ئاماژەمان پێکرد بونیادی ژێرخانی (ئابووری) پەیوەندی تۆکسشمە و گشتگیر لە نێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دروستدەبێت. لێرەوە یەکەم مافدارێتی بە هێزی کار و ململانێی چینایەتی دەبەخشرێت لەسەر ئاستی ئابووری، هەرچی بونیادی سەرخانە ئەوا لە دیالێکتیکی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای سیاسی (دەوڵەت) دروستدەبێت، کە ئەرکەکەی خۆی لە باڵادەستی و سەرکوتکردن و زۆرەملێ و چەندان رێوشوێنی تر دەگرێتەبەر کە بەهۆیەوە چینی باڵادەست ئەو هەژمونەی دووپاتدەکاتەوە کە کۆمەڵگای مەدەنی مومارەسەی دەکات(١١٦).

---

(١١٥) هەمان سەرچاوە، لا ١٣٩-١٤٠.

(١١٦) جان مارتي بيوتي، فكر غرامشي السياسي، ترجمة، جورج طرابيشي، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٥، ص ٥-٦. هەروەها بڕوانە: لينين، الدولة و الثورة، دار التقدم، موسكو، ١٩٧٣، ص ١١٤.

لە بەشی شەشەمی (دەفتەرەکانی زینداندا) کە ناونیشانی (رابردوو و ئێستا)یە، گرامشی قسە لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات، بەوشێوەی کە هیگڵ لێی تێدەگات. بەخێرایی ئەوە رووندەکاتەوە کە مەبەستی لە کۆمەڵگای مەدەنی (هەژمونی کولتووری و سیاسییە)، بەشێوەیەك چینی کۆمەلایەتی هەولدەدات مومارەسەی هەژموونی خۆی تیا بکات بەسەر تەواوی کۆمەڵگا بە لەخۆگرتنی ئاکارییانەی دەوڵەت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگا مەدەنییەی کە مەبەستی گرامشییە تەنها ئەو قۆناغە نییە کە دژپێکییەکان تێیدا خەریکە بتەقنەوە، کە لەسەر دەوڵەت پێویستە بالادەست بێت بەسەریدا وەك هیگڵ پێیوایە، بەڵکو دوا قۆناغە لە رێکخستنی بەرژەوەندییەکان وەك قۆناغی گواستنەوە بە ئاراستەی دەوڵەت(١١٧). گرامشی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە لە تێگەیشتنی چەمکی گشتی دەوڵەت رەگەزگەلێکی تێدایە کە پێویستە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی بگەڕێنینەوە، مەبەست لە دەوڵەت: کۆمەڵگای مەدەنی +کۆمەڵگای سیاسیە واتە هەژمونی پاڵپشتیکراو بە توندوتیژی، نابێت لەوشەی دەوڵەت تێبگەین بەوەی کە تەنها دەزگایەکی حوکمکردنە، بەڵکو دەزگای (هەژمونی تایبەتە)، یاخود کۆمەڵگای مەدەنییە. دەوڵەت بەپێی بۆچوونی گرامشی کۆمەڵگای سیاسییە (دەسەلاتی دەوڵەت)+کۆمەڵگای مەدەنی (کایەی ئایدیۆلۆجی، یاخود دەزگای راگەیاندن و پەروەردەی دەوڵەتی بۆرژوازییەتی مۆدێرنە). ئەمەش رێگامان پێنادات کە دەزگای دەوڵەتی مۆدێرن لە دەسەلاتی بۆرژوزای جیابکەینەوە، دەوڵەتی مۆدێرن دەستێکی لێدەرە بۆ ئەو دەسەلاتە کە هەژمونی تەرخانکردووە بۆ بالادەستبوون بەسەر چینە پاشکۆ، یاخود پەراوێزەکان(١١٨). بەگوێرەی ئەمەوە هەموو

---

(١١٧) د. كريم ابو حلاوة، اشكالية مفهوم المجتمع المدنى، النشاة_التطور_التجليات، الاهالى للطباعة و النشرو التوزيع، دمشق، ١٩٨٨، ص ٧٨.

(١١٨) گرامشی، دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی، وەرگێڕانی مامەند رۆژە، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٣٣.

ئەوەی لەباەی دەوڵەتی دیموکراسی، یاخود لەبارەی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەکان دەگوترێت شێواندنی رەوشە و سڕینەوەی هەقیقەتێکە کە پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژی چینی بۆرژوازییەت پێی هەڵدەستێت بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیارییە ساختەکەی و خۆڵ خستنە ناوچاوە، بۆ مانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی دروستبوو لەسەر خاوەندارێتی تایبەتی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان، کە دەوڵەت بە ئامێری پارێزەری ئەو دادەنرێت.

بەمشێوەیە بەوە گەیشت دیموکراسی بۆرژوازی تەنها دیموکراسیەکی ساختەیە، ئەمە دیموکراسی چینی دەوڵەمەندە کە بەرهەمی رەنجدەران داگیر دەکات، دەوڵەتیش چییە جگە لە دەزگایەکی سەرکوتکەرە بۆدەستەبەرکردنی باڵادەستی بەسەر کۆمەڵگایە کە بە دژیێکی و ململانێی چینایەتی دەناسرێتەوە. کە بە سەرکەوتنی چینی کرێکار و جەماوەری رەنجدەر و باڵادەستبوونیان بەسەر کەرەستەکانی بەرهەمهێنان کۆتایی پێدێت، بەمەش دەیکات بە خاوەندارێتی بەکۆمەڵی گەل، ئەوکاتە خاوەندارێتی تایبەت هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی لەناوبردنی جیاوازییە چینایەتییەکان.

سەرهەڵدانی دەوڵەت و بەردەوامبوونی دەوەستێتە سەر دیاردەی دابەشبوونی چینایەتی و پەیوەستە پێیەوە. شۆڕشی کرێکاری سیستەمی سەرمایەداری و دیموکراسییەتی ساختەکەی لەناودەبات وەك بەرهەمی ئەو سیستەمە و هێنانەدی سیستەمێکی کۆمۆنیزمی کە تیایدا چینە کۆمەڵایەتییەکان لەناودەچن و لەسایەوە یەکسانی و دیموکراسی راستەقینە دێتەئاراوە. مارکسیزم پێیوایە کە ئەو پەرەسەندنانە زەمینەیەکی گونجاو دەرەخسێنێت بۆ لاوازکردنی دەوڵەت و دواتریش لەناوچوونی.

ئێمە بۆچوونێکمان هەیە لەبارەی پەیوەندی مێژوویی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی، بەوەی کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی (کە

---

هەروەها بڕوانە: نیکوس بولنتزاس، السلطة السياسية و الطبقات الاجتماعية، ترجمة: عادل غنيم، دار ابن خلدون، بيروت، ١٩٨٣، ص ١٤١.

هاتۆتە ئاراوە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج و ئاواتەکانی چینی ناوەند لەنێو شارەکاندا)، لە خۆگری دەوڵەتی دیموکراسی مۆدێرنە لە ڕۆژئاوا لە نێوکۆیی ململانێی نێوان ئەو چینە و چینی دەرەبەگ. لەنێو دەریای ئەو ململانێیە دەبینین کە خەبات لە پێناو تاکگەرایی و هاوڵاتیبوون و ئازادی و سیکۆلاریزم، ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر چەمك و بیروبۆچوونانە بینی لە دروستکردنی ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕی و بەشێوەیەکی پراکتیکی بۆ یاسادانانی دەستووری و دامەزراوەگەلێك وەرگێڕدراوە کە لە خۆگری تەواوی لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەکانە، ئەو ئایدیۆلۆژیاش ڕەنگدانەوەی ململانێیٚ کۆمەڵایەتی نێوان هێزی میللی سەرکەوتوو و ئەویتری ئاوابووە، ئامانجیشی رووخاندنی بنەماکانی ئایدیۆلۆژیای دەرەبەگایەتییە، لەگەڵ پاساوهێنانەوە بۆ سیستەمی تازە بۆ ئەوەی ڕێگا بگرێتە بەر لەمیانەی کۆششە سەرکەوتووەکاندا کە بۆ ماوەی چوار سەدە بەردەوام بوو و بەسەرکەوتنی سیستەمی سەرمایەداری و دەوڵەتە مۆدێرنەکەی تەواو بوو، کە دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەکانە.

هەرچی دەوڵەتی مۆدێرنە لە کۆمەڵگا گەشەسەندووەکان ئەوا دروستنەبووە لە دەرەنجامی پەرەسەندنی بونیادی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی چینی ناوەند، واتە بە فاکتەری ناوەکی، بەڵکو بە کاریگەری فاکتەری دەرەکی بۆ تێرکردنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان، بۆیە دەوڵەت لە نێو مندالّدانی کۆمەڵگا دروستنەبووە، هەروەها هێزەکەی بەهۆی کاریگەری دەرەکی دروستکردووە، بۆیە دەوڵەت لەو کۆمەڵگایانە نامۆبوو لە کۆمەڵگا مەدەنی و جیاوازبوو لێی، ئەوەیە سەرچاوەی ستەمکاری و هەژمونداری بەسەر کۆمەڵگا، کە لەمەشدا کەرەستەکانی توندوتیژی بەکاردەهێنێت بۆ قۆرخکردنی کایەکانی بەرهەمهێنانی مادی و هزری، لەهەوڵدانیدا بۆ پەراوێزخستنی و لەناوبردنی هەر چ سەرچاوەیەکە کە دژکارییەتی.

# بەشی پێنجەم

## کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغی رژێمی پاشایەتی لە عێراقدا

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاماژەیە بۆ ئەو وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیە گەورەیەی کە بزووتنەوەی مۆدێرنە لە سەدەی (١٨)دروستی کردووە، کە بە رۆڵی خۆی ئەو پرۆژەیەی خستە سەر شانۆی مێژوو. بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی دروستبوو لە بەرامبەر سیستەمە داخراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، راگەیاندنی دابڕانێك بوو لەگەڵ سیستەمی پێشوو کە پشتی بەستبوو بە ستەمکاری، ئەمەش سیستەمێکی هێناکایەوە کە پشت بە ئازادی و یەکسانی دەبەستێت.

رەنگە ئەمڕۆش کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر پێوستی بەوە هەبێت کە سەرلەنوێ بخرێتەوە ژێر شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی سیاسی دوای ئەو وەرچەرخانانەی کە جیهان لە چەندین رووەوە بەخۆی بینیوە. رەنگە لە پێش هەموویان ئەو بوومەلەرزەیە بێ کە ئۆردوگای خۆرهەڵاتی هەڵوەشاندەوە، هەروەها زۆربوونی ئەو قەیرانانە بێ کە سیستەمی سەرمایەداری لەدەستی دەناڵێنێت و پایەکانی دەلەرزێنێت، لە بەرامبەر ئەوەشدا فۆرمەکانی دواکەوتن لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان زۆرتر بوو و پاشکۆیەتیان بەهێزتر بووە، هەروەها رۆڵیان پەراوێز دەخرێت و کەلێنی نێوانی خۆیان و وڵاتە

پیشەسازییە پێشکەوتووەکان فراوانتر دەبێت. بۆیە سروشتی بوو گەلی کوردستان بکەوێتــە ژێر کاریگەی ئەو گۆڕانە تازانە، کاریش بۆ پێداچوونەوە ئەو تێز و داواکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بکات، بەتایبەتی دوای (راپەڕینی ئادار) بارودۆخ و هەلومەرجێکی بۆ رەخساند کە یارمەتیدا لە جێبەجێکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەساڵی (١٩٩٢) کە ئەمە بۆوە هۆی پێکهاتنی پەرلەمان و (حکومەتی هەرێمی کوردستان).

## کۆمەڵگەی مەدەنی

وشەی (مەدەنی) لە شار (المدینە) وەرگیراوە، لە دەلالەتی شارستانییەتەکەی، کە بارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە کە حاڵەتی خێڵ، هۆز، تیرە و ئایینزای جێیهشتووە، بەهەموو ئەو دامەزراوە، دابونەریت و بەها بۆماوەییانەی کە هەڵگرییەتی. شار لە میکانیزمی کارکردنیدا کاری خێڵ و تیرە و ئایینزا بەجێدەهێڵێت.

رەفتاری رۆژانەی تاك چەندین بەرژەوەندی ماددی و مەعنەوی دەستنیشانی دەکەن کە لە میانەی پەرەسەندنییانەوە دروستبووە، هەروەها ئەو پرۆسەیەش چەندین پرسی هونەری، کارگێڕی، زانستی و سیاسی لەگەڵ خۆی دەهێنێت، کە پلە بە پلە کار و دابەشکردنی ئەو بەرژەوەندییانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا رێکدەخات.

ئەو کۆمەڵگایەی کە لە پەیوەندییەکانیدا بونیادی کۆمەڵگای داخراو دەبڕێت، بەرەو کۆمەڵگای کراوە دەچێت پێی دەڵێن کۆمەڵگای مەدەنی(١١٩).

کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کۆمەڵگایەیە کە لە توێژی جۆراوجۆر پێکدێت بۆنموونە دەستە و رایەڵە کولتووری، زانستی، خێرخوازی، کۆمەڵایەتی، وەرزشی، سەندیکا

(١١٩) علي عثمان، الاستلاب تحطيم العقل، دار التكوين للطباعة والنشر، دمشق، بيروت، ٢٠٠٤، ص ١٣١.

پیشەیی، کرێکاری و ڕۆژنامەوانییەکان. لە سیما سەرەکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕادەی کەمی دەستێوەردانی حکومی و فەراهەمکردنی بوارێکی بەرفراوانە بۆ تاکەکان تاوەکو ئازادانە مومارەسەی چالاکییەکانی خۆیان بکەن، هەروەها نەهێشتنی ترسی خەڵکە لە جەوری دەسەڵاتە حکومییەکان و فەراهەمکردنی بڕێکی گەورەی یەکانگیری کۆمەڵایەتی(١٢٠).

هەروەها کۆمەڵگای مەدەنی پێناسە دەکرێت بەوەی کە ئەو کۆمەڵگایەیە کە دامەزراوە دیموکراسییەکان ڕێکی دەخەن، ئەو ڕێکخراوانە باوەڕیان بە ئازادی تاکەکانیش سەرجەم مافەکانی هەڵبژاردن و خۆپاڵێوکردنیان بۆ دابینکراوە، هەروەها باوەڕیان بە فرەیی و باڵادەستی یاسایی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ هەیە(١٢١).

کۆمەڵگای مەدەنی بریتییە لە کۆمەڵگای هاوڵاتییە ئازادەکان و دامەزراوە ئازادەکان و ئەو هاوڵاتییە ئازادانەی کە خاوەن عەقڵی ئازاد و هزری ئازادن، سەرجەمیان یەکسانن، خاوەن کولتوورێکی چالاکی کۆمەڵایەتین، بە توانانە لە دۆزینەوەی مەعریفی و داهێنان(١٢٢).

بەپشت بەستن بەو پێناسە جۆراوجۆرانە دەتوانین پێناسەیەکی ئیجرائی پێشکەشبکەین بەوەی کە کۆمەڵگای مەدەنی (کۆمەڵێك دامەزراوەی دیموکراسییە، کە تاکەکان ئینتیمایان بۆ هەیە، لە پێناو بەرگریکردن لە مافەکانیان بەدوور لە دەستێوەردانی حکومی لە چوارچێوەی بونیادێکی ژێرخانی و دەستووری پێشکەوتوودا).

لە مانگی ئابی (١٩٢١)دا فەیسەل وەك پاشای عێراق ڕاگەیەندرا، بۆ دەرخستنی پاڵپشتی عێراقییەکان بۆی، ئیدارەی بەریتانی و سەرکردە سەربازییەکان،

---

(١٢٠) د. تيسير الناشف، السلطة والفكر والتغيير الاجتماعي، دار الازمنة للنشر والتوزيع، عمان_الاردن، ٢٠٠٣، ص ٢٥٩.

(١٢١) عدنان الحلفي، تاسيس المجتمع المدني دراسة في التقاليد السياسية العراقية، ج١، دار البراق، دمشق، ١٩٩٧، ص٣٥.

(١٢٢) شوقي جلال، المجتمع المدني وثقافة الاصلاح، دار العين للنشر، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٧٧.

(راپرسییەك)یان لە ناو گەلی عێراق ئەنجامدا، کە گوترا ڕێژەی (٩٧%)ی گەل، پاڵپشتی ئەو بڕیارەیان کردووە، لەوکاتەی کە تەنها چەند ڕێوشوێنەك ئەنجامدرابوو لە ڕێگای چەند فەرمانڕەوایەکی سەربازی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات کە واژووی چەند کەسێکیان کۆکردبۆوە لەوانەی خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بوون، هەروەها لە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە ژێر حوکمی ئەو فەرمانڕەوایانەدا بوون، داوایان دەکرد مەلیك فەیسەل بکرێتە پاشای عێراق. شایانی باسە کورد لەوکاتیدا ڕێژەیان (٢٠%)ی دانیشتووان بوو بە هیچ شێوەیەك بەشداریان لەو راپرسییەدا نەکردبوو، هەروەك هەڵوێستی تورکمانەکانیش رەتکردنەوە بوو، چونکە ئەوان دەیانەویست (ویلایەتی موسل) و کەرکووك و چەند ناوچەیەکی تر کە تورکمانی تیادا دەژیا بخەنە سەر تورکیا، نەوەك بەشیك بێت لە دەوڵەتی عێراق[١٢٣].

دوای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی (سیڤەر) کە لە ساڵی (١٩٢٠) واژووکرا بوو، ئەمەش بە یەکەم دۆکیۆمێنتی نێودەوڵەتی دادەنرێت کە دان بە مافی گەلی کوردستان دادەنێت، لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی هەروەکو لە ماددەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)دا هاتووە بەڵام دواتر پەیمانی (لۆزان) (١٩٣٣) جێگای گرتەوە کە نکۆڵی لەو مافە دەکات، بەمەش باشووری کوردستانی (ویلایەتی موسڵ) خراوە سەر دەوڵەتی عێراقی و بوو بە بەشێك لێی.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٦)دا سەرۆك وەزیران بریاری لەسەر ئەوەدا کە گەورە فەرمانبەرەکانی ناوچە کوردییەکان دەبێت کورد بن، هەروەها هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەبنە دوو زمانی فەرمی لەو ناوچەیە و منداڵە کوردەکان دەبێت بە زمانی کوردی فێر بکرێن[١٢٤].

---

(١٢٣) عبد الرزاق الصافي، النظام الملكي في العراق كيف اقيم، لماذا انهار، الثقافة الجديدة، العدد (٣٠٣)، ٢٠٠٢، دمشق، ص ٣٧.

(١٢٤) ماريون فاروق سلوغلت و بيتر سلوغلت، من الثورة الى الدكتاتورية العراق منذ ١٩٥٨_ترجمة:مالك النبراسي، منشورات الجمل، بيروت، ٢٠٠٣، ص ٥٤. ينظر كذالك:د.فييي

لەسەروبەندی دروستبوونی عێراقی هاوچەرخدا، تازە کۆمەڵگای عێراقی لە ژێر سایەی باڵادەستی عوسمانییەکان دەرچوو بوو، کە وەك پاشماوەیەك وابوو لە ئاستی شارستانی، هەرچی لە ئاستی یەکێتی نیشتیمانییە، ئەوا گوزارشتە لە چەند دوورگەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز و لێکدوور، بەهۆی شڵەژانە سیاسیە بەردەوامەکان و گۆڕانی بەردەوامی پاشا عوسمانییەکان، هاوکات لەگەڵ دواکەوتویی کەرەستەکانی پەیوەندی و گەیاندن، بەمەش هەموو گرووپەکان لە شوێن خۆیان بەدابڕاوی لەیەکتر ماوبونەوە[١٢٥].

ئەگەر بێتوو سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن لە ئەوروپادا پەیوەست بێت بە سەرهەڵدانی چینی بۆرژوازییەت، ئەمەش لە چواچێوەی پرۆسەی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی مێژوویی و چەندین کێشەی گەورە کە چەندین سەدەی خایاند، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت سیما مۆدێرنەکانی خۆی وەربگرێت لە میانەی رێکخستنێکی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازی، کەوا شێوەیەکی پەرەسەندنی پلە بەپلەی وەرگرت بۆ هێزە بەهەمهێنەرەکان و گەیشتنی بۆ چەند ئاستێکی پێشکەوتوو، ئەوا سەرهەڵدانی دەوڵەتی عێراقی مۆدێرن لە چوارچێوەی ئەو فاکتەرە دەرەکی و بیانییانە هاتە ئاراوە، دروستبوونی نەتەوەی تازە بووە هۆی دروستبوونی دەزگای دەوڵەتی کە لە ناو کۆمەڵگای عێراقی سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو لەلایەن هێز و کاریگەرییە دەرەکییەکان دروستبووبوو، هەروەك بەهۆی پاڵپشتی دەرەکییەوە پارێزگاری لەخۆی دەکرد، دەوڵەتی عێراقی (لەسەرەوە) دروستبوو، کاری دەکرد بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و دەسەڵاتی پاشایەتیدا.

---

مار،تاريخ العراق المعاصر_العهد الملكي، ترجمة: مصطفى نعمان احمد، المكتبة العصرية، بغداد، ٢٠٠٦، ص ٥٧.

(١٢٥) عادل خضوري خليل، احزاب المعارضة العلنية في العراق ٤٦_١٩٥٤، منشورات المكتبة العالمية، مطبعة افسيت الانتصار، بغداد، ١٩٨٤، ص ٣٠.

بۆیەش دەوڵەتی عێراقی نەیتوانی پەیوەندی خۆی بپارێزێت لە نێوان خۆی و کۆمەڵگاکەی وەك ئەوەی کە باوە لە دەوڵەت سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا، لە ئەنجامی سەربەخۆبوونی دەوڵەتی عێراقی دەستەبژێری سیاسی دەستە بەسەر دەزگای میریدا گرت، یاخود دەزگای دەماری بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و پلەیەك لەسەربەخۆییان دەستکەوت لە بونیادی کۆمەڵایەتی-ئابووری کە وای لێکرد بە پلەیەکی مەترسیدار کۆنترۆڵی پەرەسەندنەکانی داهاتوو بکات، هەروەها لە ئەنجامی سەربەخۆیی دەوڵەتی عێراقی، پەیوەندییەکەی بە کۆمەڵگاوە لەسەر ملکەچبوونی ئەمەی دوایی و کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی دامەزرا، هەربۆیەش ئەو پەیوەندییە هەر لە سەرەتاوە دژپێك و پێچەوانەیی بوو، لەیەك ئاراستەش دەڕۆیشت ئەویش ئاراستەی جێگیرکردنی پایەکانی دەوڵەت و بەرفراوانکردنی چێوەی هەژمونداریەتی بەرامبەر هەڵوەشانەوەی بونیاد و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کۆنەکان و دروستکردنی بونیادی ئەلتەرناتیڤی ملکەچ بوو بۆ هەژمونی دەوڵەت و باڵادەست و بەرەنگاربوونەوەی هەر چالاکیەکی سەربەخۆ لە دژی ئیرادەی ئەو(١٢٦).

دەکرێت وەکو گواستنەوە لە سەنتەرێتی کشتوکاڵی بۆ سەنتەرێتی مۆدێرن لە دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرنی عێراق بڕوانرێت، وەك شەمەندەفەرێکە جووڵەی پەرەسەندن بەروە پێش دەبات کە خودی دەوڵەتە، سەنتەرێتی کشتوکاڵی پشت دەبەستێت بە پەیوەندییە دەرەکییەکانی نێوان سەنتەر و ئەو گرووپانەی کە دەوڵەت پێکدێنن(١٢٧).

گرووپە کشتوکاڵییەکان چەند قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی ئابووری سەربازین، خۆشیان پێدوایستیەکانیان دابین دەکەن، هەروەها رێکخستنە ناوەکییەکانیشیان

---

(١٢٦) د. عبد المجید الهیتي، الدولة ومجتمعات ما بعد الاستعمار،الثقافة الجدیدة، العدد (٢٥٩) حزیران ١٩٩٤، دمشق، ص ٣٠.

(١٢٧) فالح عبد الجبار، المجتمع المدني والتحویل الدیمقراطي في العراق، مرکز ابن خلدون للدراسات الانمائیة، القاهرة، ١٩٩٥، ص ٥٣.

سەربەخۆن وەك هۆز و خێلەكان كە لەسەر نەریتی هۆزایەتی دەژین، یەكەیەك دروست دەكەن كە لەسەر رایەڵی خوێن یان گەرەك لە شار دروستدەكەن رێكخراون لەسەر شێوەی قەوارەی بچووكی داخراو، كە لەسەر بنەمای پیشە (پیشەوەرەكان) یاخود ئایینزا (**المذاهب**) (شیعە، سونە)، یاخود ئایین (گەرەكی مەسیحییەكان و یەهودییەكان...هتد)، یاخود لەسەر گرووپی خزمایەتی كۆچكەر لە لادێیەوە (گەرەكی تكریتییەكان لە بەغداد، گەرەكی عوكەیدات) دەژین، بۆنموونە لە لادێدا دەبینین چەند گوندێكی یەكگرتوو لە خێڵێك یان چەند خێڵێك پێكهاتوون(١٢٨).

پەیوەندی دەوڵەت بەم گرووپانە پشت بە باجی ناچاری دەبەستێت كە لەسەرو ئابوورییە، هەروەك ملكەچی شارەكان و یاخیبونی خێڵەكان و پێكدادنی بەردەوام خەسڵەتێكی بەردەوامی سەردەمی كشتوكاڵییە، بەڵكو بەردەوامبوونی سەنتەر خۆراكی خۆی لە كێشە بەردەوامەكانی گرووپەكان و كەرتبوونە و لەتلەت بوونە بەردەوامەكی وەردرەگرێت(١٢٩)، سەنتەرێتی مۆدێرنیش لە دژایەتییەكی زۆری ئەم پارچە پارچە بوونەدان، شەمەندەفەرێكی توندە بۆ لە ناوبردنی ئەم لەتلەتبونە بەهێزەی پەیوەندییە بازرگانییە نوێیەكان و باڵادەستیی تەكنۆلۆژیا و رێكخستنی سەربازیی و ئیداریی بەرزتر، چاخی نوێش كە پاش كشتوكاڵییە، مەحاڵە لەو بارودۆخە پارچە پارچە بووەی تازە باسكرا، بەشێوەیەك هەموو گرووپێك بە پێی یاسای تایبەتی خۆی دەژیت، قەوارەیەكی سەربازی جیاوازی دروستدەكات (هێرشەكانی هۆزەكان، یاخیبوونی گەرەكەكان). لێرەوە دەركەوتنەكەی لە بارودۆخی عێراق پێویستی بە دەوڵەتی مەركەزی هەیە. سەنتەرێتی مۆدێرن ناتوانێت بێ چەند رێكخستنێكی

---

(١٢٨) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

(١٢٩) ستيفن همسلي لونكريك، اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث، ترجمة:جعفر الخياط، مكتبة اليقضة العربية، بغداد، ١٩٥٨، ص ٨٥.

دیاریکراو بژیت: سوپایەکی بەردەوام کە کەرەستەکانی توندوتیژی قۆرخ دەکات لە کۆمەڵگا، کە ئەو هێزە لە گرووپە کولتوورییە بچووکەکان دەسەنێتەوە و سیستەمێکی پەروەردەیی یەکگرتوو دروست دەکات کە دابڕانی تیرەکان، ئایینزاکان و رێبازەکان تێدەپەڕێنێت، بۆ ئەوەی چەند رەگەزێکی یەکگرتوو دروستبکات کە بۆ دەزگاکان پێوستە، هەروەها پشت بە زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو دەبەستێت لە شێوەی چاپکراویدا، رێکخستنی پەیوەندییەکان (رێگا، هێلی شەمەندەفەر، گواستنەوەی وشکانی) و پیشەسازییە مۆدێرنەکان (سەربازی و مەدەنی). ئەمە گواستنەوەی گشتییە لە سەنتەرێتی کشتوکاڵی جیاواز لە چاخی عوسمانی بۆ سەنتەرێتی مۆدێرن کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە عێراق پەرەی سەند، دواتر قەبارەیەکی گەورەتری وەرگرت دوای دروستکردنی حوکمی ئەهلی لە ساڵی (١٩٢١) [١٣٠].

دەوڵەتی عێراقی لە ژێر سایەی داگیرکردنی بەریتانی هەڵقولا، لە پێکهاتەیەکی جیاواز، کە تیایدا مۆدێرن و نەریتی کۆدەکاتەوە، کە دەزگای ئیداری-سەربازی بەریتانیا مۆدێرن بە نوێنەری گرووپە لۆکاڵییەکان لە خانەدانەکان، بازرگانەکان، نوێنەری تیرەکان (**الطوائف**)، هەروەها لە هەمانکاتدا رەگەزی سێیەم خرایە سەر هەردوو پێکهاتەکە، مۆدێرن و نەریتی، دەرەکی و ناوەکی کە مەلیك فەیسەل و ئەفسەرە شەریفییەکانە کە ئەو سەربازانەی دەگرتەوە کە خزمەتیان کردووە لە سوپای عوسمانی تازەکراو و دواتر چوونە رێزی شەریف حوسێن دوای هەڵگیرسانی ئەوەی کە بە شۆڕشی عەرەبی ناسراوە[١٣١].

دەزگای بەریتانی دەزگایەکی بیرۆکراسی سەربازی مۆدێرن بوو، کە پشت بە پەیکەر و دیسپلینی بیرۆکراسی دەبەستێت: زنجیرەی پلە و پلەکان، رێسای کار لە

---

(١٣٠) فالح عبد الجبار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

(١٣١) علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث_الجزء السادس، مطبعة الاديب البغدادية، ١٩٧٨، ص ٣٩.

کۆمەڵگادا کە هەموو پێیەوە پابەند دەبن، پلەبەندی، دیسپلین.......هتد. هەرچی نوێنەری گرووپە لۆکاڵییەکانە چەند کەسایەتییەکی نەریتییە و کە بە گرنگی و گەورەیی لە رێکخستن و بەها و عورفی کۆمەڵگای کشتوکاڵی سەرچاوە دەگرێت، گرووپە ئەفسەرە شەریفییەکان لە ناوەڕاستدا دەوەستن، ئەوان دەستەبژێریەکی مۆدێرنی تازە سەرهەڵداو بوون لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی نەریتی، لەسایەی سەرهەڵدانی رێکخستنێکی تازە: سوپای بەردەوام لە بیرۆکراسی هاوچەرخ(١٣٢).

پەیتا پەیتا دەوڵەتی ناوەندی گەشەی سەند، کە سیستەمێکی دیسپلینی (دامەزراوەی سەربازی)، بەڕێوەبردنی (دەزگای مەدەنی) و خزمەتگوزارییەکان (پەروەردە و تەندروستی)، بەڵکو تێپەڕاند بۆ کایەی بەرهەمهێنانی ماددی (دامەزراندنی پیشەسازی و پەیکەرە جێگیربووەکان......هتد) (١٣٣).

گەشەی دەوڵەتی مۆدێرن (لەڕووی پێکهاتەی کۆمەلآیەتییەوە کە مەبەستی ئێمەیە لێرەدا) لە پێکهاتەی کۆمەڵگای گۆڕی، هەروەها دەرگای بۆ توێژەکانی ناوەڕاستی تازە والآکرد، کە دەزگای دەوڵەتیان لە خوارەوە داگیرکرد، سەرەڕای ئەوەش کەوا لە سەرەوە بەدوورخرابوونەوە، ئەم توێژانە لە حیزبە سیاسیەکاندا دەروازەیەکیان بۆ گوزراشتکردن لە چالاکیەکانیان دۆزییەوە بەهۆی دوورخستنەوەیان لە سەرەوە. بونیادنانی دەوڵەتی مۆدێرن واتە فراوانبوونی بنەمای چینە کۆمەلآیەتییە تازەکان، بەمپێیەش لە ناوچوونی چینە کۆمەلآیەتییە کۆنەکان، هەروەها وەلآمنەدانەوەی سیستەمی سیاسی بۆ ئەم گۆڕانە خستییە ناو ژاوەژاوی قەیرانی بەردەوام کە لە کۆتاییدا لە ناویبرد(١٣٤).

---

(١٣٢) فالح عبد الجبار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(١٣٣) حنا بطاطو، العراق_الكتاب الاول_الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، ترجمة: عفيف الرزاز، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٩٢، ص ٤٥.

(١٣٤) فالح عبد الجبار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی مۆدێرن بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی کۆمەڵگای کشتوکاڵی نەریتی، کە گەشە بەخۆی دەدات و دەبێتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، بونیادنانی سوپا، دەزگای کارگێری، سیستەمی پەروەردە، خشتی سەرەتایی دەوڵەتی مۆدێرنە، کە لە خۆگری دروستکردنی توێژە کۆمەڵایەتییە تازەکانە: دەستەبژێری سەربازی، فەرمانبەرەکان (کە لە سەرەتادا چینی ئەفەندییەکان بوون)[١٣٥]. لەبەرئەوەی ئەو گرووپە کارگێڕی و سەربازییە داواکراوانە فراوانتر بوون لە چینی بەرتەسکی گەورە پیاوان و خانەدانان و خاوەندارەکان و بازرگانەکان، ئەوا لەلایەن توێژە کۆمەڵایەتییە نزمەکان کێشدەکرێن، هەر بۆیەش سیستەمی پەروەردەیی مۆدێرن جڵەوی ئامادەکردنی چینە نزمە کۆنەکان دەگرێتە دەست و دەیانکات بە توێژە ناوەڕاستە مۆدێرنەکان کە پشت بە دەوڵەت دەبەستن، ئەم توێژانە بەردەوام روو لە فرەوانبوونن، لەگەڵ گەشەی بەردەوامی دەوڵەت، ئینجا دەرکەوتنی بەرهەمهێنانی مۆدێرن، خزمەتگوزارییە مۆدێرنەکان، پێوستی بە بوونی توێژی پیشەیی تازە هەیە: پزیشك، ئەندازیار، مامۆستا، کرێکار.....هتد، بەمەش توێژە کۆنەکان لە ناودەچن: پیشەوەرەکان[١٣٦].

دروستبوونی چینی کرێکاران و فراوانبوونی قەبارە و رۆڵی چینی ناوەند، هەروەها دەرکەوتنی چەند شێوازێك لە رێکخراوی کولتووری و پیشەیی و سیاسی بنەماگەلێکی سەرەکی دروستبوونی (کۆمەڵگای مەدەنیین).

لە ریزەکانی بازرگانە نەریتییەکان، گەورە خاوەن دارەکان و فەرمانبەرەکان چینی سەرمایەداری پیشەسازی و سەرمایەداری بازرگانی گەورە دروستدەبن، هەروەها لەریزی سەرجەم توێژە نزمەکانەوە چینی کرێکار گەشە دەستێنێت، ئینجا چ لە کۆمپانیە بیانییەکان یاخود ئەهلییەکان بێت (وەك نەوت، هێڵی شەمەندەفەر، بەندەر، تووتن، چنینی قوماش...). لە شار کە تیایدا سەرجەم ئەو

(١٣٥) علي الوردي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

(١٣٦) فالح عبد الجبار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

گۆڕانانە روودەدات، بە رادەیەك دەگۆڕێت، دژوارە روخسارە کۆنەکانی بناسیتەوە، ئەو دیوارانەی کەوا گەڕەکە کۆنەکان لەیەکتر جیادەکاتەوە، وەك هێڵی جیاوازی ئایینی، یاخود تیرەگەری، یاخود هۆزایەتی، یاخود پیشەیی، دەڕووخێت و دەتوێتەوە و لەگەڵ خۆشیدا بەرەبەرە شێوەکانی تێکەڵبوونی میکانیکی کۆن لە ناو دەبات، هەروەها چەند فاکتەرێکی بەیەکەوە گرێدانی ئۆرگانی مۆدێرن دادەهێنێت. واتە فاکتەرەکانی یەکێتی لەم گەرەکانە لەسەر پاشکۆیی کەسی و یەکانگیری جۆرە پیشەییەکان، یاخود گرووپە ئایینییەکان (کۆمەڵەی سونە، یاخود شیعە، یاخود مەسیحی، یاخود یەهودی، یاخود تیرەگەری سۆفی)دروستبوو بوو، ئەمانە بەرەبەرە لاواز دەبن، تاوەکو پەیوەندی کۆمەڵایەتی تازە سەرهەڵبدات، لە شێوەی یەکێتی پیشەسازییەکان، ژووری بازرگانەکان، سەندیکاکانی کرێکاران، رێکخراوە پیشەیی و حیزبە سیاسییەکان. شێوازی رێکخستنی مۆدێرن، گوزارشتە لە شێوەی تازەی ئینتیمای کۆمەڵایەتی، کە زۆرجار لەگەڵ شێوازی وەلای کۆن و شێوەی رێکخستنەکان ئاوێزان و تێکەڵدەبێت. ئەم بزاوتە پەرەسەندنگەرایە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی فراوانترین چینی کۆمەڵایەتی، کە چینی ناوەند، سەرەڕای لاوازبوون و بەیەکەوە نەگونجانی[١٣٧].

هەروەها باهۆزی کولتووری رۆژئاوا هەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە، بڵاوبوونەوەی هزرە نیشتیمانی نەتەوەیی، لەریزی توێژی بچووکی خوێندەوارەکان، کەوا گوزارشتی لە لەدایکبوونی کۆرپەڵەی نوێی (نیشتیمانی نەتەوەیی) دەکرد، بە ئاراستەی هەستکردن بە دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوو و کۆمەڵگای عێراقی یەکگرتوو کە وەلائە نەریتییەکانی لە شوێنی خۆی لەناونەبرد، بەڵکو کاریگەرییەکانی ئاڵوگۆڕبوون: لەوکاتەی هزرە مۆدێرنەکان گرووپە نەریتییەکانیان جووڵاند بەرەو لە ئەستۆگرتن و پابەندبوون بە بیرۆکەی دەوڵەت-کۆمەڵگا لە عێراق، ئەوا بەردەوام بوو پێکەوە ژیان و بە بەها و رەگەزە

---

(١٣٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

دەروونییەکانی کاریگەر بوو، گوزراشتی لەخۆی دەکرد لە چوارچێوەی نموونە سۆزدارییی و چەمکەکانی هزری ئایینی و بەهای ئیتنی و نەریتی خێڵەکی[١٣٨].

لەم کەش و هەوایەدا عێراق بە پێی دەستووری ساڵی (١٩٢٥)دا بە (دەوڵەتی پاشایەتی دەستووری) راگەنرا، لە چوارچێوەیەك بەمەبەستی ئەوەی کە لێکچواندنێك ئەنجامبدات لەگەڵ سیستەمە پەرلەمانییە نەریتییەکانەوە. لەم نێوکۆیەشدا دەستوور لە خۆگری دوو پرەنسیپی سەرەکی بوو: یەکەمیان بەخشینی سیمایەکی دیموکراسیانە لە میانەی دروستکردنی و بەستانەوەی وەزارەت و مانەوەی بە رەزامەندی دەسەڵاتی تەشریعی هەڵبژێردراو، بەمەش بە شێوەیەکی تیۆری وەزارەتەکە ملکەچی ئەنجومەنی پەرلەمانی کرا. دووەمیشیان پشتبەستن بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکان بەپێی سیستەمی چاودێری ئاڵوگۆڕ و هاوسەنگ، لەپاڵ جەختکردنەوەی لەسەر بێلایەنی دەسەڵاتی دادگاییدا، کە دەستوور و چەندین ئامرازی ئاڵوگۆڕی کاریگەر دروستکار لە خۆدەگرێت لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، لەنێویشیاندا مافی پەرلەمان لە لێسەندنەوەی متمانە بە وەزیرەکان، سەرەڕای لێپێچینەوە و سەرکۆنەکردنی[١٣٩].

دەستوور ئەو بنەما سەرەکیانە لە خۆدەگرێت: عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییە.... حکومەتەکەی پاشایەتی بۆماوەییە، شێوەکەشی نوێنەرایەتییە.... سەروەری پاشایەتی عێراقی بۆ (گەل)... پەرلەمانیش ئەنجومەنی (گەلە)[١٤٠].

سەرەڕای ئەوەی کە دەستووری ساڵی (١٩٢٥)دا رایسپاردە کە سیستەمی پەرلەمان دەبێت نزیك بێت لە شێوازی نەریتی سیستەمە دیموکراسییەکانی خۆرئاوا،

---

(١٣٨) د. عبد الوهاب حميد رشيد، التحويل الديمقراطي والمجتمع المدني، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ٢٠٠٣، ص ١٣٢

(١٣٩) نزار توفيق سلطان حسو، الصراع على السلطة في العراق الملكي، مطبعة الكندي، بغداد، ١٩٨٤، ص ٥٤.

(١٤٠) د. عبد الوهابحميد رشيد، العراق المعاصر، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ٢٠٠٢، ص ٣٢.

بەڵام ئەم دیموکراسیە و جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان لە سیستەمی پاشایەتی عێراقیدا نەهاتە بواری جێبەجێکردن بەهۆی لادانە دەستوورییەکانەوە، لەپاڵ لادانەکان لە مومارەسە کردەییەکان، کەوای لە پاشا کرد دەست بەسەر هەرسێ دەسەڵاتەکەدا بگرێت. جا لە ئاستی دەستوور، دەست بەسەرداگرتنی پاشای دەرخست (بەلایەنی کەمەوە) لە دووئاستدا: سەرەڕای ئەوەی کە ماددەی (١٩) دانی بە سەروەری (نەتەوە) داناوە، بەڵام ئەو سەروەرییەی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی پاشا، ئەمەش کردی بە حاکمی رەها لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت. کەچی دەروازەی دووەم لە دەستوور (پاشا و مافەکانی) وای لە پاشا کرد ببێتە (خاوەنی ماف بەبێ هیچ ئەرکێك). لێرەوەیە پاشا بوو بەخاوەنی دەسەڵاتێك باڵاتربوو لە سەرۆکی دەوڵەت کە لە سیستەمە پەرلەمانییە نەریتییەکاندا پیادە دەکرا[١٤١].

دەستبەرسەرداگرتنی پاشا دەرکەوت لە میانەی ئەو دەسەڵاتە کەسییەی کەوا لە دەستوور پێی بەخشرا، بەوەی کە توانای هەڵبژاردن و لابردنی وەزارەتی هەیە بێ هیچ پەیوەستبوونێك بە زۆرینەی پەرلەمانی. بەمشێوەیەش ئەم بیرۆکەیە دەستەبەردەبوو بەپێی بڕوای پاشا و بەرژەوەندییەکانی، بەبێ نەهێشتنی کاریگەری ئیدارەی ئینتیداب، یاخود باڵوێزخانەی بەریتانی لە بەغداد. لە لایەکی ترەوە ئەم دەسەڵاتەی پاشا گوزارشتی لە لاوازی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی کرد لە بارودۆخی نائامادەیی ژیانی حیزبی ئاسایی و دروستبوونی بارستەی نوێنەرایەتی خاوەن بەرژەوەندی کاتی، ئەم هەلومەرجەش رێگای بۆ پاشا خۆشکرد، نەك تەنها ئەو کەسانە هەڵبژێرێت کە زۆرینەی دەنگیان نەهێناوە بەڵکو دەیتوانی وەزیر و ئەندام پەرلەمان هەڵبژێرێت. شایانی تێبینییە چاکسازی دەستووری (٢٧ کانونی ١٩٤٣) کەوا دەسەڵاتێکی یاسایی بە پاشا بەخشی کە دەیتوانی راستەوخۆ سەرۆك وەزیران لەکار لاببات، هیچ شتێکی نەگۆڕی، چونکە پاشا بەردەوام بوو لە لابردنی سەرۆك وەزیران بە رێگای

(١٤١) فايز عزيز اسعد، انحراف النظام البرلماني في العراق، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية القانون والسياسة_جامعة بغداد، ١٩٧٣، ص ٣٢.

نافەرمی و ناراستەوخۆ، ئینجا چ پێش یاخود دوای چاکسازی دەستووری بێت، لە مێژووی نوێنەرایەتی عێراقدا هەرگیز پاشا بڕیاری لابردنی وەزارەتەکانی دەرنەکردووە. ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ سووربونی پاشا بۆئەوەی خۆی وا دەرنەخات کەوا مومارەسەکەری کردەیی دەسەڵاتە. هەروەها پاشکۆیی و گوێڕایەڵی وەزیرەکان بۆ پاشا وای لێکردووە کەوا پێوستی بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی لابردنی ئاشکرا نەبێت[١٤٢].

لە دەرنجامی تاکگەری لە هەڵبژاردنی وەزیرەکاندا، پاشا ئەو هەڵبژاردنەی بەرتەسکردەوە بۆ توێژێکی دیاریکراو لە دەستەبەژێری سیاسی (لەزۆرینەی جارەکاندا دەستوپێوەندەکانی بوون)، ئەوکەسانەی کە خۆیان بە کۆشك (البلاط) و سیاسەتەکەی پەیوەست کردبوو، سەرەڕای ئەوەش دەسەڵاتی پاشا لە هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیرانی تێپەڕاند، چونکە هەر خۆی بەشداری کردەیی دەکرد لە هەڵبژاردنی وەزیرەکاندا، سەرەڕای ئەوەی کە دەستوور دەسەڵاتی هەڵبژاردنی وەزیرەکانی بە سەرۆك وەزیران بەخشیوە. بەپێی ماددەی (٦٥) لە دەستوور دەسەڵاتی پەسندکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزارەتەکان بە پاشا بەخشراوە، بەمانای نەتوانینی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە تەنها بە ڕەزامەندی پاشا نەبێت، بەم دەقەش ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی بڕیارە راستەوخۆکانی نامێنێت. بەڵکو بڕیارەکان بوتە چەند راسپاردەیەك بۆ پاشا تاوەکو کاری پێبکات، یاخود چاکسازی تێدا بکات، یاخود ڕەتی بکاتەوە، لە ئەنجامدا ئەنجومەنی نوێنەران لە قەوارەیەکی سیاسی بۆ ئیدارەیەکی جێبەجێکاری گۆڕا، لە دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری لە ژێر دەستی ئەنجومەنی نوێنەران (دەسەڵاتی یاسادانان) بۆ جێبەجێکاری ئیدارەی پاشا. ئەم دەسەڵاتانە: دەسەڵاتی هەڵبژاردن و لابردنی سەرۆك وەزیران ....دەسەڵاتی دانانی وەزیرەکان... دەسەڵاتی پەسندکردن لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران... وای لە پاشا کرد دەستبەسەر وەزارەتەکاندا بگرێت. بەمەش پاشا بوو بە بەشداریکاری راستەقینە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی

---

(١٤٢) نزار توفیق سلطان حسو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

وەزیران، تەنانەت دوای چاکسازیە دەستووریەکانیش لە ساڵی (١٩٤٣) کە تیایدا هاتبوو کە (سەرۆك وەزیران ئەوە دەخاتە پێش پاشا کە ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاریان لەسەرداوە). لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دەقە کارەکانی ئەنجومەنی وەزیران زیاد کرد و سیفەتی بڕیاردەری وەرگرت، بەڵام دەسەڵاتی پاشای لە دروستبوونیدا لاواز نەکردەوە[١٤٣].

لە بنەمادا سیستەمی پەرلەمانی پشت بە دەسەڵاتی یاسادانان دەبەستێت، ئەمەش بەم جۆرە نەبوو لە عێراقی پاشایەتیدا، لەبەر لاوازی ئەم دەسەڵاتە لە بارودۆخی ساختەکردنی هەڵبژاردنەکان، نەبوونی سیاسەتی حیزبی چالاك، بەهۆی چەند هۆکارێك لەوانەش، نەبوونی (غیاب) ئازادی حیزبی و سروشتی پێکهاتەکانی هەریەکە لە پەرلەمان و حیزبە رێگاپێدراوەکان، لەوکاتەی ژیانی پەرلەمانی پێوستی بە سیستەمێکی سیاسی چالاك لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەسەر بنەمای هاوسەنگی و چاودێری ئاڵوگۆڕ بەپێی پەیوەندییەکی ئاسۆیی نێوان هەرسێ دەسەڵات، پەیوەندی نێوان ئەم دەسەڵاتانەش ستوونی بوو. بەشێوەك پاشا لەسەر لووتکەی هەرەمی دەسەڵات دانیشتووە، دواتر وەزیرەکان، لە کۆتایشدا ئەنجومەنی نوێنەران، لەپاڵ باڵادەستی بەسەر وەزارەتەکاندا، دەستبەسەرداگرتنی پاشا بەسەر پەرلەمان بە هەردوو ئەنجومەن و لاوازکردنی دەسەڵاتەکان لە چەندین لایەندا دەرکەوت. چونکە پاشا مافی دانانی ئەندامەکانی ئەنجومەنی خانەدان و لابردنیانی بە بڕیارێکی تاکڕەوی پێ بەخشرا، بەمشێوەیش ئەم دەستەیە بوو بە ئەنجومەنێکی هاوشێوەی ئەنجومەنی پاشا، هەروەك چۆن ئەمە حاڵی ئەنجومەنی وەزیرانیش بوو، هەروەها پاشا دەسەڵاتێکی دەستووری پێبەخشرا بۆ پەسندکردنی یاسا و رێ لێگرتن و گێڕانەوەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆئەوەی چاوی پێدابخشێنرێتەوە، لەپاڵ بەخشینی دەسەڵات بۆ پەسندکردنی ئەو پرۆژە

---

(١٤٣) فایز عزیز اسعد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

یاسایانەی کە ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاری دەکات، بەشێوەیەك بۆ دەسەڵاتی یاسادانان بەرز ناکرێتەوە پێش رەزامەندی پاشا، هەروەها پاشا دەسەڵاتێکی تاکرەوی هەبوو بۆ هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی نوێنەران[١٤٤].

ئەوەی شایانی باسە، سەرجەم ئەو ئەنجومەنی نوێنەرایەتیانەی کە ژمارەیان (١٦) ئەنجومەنە، یەکەم ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی (١٩٢٥) دروستکرا و دواهەمینیشیان ئەنجومەنی نوێنەران لە چاخی پاشایەتی لە ساڵی (١٩٥٨)، بۆ تەنها جارێکیش نەیتوانی متمانە لە وەزیرەکانی ئەو (٥٣)وەزارەتانە وەربگرێتەوە کە لە چاخی پاشایاتی دروستبوو، تەنانەت لەیەك وەزیری وەزارەتەکانیشی وەرنەگرتەوە، سەرەرای ئەنجامدانی هەڵە لەلایەن چەندین وەزیری وەزارەتەکان کە شایانی لێ پرسینەوە و وەرگرتنەوەی متمانەبوو لێیان، لەم ماوەیە درێژەدا بەرپرسیارییەتی نەخستە سەر ئەستۆی هیچ وەزارەتێك، یاخود وەزیرێك، ئەمەش خاڵێکی نێگەتیڤە لەدژی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی عێراقی تۆمار دەکرێت، چونکە زۆر لاوازبوو لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی و لێپێچینەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکاری. بەهۆی ئەو فەرامۆشکردنە گەورەی لە ئەرکە دەستوورییەکانیدا بە کەرەستەی هەر حکومەتێك لەلایەن خەڵکەوە رەچاودەکرا، ئەم لەگەڵ رۆیشتنەش بووە هۆی نەمانی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان و ریشەکێشکردنی خۆپەرستی دەسەڵاتی جێبەجێکاری بە مومارەسەکردنی سەرجەم مافەکان تا ئاستی ستەمکاری، ئەمەش هۆی دواکەوتنی وڵات و سوود وەرنەگرتن لە سیستەمی پەرلەمانی بوو[١٤٥].

بەمشێوەیە پاشکۆیی وەزارەتەکان و لاوازی ئەنجومەنی نوینەران بوونە هۆی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی کردەیی لە دەستی پاشا و خۆسەپاندنی بەسەر هەرسێ

---

(١٤٤) د. عبد الوهاب حميد رشيد، العراق المعاصر، المصدر السابق، ص١١٥.

(١٤٥) د. بشير حمود كاظم الغزالي، القانون الاساسي العراقي ومجلس النواب، ورقة قدمت الى المفصل في تاريخ العراق المعاصر، بيت الحكمة،بغداد، ٢٠٠٢، ص ٤٤٨.

دەسەڵات لە نێوکۆیی لادانی سیستەمی پەرلەمانی بە شێوەیەکی دەستووری و پراکتیکی، ئەم دیاردەیەش بووە هۆی دروستکردنی پاشایەتی نیمچە رەها کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ پاشایەتی رەها، تەنها لە بوونی پەرلەمانێکی ساختە نەبێت، بێ نەهێشتنی رۆڵی رەگەزەکانی فشارە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی بیانی و سەرکردایەتی هۆزەکان و دەستەبژێری شارستانی کۆشکنشین و نەبوونی پرۆسەی حیزبایەتی ئەکتیڤ(١٤٦).

هەرچی دادگایە، کە لە دەستووردا چەند دەقێکی تێدایە لەسەر سەربەخۆیی و بێلایەنی و پارێزگاریکردنی بەرامبەر دەسەڵاتەکانی تر، ئەوا واقیع وێنەیەکی جیاوازی دەرهاویشتووە، چونکە سەربەخۆیی و بێلایەنی خۆی لە بەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکاری ستەمکار لە دەستداوە، لە ئەنجامی تێکەڵبوونی رۆڵی ئەرکی دەسەڵاتی دادوەری لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکاری، چیتر دەستێوەردانی ئەندامەکانی دەستەبژێری سیاسی بالادەست لە رێوشوێنە دادوەرییەکان بۆتە خەسڵەتێکی دیاری سیستەمی پاشایەتی، هەروەها بەردەوام دادوەرەکان لە کارەکانیدا لە دەست هەڕەشە نالاندوویانە و رووبەڕووی فشاری کەسایەتییە بەهێزەکانی خاوەن دەسەڵاتەکان بونەتەوە(١٤٧).

چڕبونەوەی دەسەڵات و کۆبوونەوەی لە دەستی کەسێك یان دەستەیەك یان دەسەڵاتێك، دەبێتە هۆی لەبارچوونی ئازادی، بۆیە پێویستە دەسەڵات لە سنووری خۆی رابگیرێت بەهۆی یەکێکی تر، بەشێوەیەك بە تەنها نەتوانێت دەسەڵاتەکەی خراپ بەکاربهێنێت(١٤٨). لە ئێستادا چەمکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان یەکێکە لە پێگە سەرەکییەکانی دەستووورە مۆدێرنەکان، ئەم بیرۆکانەش بووە هۆی دروستبوونی

---

(١٤٦) د. عبد الوهاب حميد رشيد، العراق المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.

(١٤٧) عبد الرزاق الحسني، تاريخ الوزارت العراقية، ج٥، الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ص ١٥٣

(١٤٨) مونتسكيو، روح الشرائع، ترجمة عادل زعيتر، اللجنة الدولية لترجمة الروائع، الاونسكو، دار المعارف، القاهرة،١٩٥٤، ص ٢٢٨.

کاریگەری جەوهەری، بە چاوێکی گرنگیش بۆی دەڕوانرا لە دەستووری ئەمریکی ئەوکاتەی (مادیسۆن ١٧٥١-١٨٣٦) رایگەیاند و گوتی:"کەڵەکەبوونی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لەیەك بەرەدا، دەبێتە هۆی جەختکردنەوەیەکی قووڵ لەسەر چەمکی حوکمی ستەمکاری"(١٤٩).

دەرکەوتنی دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری ستەمکار تەوەری هێزە لە کۆمەڵگای پاشایەتی عێراقی، کەوای لە ئەندامەکانی دەستەبژێری سیاسی کرد(کە بریتیببوون لە رەگەزەکانی پاڵێوراو بۆ وەرگرتنی پۆستە وەزارییەکان) بۆ وەبەرهێنانی تەواوی هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە پێگە باڵاکان لەپێناو دەستەبەرکردنی ئەو مەبەستانەی کە گوزارشتبوو لە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی خودی. ئەندامبوون لە دەستەبژێری سیاسی پشتی بە پێوەری بابەتی وەکو لێهاتوویی و شارەزایی نەدەبەست، بەڵکو بە پلەیەکی سەرەکی پشتی بە پێوەری کەسی و خێزانی-خێڵەکی دەبەست. دەکرێ بڵێین کە سیستەمی پاشایەتی حوکمی خێزانە ناسراوەکانی بەرجەستەکرد. ئەم دیاردەیەش گوزارشتی کرد لە رۆڵی پەیوەندی خوێن (خزمایەتی) و رادەی کاریگەری بە پەیکەری رێکخستنی دەسەڵات. لەپاڵ ئەمەشدا رۆڵی پەیوەندییە دۆستایەتییە کەسییەکان، کە لە دروستکردنی ئەڵقەیەك لەدەوری کەسایەتییەکی دەسەڵاتدار خۆی دەنواند. هەموو کەسایەتییەکی دیار چەندین پشتیوانی لەدەوری خۆی کردەوە، رۆژنامەیان دەرکرد، حیزبی سیاسی شێوەییان دروستکرد بۆ دەستگەیشتن بە هێزی کەسی و ناوبانگ و سەنتەری فەرمی بە بانگەشی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی لەدەست دەوڵەتی بەریتانیا. لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات و پارێزگاریکردن لێی، ئەو سیاسەتمەدارە دەسەڵاتدارانە دوودڵ نەبوون لە بەکارهێنانی خێڵەکان. ئەم مومارەسانەش دۆخی شەڕی دروستکرد لە نێوان خێڵەکان لەلایەك، لە نێوانیان و نێوان سوپا لەلایەکی ترەوە. قوربانییەکانی

---

(١٤٩) د. عبد الوهاب حميد رشيد، التحويل الديمقراطي والمجتمع المدني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

ئەوەش جوتیار و سەربازەکان بوون. ئەم مومارەسە خێڵەکییە بەرتەسکە هەستی تیرەگەری-هۆزایەتی لای رەگەزەکانی دەستەبژێرەکە بەرجەستە کرد. هەروەها ئەندامەکانی دەستەبژێر (النخبە) پەنایان برد بۆ خراپ سوود وەرگرتن لە پێگەکانیان لە دروستکردن و تۆکمەکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ گەورەی خێڵەکان لەرێگای بەخشینی دەستکەوتی سیاسی و ئابووری بۆیان[١٥٠].

تەشەنەکردنی ئیعتیباراتی کەسی لە سیاسەتی عێراقی و بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان گوزارشت بوو لە دەستدانی سیستەمی پاشایەتی بۆ مومارەسەکردنی سیاسەتێکی مەدەنی توانادار بەسەر ئاراستەکردنی رەفتاری ئەندامەکانی دەستەبژێری سیاسی، وەکو ئەوەی لە سیسەمی پەرلەمانی ئامادەیە، ئەم مومارەسەیەش دەبێتە هۆی زیان گەیاندنێکی توند بە پرەنسیپەکانی کارگێڕی و لێهاتوویی و دەستپاکی و دەسپێشخەری، هەروەها هاندانی ئەو رەگەزانە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە کەسییەکانی خۆیان بخەنە ناو نێوکۆی قۆرخکردنی دەسەلات و سامان[١٥١].

هەر لەسەرەتادا ئەوە روون بوو کە بونیادنانی سیستەمێکی نوێنەرایەتییەکی رەسەن، یاخود چاکسازی پەرلەمانی لە بەرژەوەندی ئەو هێزە بوو کە ئازادتر و دیموکراسیتر بوو، بۆیە لۆژیکی بوو کە بەریتانیا و هاوپەیمانە لۆکاڵییەکان داخوازییە رەواکانی ئۆپۆزۆسیۆن رەتبکەنەوە و رێگا لەهەر هەوڵێکی جیددی بگرن، بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی دیموکراسی و ئازاد. لەگەڵ ئەوانەشدا نەبووە هۆی لە ناوبردنی (کۆمەڵگای مەدەنی) بە شێوەیەکی گشتی. دەوڵەتی مۆدێرن لە دەستی کۆمەڵەیەك بوو کەوا گونجانی تێدا نەبوو، هەروەها لە توێژە باڵاکانی کۆمەڵگاش بوون، ئەگەر چەند ئەفسەرێکی گەورە هەڵاوێرد بکەین، ئەوا کۆمەڵەی فەرمانڕەوا جەستەیەکی یەکگرتوو نەبوو، یاخود خاوەن بەرژەوەندییەکی هاوبەش نەبوو. سەرەڕای ئەوەش رێکخستنە سیاسیەکان توانای ئامادەکردنی رای گشتییان هەبوو و دەیانتوانی

(١٥٠) د. عبد الوهاب حميد رشيد،العراق المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.

(١٥١) هەمان سەرچاوە.

کاریگەری و فشار بخەنە سەر حکومەتە جیاجیاکان بە چەندین ڕێگا لە میانەی چالاکی نا پەرلەمانی[١٥٢].

سەرەڕای ستەمکاری دەسەڵات و ڕێوشوێنە سەرکوتکارەکانی، هەروەها سەرەڕای کەموکوڕی پرۆسەی دەستووری، ئەوا لە کۆتاییەکانی بیستەکان و سەرەتاکانی سییەکان بزووتنەوەیەکی تازەی بەخۆوە بینی کە بریتیی بوو لە بڵاوبوونەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پیشەیی. هەر لەسەرەتای ساڵی (١٩٢٩)دا چەندین ڕێکخراو سەریانهەڵدا، لەوانەش کۆمەڵەی حەمباڵەکان، کۆمەڵەی کرێکارانی ڕۆژنامەگەری عێراقی، کۆمەڵەی سەوزە فرۆشەکان، کۆمەڵەی شوفێری ئۆتۆمبێلەکان، یانەی نیشتیمانی ئەندازیارانی میکانیك، کۆمەڵەی هاریکاری سەرتاشەکان، کۆمەڵەی بەرگدرووەکان، کۆمەڵەی هاندانی بەرهەمەکانی نیشتیمانی. هەروەها لە سەرەتای سییەکاندا سێ گرووپی شانۆگەری و یانەی مۆسیقا دروستبوو و چەندین کۆمەڵەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و چەندین کۆمەڵەی خێرخوازی ئیسلامی و مەسیحی و یەهودی دروستبوو. کۆمەڵەی پارێزەران و کۆمەڵەی کرێکارانی چاپخانە عێراقییەکان لە (١٩٣٠) دامەزرا، کۆمەڵەی پێست خۆشکەرەکان (الدباغین(١٩٣٠)، کۆمەڵەی بازرگانی روون و میوە و سەوزە (١٩٣٣)، کۆمەڵەی پزیشکی عێراقی (١٩٣٤)، کۆمەڵەی کرێکاری هێڵی شەمەندەفەر، کۆمەڵەی پیشەکاران، یانەی مامۆستایان و فەرمانبەران، کۆمەڵەی کرێکارانی میکانیك، کۆمەڵەی پیشەوەرەکان، کەوا چەندی لێژنەی کرێکارانی رستن و چنین و بیناسازی و بازرگانی و خاوەن کۆمپانیا بچووکەکانی لە خۆدەگرت[١٥٣].

---

(١٥٢) ماريون فاروق سلكليت، المجتمع المدني في العراق بين (٢١_١٩٣١) الثقافة الجديدة، العدد (٢٥٩) حزيران، ١٩٩٤، دمشق، ص ٤٩.

(١٥٣) ابراهيم خليل احمد، الجمعيات والنوادي الثقافية والاجتماعية ورقة قدمت الى حضارة العراق، الحرية للطباعة، ١٩٨٥، ص ١٤٦.

هەرچی لەسەر ئاستی ژیانی سیاسی گشتیە ئەوا ونبونی حیزبەکانی ماوەی یەکەم بەخۆیەوە بینی، ئەمەش بەڵگەیەکی روون بوو لەسەر ناپێگەیشتوویی هزری رێکخستنی سیاسی، کەوا بە فەرامۆشکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی لە روانگە سیاسیەکەی دەناسرایەوە. وەکو حیزبی نیشتیمانی عێراقی، یان حیزبی برایەتی عێراقی و چەندانی تر، ئەو حیزبانە قووڵ نەبوونەوە لە پێداوستییەکانی جەماوەر و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا و داهاتوو. ئامادەنەبوونی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی لە نێو ئامانجەکانیاندا وای کرد متمانە و باوەڕی جەماوەر لە دەستبدات، بۆیە دەستیان کرد بە لەناوچوونی پلەبەپلەیی، دوای دەرکەوتنی حیزبە چەپەکان[١٥٤]. لە سەرەتاکانی سییەکاندا گرووپێکی (ئەهلی) دەرکەوت و حیزبی شیوعی عێراقی دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کرد و لە ساڵی (١٩٣٩) حیزبی هیوا دروستبوو، هەرچی حیزبی (شۆڕش)ە ئەوا لە ساڵی (١٩٤٤) دامەزرا. حیزبی رزگاری کوردیش لە ساڵی (١٩٤٥) و حیزبی نیشتیمانی دیموکراسی لە ساڵی (١٩٤٦) و لەهەمان ساڵدا پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا[١٥٥].

هەرچی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتییە ئەوا (هەژاری و نەزانی و نەخۆشی) کێشەی سەرەکی دانیشتووان بوو، بەڵکو پەتایەکی کۆمەڵایەتی مەترسیداربوو، کە ئاسەوارێکی روونی لەسەر گەشە و پەرەسەندنی دانیشتوانی کۆمەڵگای عێراقی

---

(١٥٤) د. فاروق صالح العمر، الاحزاب السياسية في العارق في عهد الانتداب،٢١_١٩٣٢، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٢، ص ٣٣٩.

(١٥٥) د. شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكوردستاني و حركة التحرر القومي الكوردية في العراق ١٩٦٤_١٩٧٥، مطبعة رون، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ١١١.

ينظر كذالك:-

د. عبد الستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨_١٩٥٨، شركة المعرفة للنشر والتوزيع، بغداد، ١٩٨٩، ص ٩٩.

بەجێهێشت. هەژاری زۆرینەی ئەندامەکانی کۆمەڵگای عێراقی گرتبۆوە. بارودۆخی دانیشتووانی لادێ جێگای داخ بوو ـ بەهۆی ئەو بارە هەژاری و ناخۆشییەی کەتیایدا ژیانیان بەسەردەبرد. جوتیارەکان کاریان دەکرد و نەدەژیان، لەریزەکانیشیان نەخۆشی بڵاوبۆوە، ڕێژەیەکی بەرزی لە لەدایکبووەکان دەبونە قوربانی، هیچ یەك لە جوتیارە هەژارەکان منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە نەدەنارد بۆ فێربوون، ئەو دۆخە خراپەی بەسەر جوتیارەکان داهات وای کرد چەندین چامە و نووسین بەرهەمبهێنرێت کەباس لە هەژاری جوتیاری عێراقی دەکات، ئەو چەوسانەوەی کە دووچاری دەبۆوە و ئەو بێبەشییەی کە بەرۆکی گرتبوون، وایکرد پێویست بێت چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ گەڕانەوەی لایەنی مرۆڤایەتی بۆی، بەڵام ئەمە گوێیەکی بیستراوی لەلایەن دەسەڵاتەوە نەبوو، چونکە دەسەڵات پاڵپشتی شێخ و ئاغاکانی دەکرد، کە دوودڵیان نەدەکرد لە چەوسانەوەی جوتیارەکان تا دوا سنوور، بەشێوەیەك دۆخەکەیان بە ئاستێك گەیشت لە کۆیلەی دەرەبەگەکان دەچوون(١٥٦).

هیچ یاسایەك لەو ڕێوشوێنانە زیاتر پاڵپشتی پێگەی کۆمەڵایەتی ئاغا کوردەکان و شێخە عەرەبەکان، پتەوترکرد هێندەی یاسای زەوییەکان، کە لە ساڵەکانی (١٩٣٢ -١٩٣٨) دەرچوو، کەوا گواستنەوەی رووبەرێکی گەورەی زەوییەکانی دەوڵەت و زەوییە بە کۆمەڵەکانی خێڵەکانی بۆ دەستی ئەو ئاغا و شێخانە گواستەوە(١٥٧).

هەرچی دانیشتووانی شاری، ئەوا چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بە تایبەتی پیشەوەر و کرێکارەکان، لە دەست کێشەی کەمی کرێ و کارکردن بۆ ماوەیەکی درێژ و نەبوونی یاسایەك کە مافەکانیان بپارێزێت دەیانناڵاند، بەمەش کێشەی هەژاری لە کۆمەڵگای عێراقی دووهێندبۆوە(١٥٨).

---

(١٥٦) د. خليل علي مراد، الاحوال الاجتماعية في العراق في عهد الانتداب البريطاني، ورقة قدمت الى المفصل في تاريخ العراق المعاصر، بيت الحكمة، بغداد،٢٠٠٢، ص ٥٦٥.

(١٥٧) حنا بطاطو، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٨.

(١٥٨) د. خليل علي مراد، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٦٢.

فاکتەرێکی تر هەیە هەر دەبێت جەختی بکرێتە سەر، خاوەندارێتی بە جیاکردنەوەی رێژەیەکی گەورەی عێراقییەکان لە کەرتی نەخویندەوارەکان، ئەوا پلەوپایەی چینی ناوەند بەو کەسانەی بەخشی بێئەوەی بەشێوەیەکی گشتی داهاتی خودی ئەو چینەیان بۆ دابینبکات، ئەمەیە یەکێك لە سەرچاوەی شڵەژانەکان کە بوو بە یەکێك لە سیما دووبارەبووەکانی شارەکان لە ماوەی کۆتایی چاخی پاشایەتی(١٥٩).

رووداوەکانی جەنگ و کۆتایهاتنی بە سەرکەوتنی هێزی دژە فاشیزم و چالاکی هێزە نیشتیمانی و دیموکراسی و چەپەکان سەرکەوتن لە دروستکردنی بزووتنەوەیەکی نیشتیمانی دیموکراسی، کە داوای بۆ بزاوتی دەستوری دەکات، هەروەها دەیەویت کۆتایی بە باری لە ناکاو و حوکمە عورفیەکان بهێنێت و شاد بێت بە ئازادی سەندیکایی و ژیانی حیزبی و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی بۆ عێراق، دەستەبەرکردنی ئارەزووەکانی زۆرینەی رۆڵەکانی گەل لە ژیانێکی شەرەفمەندانە. هەروەها بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردستانی و عێراقی بووژایەوە، بەڵام خەباتەکانی گەلی کوردی و عێراقی بەرپەرچدرایەوە بە سەرکوتکردنێکی توند کە گەیشتە ئاستی لە سێدارەدانی ئەو چوار ئەفسەری کوردییەی کە بەشدارییان لە خەباتی نیشتیمانی کوردستانی کرد لە حوزەیرانی (١٩٤٧) دا، لە سێدارەدانی سەرکردەکانی حیزبی شیوعی عێراقی لە شوباتی (١٩٤٩)دا(١٦٠).

هەروەها رژێم لە ساڵی (١٩٥٤)دا دەستەیەك فەرمانی دەرکرد بۆ بەربەرەکانێ لەدژی بزووتنەوە نیشتیمانیەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە گرنگترینیان نووسراوی (١٦، ١٨، ١٩، ٢٤)، ئەو دامەزراوانەوەی کۆمەڵگای مەدەنی کە ئەم بڕیارە گرتییەوە ژمارەیان گەیشتە (٤٦٥) دامەزراوە(١٦١).

بەپێی ئەو فەرمانانە سەدان گەنج بەرەو بەندینخانە و بە پێی حوکمی قورس پەلکێش کران، تەنها لەبەرئەوەی کە واژوویان لەسەر بانگەشەی ئاشتی کردووە، یان

(١٥٩) حنا بطاطو، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٣.

(١٦٠) د. شيركو فتح الله عمر، هەمان سەرچاوە، لا ١٠٠.

(١٦١) عبد الرزق الحسني، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤٨.

ئامادەبوون لە ئاهەنگێکی بۆنەی نیشتیمانی، کەوا ریکخراوە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکیان دەخست بۆ ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان، یاخود لاوان، یاخود کۆمەڵەی بەرگری لە مافی ئافرەتان، یاخود ڕێکخراوی پیشەیی سەندیکاکانی پارێزەران، سەندیکای کرێکاران و کۆمەڵەکان و یانە کولتوورییەکان[١٦٢].

گەلی عێراقی لە ساڵاکانی (١٩٤٨ و ١٩٥٢ و دواتریش ١٩٥٦) ڕاپەڕی، بەڵام بە دڕندەیی سەرکوتکرا، ئەم دۆخەش بووە هۆی یەکگرتویی هێزە نیشتیمانی و ئۆپۆزسیۆنەکان کە بە نهێنی کاریان دەکرد، دوای ئەوەی رژێم پەنجەرەکانی کارکردنی ئاشکرا قەدەغەکرد، ئەم یەکگرتنەش لە بەرەی یەکێتی نیشتیمانی لە ئازاری ساڵی (١٩٥٧) بە ئەنجام گەیەنرا[١٦٣]، کە حیزبی نیشتیمانی دیموکراسی و حیزبی سەربەخۆیی و حیزبی شیوعی عێراقی کە (هاوپەیمانی کرد لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ئەوەی کە حیزبی بەعس و حیزبی سەربەخۆیی بەشداری پارتییان لەم بەرەیەدا رەتکردەوە لەم بەرەیەدا)، ئەو بەرەیە تەنها لە یەکخستنی رەفتاری حیزبە ئەندامەکان سەرنەکەوت، بەڵکو لە هەماهەنگی لەگەڵ ئەفسەرە ئازادەکانی نێو سوپا[١٦٤]. ئەم پەرەسەندنانەش بەهۆی کێشەی سیستەم دروستبوو لە بێتوانایی فەرمانڕەوا لە زاڵبوون بەسەر کەموکوڕی دۆخی کۆمەڵایەتی تازە، کەوا راپەڕینە یەك لەدوای یەکەکان و کێشە کشتوکاڵییەکان ئاماژەیان بۆکرد، کە ریشەکەی بۆ ئەو گەشەیە خێراییەی دانیشتوانی شار و هەڵاوسانی تێچووی بژێوی و فراوانبوونی بەرچاو لە قەبارەی چینی ناوەندی خوێندەوار و کەمی هەلی رەخساو لە رووی ئابووری سیاسییەوە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری و ئارەزووی جوتیار و کرێکارەکانی شار و سەرەتاکانی کشتوکاڵی سەرمایەداری، ئەندامە کردەییەکانی

(١٦٢) سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورية المعاصرة في العراق، ج١، (١٩٢٠-١٩٥٨)، دار الرواد للطباعة، بغداد، ١٩٧٨، ص ٢٣٣.

(١٦٣) عبد الرزاق الصافي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

(١٦٤) د. عبد الوهاب حميد رشيد، التحول الديمقراطي والمجتمع المدني، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠.

چینە خاوەندارەکانی زەوی بە داهاتی باج و سەنتەرێتی خاوەندارێتی سەرمایە و زەوی[١٦٥].

بێتوانایی چینی فەرمانڕەوا لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو کێشە بونیادییە سەرەکییانەی کە لە سروشتە ناچارییەکە سەرچاوەی دەگرت، واتە پەیوەستی لە چینە کۆمەڵایەتییە هەبووەکان. عێراقیش زۆر پێوستی بە گۆڕانێك هەبوو لە سیستەمی باجدان، دووبارە دابەشکردنی سیستەمی داهاتی کۆمەڵایەتی، بۆ کۆنترۆڵکردنی (ئەگەر بەرادەیەکی کەمیش بێت) بەدەستهێنانی شێخەکانی خێڵەکان و ئاغاکانی زەوی و باڵادەستبوون بەسەریدا. بەڵام یەکێك لەو سیما جێگیرانەی هەژموونی سیاسی نووری سەعید لە ماوەی (١٩٤١-١٩٥٨)دا رەنگە بەرەنگاری سروشتی نووری بوو بۆ دەستلێدان لە بەرژەوەندییە کشتوکاڵی و بازرگانی بەهێز و دەستکەوتوو. ئەمەش رادەی پابەندی تۆکمەی نووری سەعید بە بەرژەوەندییەکانی ئەندامییەتی ئیدارەی باڵای (حیزبی یەکێتی دەستووری) کە لە ساڵی (١٩٤٩) دامەزرا روندەکاتەوە. هەروەها شێخەکان و ئاغاکانی خاوەن زەوی و بازرگانە دەوڵەمەندەکان، کە بنکەی ئەو حیزبەیان پێکدەهێنا، بەردەوامبوون لە پێشکەشکردنی ناوەرۆکی ئەوەی کۆمەکی سیاسی هەبوو تاوەکو نەمانی حیزب لە ساڵی (١٩٤٥)دا. لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە نوری لە دوو دەیەی کۆتایی چاخی پاشایەتی ناوەڕاستی سەرەکی بوو لەنێوان ئەو چینانە و دەزگا جێبەجێکارەکان، هەروەك سیاسەتە ناوەخۆییەکانیشی لەم ماوەیەدا تەنیا لەگەڵ پێویستییەکان و بەرژەوەندییەکانیان دەگونجا[١٦٦].

سەرەڕای هەڵقوڵینی پارەی نەوت لە دوای ساڵی(١٩٥٢) کە وایکرد دەوڵەت زیاتر لە رووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت لە کۆمەڵگا، بەڵام نوری نەیتوانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە کە ئەم پەرەسەندنە بۆی رەخساند، بۆ لاوازکردنی

(١٦٥) حنا بطاطو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٧.

(١٦٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٧.

رایەڵەکانی بە بەرژەوەندییە دەستکەوتووەکان و دووبارە ئاراستەکردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی. لەلایەکەوە نووری بەتەمەن ببوو، نەرمی لە بۆچوونەکان و ڕێبازەنی نەمابوو، ڕەنگە ئەمە هۆی نەبینینی ئەو توانا تازانە بێت کە هاوکات لەگەڵ ئەم پەرەسەندنە لەلایەکی ترەوە، نووری زۆر دوور ڕۆیشت لە دوورخستنەوەی چینی ناوەند و کرێکارە شارنشینەکان تا پلەیەك کە کات زۆر بەسەرچوو بوو بۆ گۆڕینی ڕێبازەکان(١٦٧).

ئەو چینە کۆمەڵایەتییانە بنکەیەکی فراوانیان بۆ حیزبەکانی ناو ئەو بەرە یەکگرتووە نیشتیمانیە و ئەفسەرە ئازادەکان پێکهێنا، لە بەرامبەر فشۆڵی چینی فەرمانڕەوا و بنکە کۆمەڵایەتییە بەرتەسکەکەی. ئەو چینەی کە سەرجەم دەرگاکانی لە بەرامبەر شێوازە ئاشتییەکان داخست بۆ پراکتیزەکردنی بەندەکانی دەستووری عێراقی لەو ماوەیەی کە بەهای دیموکراسی لە جیهاندا باوبوو، کەچی هەر پابەندبوو بەو بەهایانەی لە ڕابردوو باوبوو و دەرگاشی لەبەردەم هەر گۆڕانێك داخست کە بەرەو سیستەمێکی دەستووری دەچێت و ڕێز لە ویستی هاوڵاتیان دەگرێت. بۆیە حیزبەکانی ناو بەرەی یەکێتی نیشتیمانی و بزووتنەوەی ئەفسەرە ئازادەکان گەیشتنە ئەو بۆچونەی کە جگە لە پەنابردن بۆ توندوتیژی چەکداری هیچ سوودێکی نییە و لە ١٤ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨)دا سیستەمی پاشایەتی ڕووخا بە هۆی هەڵمەتی سوپای کۆمەککراو لەلایەن ملیۆنان کەس لە گەلی عێراقی، کە کۆتایی قۆناغی پاشایەتی و سەرەتای قۆناغی کۆماری ڕاگەیەنرا.

---

(١٦٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨٧.

# بەشی شەشەم

## کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغی رژێمی کۆماری لە عێراقدا

لەگەڵ ئەوەی کە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی (١٩٥٨) زیاتر لە گۆڕانێکی لە حوکم هێنا ئاراوە، ئەوا تەنها پاشایەتی نەرووخاند، یاخود تەنها پێگەکانی رۆژئاوای لە رۆژهەڵاتی عەرەبی لاواز نەکرد بە شێوەیەکی ریشەیی، بەڵکو وایکرد داهاتووی چینەکان و چارەنووسیان بە قووڵی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شۆڕشە. تارادەیەکی زۆر دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانی گەورەترین شێخەکانی خاوەن زەوی و خاوەندارە گەورەکانی شاری وێرانکرد، بەشێوەیەکی جۆری پێگەی کرێکاری شاری و توێژە ناوەندەکان و ناوەندی نزمی لە کۆمەڵگا دەرهاوێشت، هەروەها شێوازی ژیانی جوتیارانی گۆڕی لە دەرەنجامی گواستنەوەی خاوەنداریێتی لە لایەك و نەهێشتنی سیستەمەکانی ململانێی خێڵەکی و تێکەڵکردنی لادێ بە ناوەرۆکی یاسای نیشتیمانی لە لایەکی ترەوە. راستە شۆڕش وەکو پێوست ریشەی دانەکوتانەبوو، ئەمە مۆرکی هەموو ئەو شۆڕشانەیە کە رەگەزەکانی چینی ناوەند تاراِدەیەك رۆڵی بڕیاردەر تیایدا دەبینین ئەنجامی دەدەن، ئەوەش راستە کە پەرتەوازەیی رەوتی شۆڕشی جیاکردەوە و دواتریش دواهاتی هەڵبەز و دابەزی هەبوو. بەڵام ئەمە دەرەنجامی نە گونجانی چینی ناوەند و

لێکجیابوونەوەی ریزەکانییەتی و ریزەکانی ئەفسەرەکانە کەوا باڵی چەکدار و شەرعیەتی سەکردایەتییە تێیدا[١٦٨].

ئەوەی لەبارەی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی(١٩٥٨) دەگوترێت لەوەی کە دەرگای والاکرد لەبەردەم دامەزراوە سەربازییەکان تاوەکو لە سەربازگەکانیان دەربچن و دەستبکەن بە کۆدێتای سەربازی یەك لەدوای یەك بۆ وەرگرتنی رۆڵی سیاسی، قسەیەکی دوورە لە راستی، رووداوە مێژووییەکان بەدرۆی دەخەنەوە، دەستەبژێری سەربازی خۆی لە سییەکانی سەدەی رابردوو دەرخست دوای ئەوەی دەسەلاتی لە هێزە داگیرکارە بەریتانییەکان وەرگرت، دوای کۆتایهاتنی ماوەی ئینتیداب دەست بەسەر جومگە پێکهێنەرییەکانی دەزگای دەوڵەتی داگرت، دەستی بە کاری کۆدێتایی کرد، بە شێوەیەك دامەزراوەی سەربازی لە ماوەی (١٩٣٦-١٩٤١) سەرکردایەتی چەندین کۆدێتای کرد و دەستی بەسەر دەزگای جێبەجێکرندا سەپاند و دەستی بەسەر ئەنجومەنی نوێنەراندا گرت بە درێژایی قۆناغی پاشایەتیدا، جگە لە سەپاندنی هەژموونی لە میانەی سیستەمی لەناکاو کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژبۆوە. رەوشی سیاسی نا سەقامگیر کە خۆی لە گۆڕانی وەزارەتەکان و دووبارەبوونەوەی کەسەکان و رووەکان دەبینیەوە، بووە هۆی زیادبوونی ئاراستەکان بۆ وەستاندنی دەستوور و سەپاندنی حوکمی عورفی و بلاوکردنەوەی کولتووری ستەمکاری و پێشێلکردنی بچووکترین مافەکانی مرۆڤ و خراپ بوونی بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی کە مرۆڤی عێراق لە دەستی دەنالاند، ئەمانە چەند خەسڵەتێکن کە کۆمەڵگای عێراقی لە سەردەمی پاشایەتی پێجیادەکرێتەوە. بۆیە ئەو سیستەمە تۆوەکان و هۆکارەکانی لە ناوچوونی خۆی لە هەناوەوە هەڵدەگرت کە بە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کۆتایی پێهات.

---

(١٦٨) حنا بطاطو، العراق_الكتاب الثالث_الشيوعيون والبعثيون والظباط الاحرار_ترجمة:عفيف الرزار، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٩٢، ص ١١٦.

بەمەش ملیۆنەها خەڵك لە دەوری شۆڕش کۆبوونەوە، ئەو خەڵکەی کە دەرکی بە مەبەست و دەلالەت و چاکی ئەو گۆڕانانە کرد کە ئەو شۆڕە هەڵگریەتی، بەپێی چەند ئامانجێك کە خەونێك بوون لە هۆشی پەرۆشانی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

لەم ماوەیەدا دەقی دەستووری کاتی لە رێکەوتی (٢٦/٨/ ١٩٥٨) بڵاوکرایەوە، کە جەختی دەکردە سەر ئەوەی کە گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە و هەروەها سەرجەم هاوڵاتییەکان یەکسانن لە ماف و ئەرکەکان، نابێت جیاوازی بکرێت لەسەر بنەمای رەگەز، یاخود رەچەڵەك، یاخود زمان، ئایین، یاخود بیروباوەڕ، زەمینەیەکی لە باری خۆشکرد لە بەردەم رێکخراوە کۆمەڵایەتی و سەندیکاکان و کۆمەڵەکان، حیزبەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە ئاشکرا دەستیان بە کار کرد، بڵاوکراوە و رۆژنامەی تایبەت بە خۆیان دەکرد، زیندانییە سیاسییەکانن ئازاد کران، بۆیەکەم جاریش دان بە یەکسانی نێوان مافەکانی ئافرەت و پیاونرا. دەسەڵات هەنگاوی نا و رێوشوێنی گرتە بەر لە پێناو گەشەپێدانی ئابووری نیشتیمانی و بەرنامەی بۆ گەشەپێدانی ئابووری داڕشت، ئەوەشی راگەیاند کە دەیەوێت سوود لە سەرجەم سامان و داهاتە نیشتیمانییەکان وەربگرێت. لە (٣٠/٩/١٩٥٨)دا یاسای چاکسازی کشتوکاڵی دەرچوو، بۆ یەکەمجار لە دەستووری عێراقی کاتیدا دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد نرا، جەخت لەسەر ئەوەکراوە کە عەرەب و کورد هاوبەشن لە ئەو نیشتیمانە و مافە نەتەوەییەکانیان دانیپێدانراوە لە دەستووردا، لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا. نووسراوێکی دەرکرد بەوەی کە لەو هاوڵاتییە بارزانییانە دەبورێت و هەمان پێگەی پێشوویان پێدەبەخشێت و مافی گەڕانەوەیان بۆ نیشتیمانەکەیان دابیندەکات، پاشکۆیەك لە وەزارەتی پەروەردەدا بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی دروستکرا، دەستکرا بە پراکتیزەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە

سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییەکان، هەروەها چەندین رۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی دەرچوو، دەستکرا بە کارکردنی ئاشکرای رێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان، ئافرەتان، کرێکاران و جوتیاران، کوردستانیش بۆ ماوەیەکی کورت هەڵمەتێکی ئاوەدانکردنەوەی بە خۆوە بینی، چەندین نەخۆشخانە، قوتابخانە، بنکەی تەندورستی و چەندین دامەزراوەی تایبەت بە خزمەتگوزاری تێدا دروستکرا(١٦٩).

بەڵام شۆڕش هیچ هەنگاوێك بەرەو پێش نەچوو، هەروەها ماوەیەکی درێژ بەسەر نەچوو بەسەر ئەنجامدانی رێوشوێنە پۆزەتیڤەکان تا بە گورج وگۆڵی دەستی کرد بە پاشەکشێ کردن. هەندێك شت هەبوو پاڵی پێوەنان بۆ دواوە. لەسەر شۆڕش بوو رستێك لەو ئەرکە سەرەکییانە جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە کۆمەڵگا و دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت پتەوتر بکات و جەماوەر لە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە. ئەو ئاراستە تازانە لە سیاسەت رق و قینەی هێزە ناوەکی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەورووژاند، ئینجا چ بە هۆی پەیوەندەییە گەرموگوڕەکەیان بێت لەگەڵ هەژمونی پێشووی بەریتانیا و ئارەزوویان بۆ بەردەوامبوونیان لە عێراق، یاخود لەو هێزە نەتەوەییە خاوەن بینینە بەرتەسك و شۆڤینیانە بوون کە رێگای بەخشینی مافە نەتەوەییە رەواکانی بە کورد رەتدەکردەوە، کە ئەو مافانەی کوردەکان داوایان دەکرد، پشتگیری لە نێوەندێکی بەرفراوانی لایەنە عەرەبییەکان لە وڵاتدا بینیەوە. بەڵام ئەمە بەر بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم دەکەوت، لە ترسی دروستکردنی عێراقێکی پێشکەوتوو، ئەمەش هەردوو حکومەتی ئێران و تورکیای دەترساند، بەهۆی بەرژەوەندییەکانی کورد لە هەردوو دەوڵەتدا(١٧٠).

---

(١٦٩) د. شیرکو فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤.

(١٧٠) د. کاظم حبیب، لمحات من نضال حرکة التحرر الوطني للشعب الکوردي في کوردستان العراق، دار ارس للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠٠٥، ص ٢٨٢.

بۆیە حیزبە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان ئەو ئەزموونەیان ڕەتکردەوە، بەشداریکردنیشیان تێدا نەکرد، چونکە بێتوانابوون لە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی لە ڕێگای سندووقەکانی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتدا. چەند چالاکییەکیان ئەنجامدا کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق بوو بەناوی نەتەوەیی عەرەبی و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، پاشان دەستیانکرد بە دروستکردنی پیلان و گێرەشێوێنی بە کۆمەکی دەرەکی لە کۆنەپەرستانی عەرەبی و لایەنە بەشداربووەکان لە هاوپەیمانی بەغداد و دەزگاکانی تری ئیمپریالیزم، کە لە کودێتای ڕەشی ٨ی شوباتی(١٩٦٣)دا گەیشتە ترۆپك، کە ڕۆحی باشترین ڕۆڵەکانی گەلی خستە ژێر پێی خۆی. بەشێوەیەك هەزاران کوڕ و کچی گەلی عێراق لە چالاکڤانانی بزووتنەوە نیشتیمانی و دیموکراسیی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خستە ژێر ئەشکەنجەدان لە بەندینخانەکاندا گیانییان لەدەستدا. بۆ یەکەمجار کودێتاچییەکان لە مێژووی عێراقی هاوچەرخدا، چاخی گۆڕستانی بە کۆمەڵ و جینۆسایدیان دەست پێکرد، کە بە شێوەیەکی فراوان لە کودێتای تەمموزی (١٩٦٨) دەستیان پێکردووە، ئەمەش وەك بەشێك هات تاوەکو بەشە خوێناوییەکانی تری کودێتاکەی تریان تەواو بکات یەکەمیان لە شوباتی ١٩٦٣. ئەمەش دەرگای والا کرد بەسەر بزووتنەوە دیموکراسی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پاشەگەردانی و دواکەوتویی عێراق لەسەرجەم ئاستەکاندا، ئەمەش لە کۆتاییدا بووە هۆی راکێشانی عێراق و ناوچەکە بۆ جەنگێکی بەردەوام.

ساڵی (١٩٦٣) خاڵی سەرەتای چاخێکی قێزەون بوو، ئەوکاتەی کودێتا بەسەر بەها و ئاواتەکانی شۆڕشی (١٩٥٨) کرا و پشتی تێکرا. لەو ساتەوە خاپوورکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی شێوازێك بۆ چەسپاندنی بێ ئابڕویی، کە لەڕووی مێژووییەوە لە زیندووبوونەوەی ستەمکاریدا بەرجەستە بوو، کە لە (٢٠٠٣) گەیشتە ترۆپکی خۆی، کە ساڵی کەوتنە شەرمەزارەکەیەتی لە بەرامبەر هێزەکانی داگیرکاردا. بەمەش عێراق (٤٠) ساڵ تەمەنی لە قۆناغی دەیە تاریکەکان بەسەربرد، کە بە پێوەرەکانی مێژووی

سیاسی قۆناغێکی رابردووە، بە پێوەرە ئایدیۆلۆژییەکان قۆناغێکە لەناوچووە، بە پێوەرەکانی کولتوور چەتەگەرییەتێکی پەتییە، بە پێوەرەکانی کات خراپترین کاتە. بە شێوەیەك سیاسەتی ستەمکاری و دیکتاتۆری بووە هۆی لە ناوبردنی خونچە سەرەتاکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەوڵەتیش بێ دامەزراوە مایەوە، واتە تەنها جوگرافیایەکی فشۆڵ کە پاسەوانانی کۆماری و هێزی تایبەت و پۆلیسی نهێنی دەیپارێزێت، یاخود کەرەستەی هاوشێوەی ئەو کەرەستە داپڵۆسێنەرانە دەیپارێزن، ئەمەش بە خێرایی نەما وەك ئەوەی هەر نەبووبێت و بوون بە چەند کەسێك و بتێك، مەرجەعیەتە ئایدیۆلۆژییەکانیشیان بوو بە هیچ، ئەو دەرەنجامەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پێشێلکردنی ماف و دەستوور و رەوایەتی و گۆڕینی بۆ هیچ، دەبێتە هۆی رزیبون و پووکانەوەی ئەو زەمینەیەی کە دەسەلات و دەوڵەت لەسەر دەوەستێت (١٧١).

وەکو سۆسیۆلۆژیستەکان پۆلێنی دەکەن عێراق نمونەیەك و شێوازێکی سۆسیۆلۆژی باشی پێشکەشکرد کە بە (نموونەی تۆتالیتاری تازە) ناوزەندیان کرد، کە دوو رەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، سیستەمیی تاك حیزبی، سیستەمی گرووپی خزمایەتی. لە لایەنی یەکەم هاوشێوەی لایەنی تۆتالیتاری ئەڵمانییە: تاکە حیزبێك، یەك ئایدیۆلۆژیا، ئابوورییەکی فەرمانکار، یەکێتی نەتەوە و سەرکردە، لایەنی دووەمیش بریتییە لە نموونەی بۆماوەیی و فەرمانڕەوایی نهێنی، چەندین تایبەتمەندیی تریشی هەیە، ئەو تایبەتمەندییان تێکەڵ ئاڵاون و ئاوێتەیەکی جیاوازیان دروستکردووە. رەنگە هەر ئەمەش وایکردووە کە زۆربەی لێکۆڵەر و پشکنەرەکان ناوی فاشیزم لەو رژێمە بنێن(١٧٢).

کۆبوونەوەی ئەو دوو خەسڵەتە بەیەکەوە بریتییە لە تێکەڵبوونی تاکە حیزب بە گرووپی خزمایەتی، کە تیایدا خێزان رۆڵی سەنتەری لە رێکخستنیدا دەبینێت. ئەو پێکهاتەیە بە

---

(١٧١) د. میثم الجنابي، العراق ورهان المستقبل، درا المدى للثقافة والنشر، بغداد، ٢٠٠٦، ص ١٨٤.

(١٧١) زهير الجزائري،الفاشية الفكر والممارسة، دار بابل، بيروت، ١٩٨٤، ص ١٢.

یەکجار دەرنەکەوت، بەڵکو بەرەبەرە دروستبوو، لەڕاستیدا ئەو پرۆسەیە رووبەڕووی بەربەست و لەڕوو وەستان بۆوە لەناو کۆمەڵگا و دەوڵەت و خودی حیزبی فەرمانڕەوا، بەڵام بە دوو رەوتی لێکجیاواز رۆیشت و تێکەڵ بەیەك بوون: بە بەعسیکردنی دەوڵەت، واتە هەژموونی حیزبی فەرمانڕەوا بەسەر جومگەکانی دەوڵەت و تێکەڵبوون پێی، بە تکریتی کردنی حیزب، واتە تێکەڵکردنی تۆڕی خزمەکان (لەگەڵ هاوپەیمانی کردن لەگەڵ ناوچەکانی تر) لە حیزب و دەوڵەت. بە مانایەك لە ماناکان دەتوانین بڵێین کە دەوڵەت لە عێراق لە ناوەرۆکدا کۆمەڵێکی خزمی رێکخراون لە دەزگای سەربازی–بیرۆکراسی مۆدێرن، کۆمەڵەیەکن بە رایەڵەی خوێن و پەیوەندییەکانی دیسپلینی بیرۆکراسی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەمەش لە رێگای پەیوەندی یەکانگیری میکانیکی (نەریتی) و فاکتەرەکانی یەکانگیربوونی (ئۆرگانی) مۆدێرن[١٧٣]. باڵادەستی دەوڵەت بەسەر بەشە گەورەکەی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی زێدەی ئابووری، بە دیاریکراویش سوود وەرگرتن لە دەستکەوتەکانی نەوت خاوەنی، هاتنە ناو کایەی ئابووری وەك بەرهەمێنێك وادەکات ببێتە گەورەترین خاوەندار و وەبەرهێنەر و بەکاربەر. ئەمەش هێزە کۆمەڵایەتییەکانی خاوەندارێتی گشتی و خاوەندرایێتی دەوڵەت لە پێگەیەکی باڵادەست بەسەر هێزە کۆمەڵایەتییە خاوەندارێتی گەورە دادەنێت. بوون و کارایی ئەمەی دوایی بە دابڕاوی لە دەوڵەت دەلەرزێت و کەمدەبێتەوە، بەڵکو چین و توێژە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناتوانێت ئەرکە ئابوورییەکەی خۆی بە رادەیەکی زۆر بە جێبگەیەنێت بە بێ دەوڵەت. بە کورتی پەیوەست دەبێت بە دەوڵەت، چیتر سامان دەسەڵاتی دەوڵەت بەرهەمناهێنێتەوە، بەڵکو دەسەڵاتی دەوڵەت سامان بەرهەمدەهێنێت[١٧٤].

لەم حاڵەتەدا پەیوەندی نێوان هەردوو دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری، رووێکی پێچەوانەی مێژوو وەردەگرێت، کارایی چینی ناوەڕاستی ئەورووپی و هێزە ئابوورییە

---

(١٧٣) فالح عبد الجبار، الدولة، المجتمع المدني في العراق: خلفية تاريخية، الثقافة الجديدة، العدد (٢٢٦) دمشق، ١٩٩٥، ص ١٣.

(١٧٤) فالح عبد الجبار، الدولة والمجتمع المدني والتحول الديمقراطي في العراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

خودییەکەی وایکرد دواتر هێزێکی سیاسی پێکبێنێت. کەچی لە وڵاتە گەشەسەندووەکاندا، لە نێویشیاندا عێراق، ئابووری ئەو ڕۆڵە یەکلاییکەرەوە ناگێڕێت لە کاراکردنی گرووپەکان بە ئاراستەی چالاکی و کاری سیاسی، ئەمەش چونکە هەژموون بۆ دەسەڵاتی سیاسیە، بەمپێیەش گەیشتن بە دەسەڵات (سەنتەرەکەی)، سوود و هێزی ئابووری و شکۆمەندی زیاتر دەکات نەوەك پێچەوانەکەی(١٧٥).

دەوڵەتی تۆتالیتاری لە عێراقدا بە قۆرخکردنی تەواوی ژیانی ئابووری و سیاسی دەناسرایەوە، بەشێوەیەك هەژموونی کردووە بەسەر بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی سامانی کۆمەڵایەتی، هەروەها کایەی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و پیشەوەرییەکانی قۆرخکردووە، باڵادەستیشە بەسەر کایەی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری، لەرووی بونیادیشەوە جیادەکرێتەوە بەوەی کە سەنتەرێتیەکی توندی هەیە لەنێو هەرسێ دەسەڵات لە یەك دەستەدا، کە هەموو شتێك دیاری دەکات(١٧٦). واتە هەژموونی کردووە بەسەر بوارێکی گەورە لە گرنگترین ئەرکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەتوانین بانگەشەی ئەوەش بکەین کە کشانی دەوڵەت لەکایەی یەکەم (بەرهەمهێنان)، ڕێگای خۆشکرد بۆ کشان لە بواری دووەم (ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان) و کایەی سێیەم (بەرهەمهێنانی کولتووری)، ئێستا ئێمە لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکی مەدەنی بێهێزین لە لایەك، هەروەها لە دەست نەبوونی کەرەستە مۆدێرنەکانی گوزارشت کردن لە خود لەلایەکی ترەوە(١٧٧).

دەوڵەتی تۆتالیتاری ئەدگارێك لە ئەدگارەکانی پەرەسەندنی سیاسی لە عێراقی مۆدێرندا بەرجەستە دەکات، بە شێوەیەك دەوڵەت زۆر سەربەخۆیە لە کۆمەڵگا، هەروەها لە بواری

---

(١٧٥) د. متروك الفالح، المجتمع الديمقراطي والدولة، دراسة مقارنة لإشكالية المجتمع المدني في ضوء تريف المدن، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٢،ص ١٥٣.

(١٧٦) فالح عبد الجبار، الديمقراطية المستحيلة الديمقراطية الممكنة، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ١٩٩٨، ص ٢٤.

(١٧٧) فالح عبد الجبار، الدولة والمجتمع المدني والتحول الديمقراطية في العراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

سیاسیشدا تا ئاستێکی گەشەسەندوو دابڕاوە، لە کردەی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان وەك پەیوەندییەکانی هێز، واتە دەوڵەت بە حوکمی فاکتەرە تایبەتەکانی پەرەسەندن، توانای یاریکردن و کۆنترۆڵکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان دابین کرد(١٧٨).

بە خۆماڵیکردنەکان لە ساڵی(١٩٦٤) سەرەڕای لاوازیان سەرەتای ئەو رێگایە بوو، لەکاتێکدا قۆرخکردنی بازرگانی دەرەکی (١٩٧٠) و خۆماڵیکردنی نەوت(١٩٧٢) پاڵنەرێکی گەورەی بەخشی بۆ گۆڕانی هاوسەنگی خاوەندارێتی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا. تەنها گۆڕینی هاوسەنگی لە بالادەستی بەسەر سامانی کۆمەڵایەتی ئەوە دەگەیەنێت کە هێزی کۆمەڵایەتی خاوەندارێتی گەورە دەکەوێتە دەستی دەوڵەت، لەو کاتەی کە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی خاوەندارێتی گەورەی بەر دەستی کۆمەڵگای مەدەنیی زۆر لاوازە، هەروەها هێزی کۆمەڵایەتی خاوەندارێتی تایبەت وەك دەبینین لە کایەی بەرهەمهێنان بەسەر ژمارەیەکی زۆر دابەشکراوە، ئەمەش پڕۆژە بچووکەکان زیاد دەکات، بە گوزراشتێکی تر پەرتەوازەیە، یاخود هەڵوەشاوەیە بەرامبەر دەوڵەت. هەروەها گەشەی چینی ناوەڕاستی مۆدێرن (کە مەدەنیەت و سیستەمی بە مۆدێرنکردن هێناویەتیە ئاراوە)، ئینجا چ ئەو بەرە بێت کە لەلایەن دەوڵەتەوە لە خۆگیراوە، یاخود لایەنی بەرهەمهێنانە دەرەکییەکەی بێت، بریتییە لە پاڵپشتی پێوست بۆ دەوڵەت (لە ئێستا و لە داهاتووشدا) وەك ئەوەی کە دەوڵەت پارێزەری ئەو چینە نەگونجاو و جۆراوجۆرەیە(١٧٩).

ئەوەی رۆڵی ئابووری دەوڵەتی عێراق جیادەکاتەوە گەشەی خێرایی ئەرکیەتی وەك خاوەن کاری بەرهەمهێنەر و رۆڵەکەی وەك خاوەندار. رۆڵی خاوەندار/ بەرهەمهێنەر رۆڵی خاوەن کار تێدەپەڕێنێت. ئەمە مانای ئەوەیە کە دەوڵەت سامان بەرهەمدەهێنێت و خۆی دەژیێنێت بەدەر لەو سامانانەی کە کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەمی دەهێنێت، ئەمەش سەربەخۆییەکی زۆر و

---

(١٧٨) فالح عبد الجبار، الديمقراطية المستحيلة الديمقراطية الممكنة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

(١٧٩) فالح عبد الجبار، الدولة والمجتمع المدني والتحويل الديمقراطي في العراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

توانایەکی باشی گەشەسەندن بە دەوڵەت دەبەخشێت، هەروەها توانایەکی زۆر پێدەبەخشێت لە داگیرکردنی رووبەرێکی گەورە لەو بوارەی کە سەر بە کۆمەڵگای مەدەنییە ئەژمار دەکرێت[١٨٠].

هەندێك لێکۆڵەرەوەی ئابووری رۆڵی دەوڵەت تەنها بۆ ئەم ئەرکە ئابوورییە (خاوەن کار) یاخود (گەورە خاوەن کار) کورتدەکەنەوە، ئەمەش لەم واقیعەدا بە دەرەنجامێکی سیاسی دەگەین کە ستەمکارییە[١٨١].

لە پاڵ گۆڕانی پرۆژەی بونیادنانی دەوڵەت، دامەزراوە و رۆیشتن بەرەو سەرکوتکردنی هاوڵاتییان، لە ناوبردنی کۆمەڵگای مەدەنی، وەرگرتنی رێوشوێنی تەمبێکردنن لەدەرهەق ئەودا، ئەوا دەوڵەت هەوڵی هەڵلوشینیدا لە میانەی دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی وەهمی تایبەت بە دەوڵەت و دامەزراوە بیرۆکراسییەکانی، هەروەها ملکەچ کردنی بۆ حوکم و ویستی خۆی و دەستی بەسەر دامەزراوە بەرهەمهێن و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا گرت.

نەبوونی ئاراستەی مەدەنی دیموکراسی دەوڵەت و لەسەر رۆیشتنی لە ستەمکاری و بەمپێیەش نەمانی راستگۆیی دوای هەڵلوشینی کۆمەڵگای مەدەنی، دەبێتەهۆی رووتکردنەوەی ئەم دامەزراوانە لە کەرەستە مۆدێرنەکانی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکان، جۆرێك لە پاشەگەردانی و گەڕانەوە بۆ دامەزراوە نەریتییەکان و وەلائە لاوەکییەکان روودەدات، کە لە دوای خۆیان بەجێیانهێشت بوو بۆ خۆپاراستنی لەو بارودۆخە سەختە، بەوپێیەی بوارێکە بۆ پاراستنی ژیان و مسۆگەرکردنی بژیویان لە نێو کەشێکی نێگەتیڤ و دانەبەزینی ورە کە جۆرێك لە نامۆبوون بەسەریدا زاڵە[١٨٢].

---

(١٨٠) فالح عبد الجبار، الدولة والمجتمع المدني في العراق: خلفية تاريخية، الثقافة الجديدة، العدد (٢٢٦) ١٩٩٥، دمشق، ص ١٨.

(١٨١) فالح عبد الجبار، الدولة والمجتمع المدني والتحويل الديمقراطي في العراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

(١٨٢) عاطف ابو سيف، المجتمع المدني والدولة، دار المشرق للنشر والتوزيع، عمان_الاردن، ٢٠٠٥، ص ١٠٥.

بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی پارتە سیاسیەکان ودامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بووە خەسڵەتێکە جیاکەرەوەی حوکم و هەموو سیمایەکی ژیان، بەمەش حیزب و هێزە سیاسییەکان لە دۆخێکدا بوون کە هیچ کەرەستەیەکیان نەبوو بەرامبەر رێوشوێنە سەرکوتکەرەکان و تیرۆریستیەکان رژێم، تەنها پەنابردن نەبێت بۆ کاری نهێنی و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە زۆردارییەکەی، ئەمەش بە هۆی پەنابردن بۆ زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانە، دوای ئەوەی هەموو پەنجەرەکانی کاری ئاشکرای بە روویان داخرا، بە زیندانی ئاسنین، کوچەی ئەشکەنجەدان و ژوورەکانی لە سێدارەدان. لە نێوکۆی سووربونی رژێم لەسەر مانەوە و دەستگرتن بەسەر دەسەڵات و ئیمتیازە بێسنوورەکانی، ئەوا رژێم چووە ناو بازنەی توندوتیژی بەردەوام و دەسەڵات لە دەستی کەسێك چڕبۆوە و دیاردەی ستەمکاری و فەرمانڕەوایی رەها بۆ یەك کەس سەری هەڵدا، ئەمەش بۆچوونی (سەرکردە)یە، لە ناوبردنی رۆڵی حیزب کۆتایی پێهات، یاخود بەلایەنی کەم پەراوێزخرا و تەنها لە کاتی پێویست بەکاردەهات بۆ جێبەجێکردنی فەرمایشتەکانی (سەرکردە) و ویستەکانی، کە هەرسێ دەسەڵاتی لەدەست بوو جگە لە دەسەڵاتی پارە و سامان و راگەیاندن. دامەزراوە راگەیاندنییەکانی دەوڵەت (کە لە راستیدا راستەوخۆ بۆ سەرکردە/سەرۆك تەرخانکرابوون) رۆڵی خۆیان گێڕا لە گەورەکردنی پایەی سەرۆك. تەنها قسەی سەرکردە بیستراو بوو، وتەکانیشی بە دانایی دادەنرا، هەر ئەویش تاکە بلیمەتە کە بە ناوی ئەو سەرجەم دەستکەوتەکان تۆماردەکرێن، ئەگەرچی تەنها وتە و بەڵێن و دروشمیش بن، یاخود دۆڕاندنگەلێك بن کە بە هۆی راگەیاندن بۆ سەرکەوتن بیگۆڕن.

لەم کەشە دەسەڵاتخوازە راگەیاندنییەدا کە لەسەر بە پیرۆزکردن و نەمرکردنی ستەمکار و گەورەکردن و دەرخستنی لەسەروو مرۆڤ وەستاوە، لەم دۆخەدا ئۆپۆزسیۆن و گەل دەبن بە سفر و هیچ بوونێکیان نامێنێت بێ بوونی ئەو، هیچ قسەیەکییان نییە قسەی ئەو نەبێت، تواناییان نیە بێ توانای ئەو، هەر ئەو دەوڵەت و گەلە بەیەکەوە، تەنها ئەو توانای رووبەڕووبونەوەی کارە سەختەکان هەیە، هەموو ئەوەی ئەنجامی دەدات بریتییە لە (دەستکەوتێکی گەورە)، تەنانەت ئەگەر لە نێو زۆرینەی کۆمەڵگاش لە بارودۆخی برسییەتی و بێبەشبووندا بژین، تیایدا سەروەری و کەرامەتی دەوڵەتیش ونبوو. بۆیە نامۆ

نییە هەواڵەکانی سەرۆك گەورەترین رووبەر لە رۆژنامە و ئامرازەکانی راگەیاندن داگیربکەن، بە شێوەیەك کە لە جیهاندا نموونەی نەبێت. رەنگە ئەو سیاسەتە بە (دەستکەوتێکی گەورە)ی تر دابنرێت بۆ (بلیمەتی) سەرکردەی فەرمانڕەوا[١٨٣].

شایانی باسە ئەو دامەزراوە یاسایی و جێبەجێکارییانەی کە رژێمی فەرمانڕەوا لە ماوەی ساڵەکانی (١٩٧٤-١٩٩١) لە کوردستانی دانا و لە ژێر ناوی ئەوەی پێی دەڵێن (ئۆتۆنۆمی)(بۆیە ئەو دەستەواژەیەم نەکردە کوردی چونکە زۆر بە ناوبانگە و لای هاوڵاتیانی کوردستان ناسراوە، و-ك)، هیچ نەبوون جگە لە دەستەگەلێکی پاشکۆ و جێبەجێکاری فەرمایشتەکانی خۆی، هەرگیز گوزارشت نەبووە لە ئیرادەی سیاسی گەلی کوردستان. هەرچی سەندیکا و یەکێتی و رایەڵ و کۆمەڵە و رێکخراوەکانی قوتابیان و ئافرەتان، ئەوا تەنها لە رووی شێوەییەوە دامەزراوەی کۆمەڵگای مەدەنی بوون، چونکە بێتوانا و ئیفلیج بوون لە جێبەجێکردنی رۆڵی ناوەند لە نێوان دەسەڵات و تاك، بەڵکو رۆڵێکی چەوسێنەریان هەبوو، بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ ئەندامەکانیان دەکرد وەك بوونەوەری بێبەش لەهەر مافێك، تەنها ئەرکی و فەرمانی لەسەربوو لە بەرژەوەندی رژێمی فەرمانڕەوا، بەمپێیەش دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن کە پێوست بوو دامەزراوەی دیموکراسی و کولتووری بوان، لە واقیعدا هیچ نەبوون جگە لە دامەزراوەی دەسەڵاتخواز کە دواکەوتوویی و وەلا بە پیرۆز دانان لە پێناو جێگیرکردنی دیکتاتۆریەت و داماڵینی کۆمەڵگای کوردستانی لە شوناسی نەتەوەیی و تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی، هەروەها توانەوەی لە بۆتەی دەسەڵاتێکی ئایدیۆلۆژی توند[١٨٤].

---

(١٨٣) د. عبد الوهاب حميد رشيد، العراق المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩.

(١٨٤) د. كامران الصالحي، الديمقراطية والمجتمع المدني_دراسة تحليلية سياسية، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٢،ص ١٤٨.

# بەشی حەوتەم

## کۆمەڵگای مەدەنی لە قۆناغی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

تەنها ئەنفال و بۆردومانکردنی کیمیاوی و کارەساتە تۆقێنەرەکانی ئەم دواییەی رژێمی دیکتاتۆری لە بەرامبەر گەلی کوردستانی ئەنجامیدا تێنویەتی ئەو رژێمەی نەشکاند، بەڵکو زنجیرەی ئەو کارەساتانەی نەوەستاند، بە شێوەیەك دوای ماوەیەکی کەم لە وەستاندنی شەڕ و کۆتایهاتنی پرۆسەکانی ئەنفال و بۆردومانکردنی کیمیاوی لە کوردستان، هەستا بە داگیرکردنی کوێت و رایگەیاند کە ئەمە پاریزگای نۆزدەیەمە، لەماوەی دانوساندن بە مەبەستی کشانەوەی رژێمی عێراق لە کوێت ئەمریکا ئەستەمی ئەنجامدا بۆ دروستکردنی هاوپەیمانیەتێکی نێودەوڵەتی بەرفراوان و خۆسازاندنێکی دڵنیا بۆ جەنگان لە دژی عێراق، نەوەك تەنها بۆ وەدەرخستنی عێراق لە کوێت بەڵکو بۆ لێدانێکی توند لە ئابووری و کۆمەڵگا لە عێراقدا. بە کردەوە جەنگ دەستی پێکرد و هێزە عێراقییەکان لە کوێت دەرکران. ئەو سەرەڕۆیی کە رژێم ئەنجامیدا، هەزاران کوژراو و بریندار و کەمئەندامی خستەوە، سەرەڕای زیانێکی زۆر لە سەرجەم کەلوپەل و پرۆژە ئابوورییەکان و بونیادی ژێرخان و دارایی عێراق. گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی چاودێری ئەو رووداوانەیان دەکرد. هەروەها دڵەڕاوکێیەکی رەواش ئەو خەڵکەی داگرتبوو دوای ئەو سەرەڕۆییە(١٨٥).

---

(١٨٥) د. کاظم حبیب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٩.

لەماوەی جەنگەکە ئەمریکییەکان بانگەوازی بەردەوامیان ئاراستەی گەلی عێراقی کرد کە داوای راپەڕینیان دەکرد لە دژی رژێم بۆئەوەی بیڕووخێنن، بەو پێیەی رژێمێکی فاشی ستەمکارە، گەلییش پاڵپشتی و پشتگیری لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی دەبینێتەوە، ئەو بانگەوازانەش لە چوارچێوەی ئەو وتارە هات کە (جۆرج بۆش) لە وێستگەکانی رادیۆ و کەناڵەکانی تێلێڤزیۆنی ئەمریکی ئاراستەی گەلی عێراقی کرد[١٨٦].

ئەو شکستە سەربازییەی کە دووچاری رژێمی عێراقی بوو دوای خۆبەدەستەوەدانی سەرشۆڕانەی سوپا لە جەنگێکی نادادپەروەرانە و نا هاوسەنگدا، کە رژێم سوپای خستە ناوی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی، هەستی جوڵاند و ویستی هەرەمەکی بەزری لای عێراقیەکان ورووژاند بۆ رزگاربوونی کردەیی لە دەست رژێمی بەعس، بەمەش راپەڕینی میللی بەرفراوان دروستبوو کە هاوکات بوو لەگەڵ رووخانی خێرایی سوپای عێراقی، بەمەش بەرەی کوردستانی توانی بچێتە ناو کەرکووك و جڵەوی کارەکان بگرێتە دەست، ئەمەش لە سەرجەم پارێزگاکانی تری ناوەڕاست و باشووری عێراق روویدا. بەڵام ئەمریکا وەك نەریتی خۆی پەیمانەکەی لەگەڵ کۆمەڵگای عێراقی بەجێنەهێنا، بەڵکو وەك بینەرێك سەیری چۆنیەتی کوشتنی هاوڵاتییە راپەڕیوەکانی دەکرد بەدەستی رژێم لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و کوردستاندا و چاودێری رووخانی راپەڕین و هەڵاتنی جەماوەری راپەڕیویی دەکرد لە ژێر گورزە خوێناوییەکانی رژێم بەرەو ئێران و تورکیا و سعودیەوە. زانیارییەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەمریکا تەنها وەك بینەرێك نەوەستا بەڵکو بە کردەیی یارمەتی رژێمی عێراقیدا بۆ لە ناوبردنی راپەڕین لە میانەی رێگە دان بە هێزە تایبەتەکەی و فڕۆکەکانی

---

(١٨٦) د. فالح عبد الجبار، حلبجة وشفاء الوعي الثقافي العربي، ورقة قدمت الى المؤتمر العلمي الاكاديمي الاول حول الانفال المنعقد في اربيل للفترة ١٤-١٦/٤/٢٠٠٣، ص ٣.

بۆ ئەوەی راپەڕیوەکانی سەرجەم عێراق بۆردومان بکەن، هەروەها هێزە ئەمریکییەکان یارمەتی سەربازیان پێشکەش بە رژێمی عێراقی کرد لە دروستکردنی پرد و رێگەدان بە گواستنەوەی هێزەکانی لە بەغدادەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق و دواتریش بۆ کوردستان بۆ ئەوەی راپەڕین لەناوبەرێت، دوای ئەوەی ئەمریکا ئەو ئامانجانەی کە هەولّی بۆدەدات، واتە دەرکردنی رژێم لە کوێت و خاپوورکردنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵگای عێراق و وەرگرتنی رەزامەندی عێراق لە رامالّین و وێرانکردنی چەکی کۆکوژ، دوای ئەوەی کە هەژمونی خۆی بەسەر ناوچەکە سەپاند(١٨٧).

لە ژێر ئەو بارودۆخە کارەساتاوییەدا، کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردستانی دەستیپێکرد بەرەو ناوچەی شاخاوییەکانی سنووری ئێران و تورکیا، ئەمەش گەورەترین راپرسی بوو لە مێژووی گەلی کوردستانی لە چاخی مۆدێرندا، لەمیانەی دووبارە رەتکردنەوەی رژێمی عێراقی، لەم بارودۆخە سەختە و زۆر ئالّۆزەدا، کە تیایدا دۆخی ماندووبوون و برسیەتی و تینوێتی و ئازار دووچاری رۆڵەکانی گەلی کوردستانی بۆوە، ئەمەش سۆزێکی بۆ ئەو تابلۆیە کارەساتاوییە بەدەستهێنا لەلایەن رای گشتییەوە، جگە لە رەوایەتی و دادپەروەری خەباتەکەی لە پێناو مافە رەواکانی کە بەهۆیەوە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش (٦٨٨) لە نیسانی (١٩٩١) دەرچوو، بەرهەمی ئەمەش دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بوو لە کوردستان، لەلایەن دەولّەتە هاوپەیمانەکان لە جەنگی کەنداوی دووەمدا، کە بڕیاری قەدەغەکردنی هاتنی فڕۆکەی عێراقیاندا لە ئاسمانی هەرێمی کورستاندا، بەمەش رژێم ناچار بوو

(١٨٧) د. کاظم حبیب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤٠

ینظر کذالك

د. رحيم عجينة، قراءة سياسية لقرار مجلس الامن (٦٨٨)، الثقافية الجديدة، العدد (٢٥٩)، ١٩٩٤، دمشق، ص ٧.

هێز و دەزگا سەرکوتکەر و کارگێرییەکانی لە بەشێکی گەورەی کوردستان بکشێنێتەوە، بەڵام پارێزگاری لە بوونی خۆی کرد لە کەرکووك، هەروەها پارتەکانی بەرەی کوردستانی و هێزە چەکدارەکانی دەستیان کرد بە باڵادەستی و سەرپەرشتیکردنی ئەو ناوچانە، بەمەش بۆ یەکەمجار گەلی کوردستانی توانی ئازادی و ئۆتۆنۆمی راستەقینەی هەبێت.

لە ١٩٩٢/٥/١٩ دا گەلی کوردستانی بۆ یەکەمجار لە مێژوویدا و لە پرۆسەیەکی مێژوویدا کە نموونەی کەم بوو، بەرەو سندووقەکانی دەنگدان رۆیشت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەروەها کورسیەکان بە یەکسانی لە نێوان پارتی دیموکراسی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دابەشکرا، پێنج کورسیش بۆ ئاشورییەکان تەخانکرا، یەکەم حکومەتیش پێکهێنرا کە لە پەرلەمان سەرچاوەی دەگرت لە(١٩٩٢/٧/٥)، و دەسەڵاتی یاسادانان دامەرزاند، دواتریش بڕیاری پەرلەمانی کوردستان دەرچوو بەوەی کە فیدراڵیەتی راگەیاند و پەیوەندی فیدراڵیەتی بۆ کوردستان هەڵبژارد لەگەڵ هەر حکومەتێکی سەنتەری دیموکراسی عێراقی.

لە بەرئەوەی کۆمەڵگای کوردستانی ئاشنا نەبوو بە بەها دیموکراسییەکان، بە هۆی ئەو سەرکوتکردن و تیرۆرەی کە لەسەر دەستی رژێمە دیکتاتۆرە یەك لەدوای یەکەکانی دووچاری بۆوە، ئەوا شەڕی ناوەخۆ لە (١٩٩٤)دا بەرپابوو بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵات، کە زیانێکی گەورەی بە کۆمەڵگا گەیاند و بەربەستەکانی گەورەتر کرد لەبەردەم دروستبوونی رای گشتی کوردستانی و دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی، چونکە چوارچێوە دیموکراسی و ئازادییە سەرەکییەکانی تاك و کۆمەڵگا بەرتەسك کردەوە، رۆڵی دامەزراوە جەماوەری و پیشەیی و چالاکییە دیموکراسیەکانی پەراوێز خست، بۆ ئەوەی دووبارە و سەر لەنوێ ئاژاوە و پووچگەرایی باڵادەست بێت و کوردستان بخاتە ناو نادیار، چونکە

کەشێکی دروستکرد، لێوریێژە بە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی سەرلەنوێی جەنگ، هاندانی پەیوەندی لەگەڵ رژێم[188].

ئەو هەوڵانەی کە دڵسۆزەکان لە کۆتاییەکانی (١٩٩٨) دایان، ریگا خۆشکار بوو بۆ دانیشتنی هاوبەش لە نێوان حیزبە کوردستانیەکاندا، کە باوەڕی کرد بە بێتوانای چەك لە چارەسەرکدنی کێشە سیاسیەکانە، تاکە چارەسەریش خۆی لە پەنا بردن بۆ چارەسەرە ئاشتیخوازەکان دەبینێتەوە، ئەم هەوڵانەشە بووە هۆی گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی و پرۆژەیەکی هاوکارانە، کە لە میانەیەوە حیزبە کوردستانییەکان توانییان هەڵبژاردنێکی هاوبەش لە ٢٠٠٤/١٢/٢١ ئەنجام بدەن، کە گەلی کوردستان بەرەو سندووقەکان چوون بۆ جاری دووەم لە پێناو هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بۆ پەرلەمانی کوردستانی عێراق، لەبەر رۆشنایی ئەمەشدا حکومەتێکی هاوپەیمانی دروستکرا.

دەرککردنی حیزبە کوردستانییەکان بە گرنگی رێگای ئاشتی مەرجێکی سەرەکیی و عەقلانییە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستانی عێراقدا. رێککەوتنی حیزبەکان لە کوردستانی عێراق لەبارەی بەرنامە و ئامانجەکانی گەشەپێدانی کوردستان و کەرەستەکانی، جێبەجێ نابێت تەنها بە پیادەکردنی دیموکراسی و گفتوگۆ و باوەڕپێکردن نەبێت. ئەم شێوازانەش پێوستی بە دەسەڵاتی دیموکراسی هەیە، کە شارەزایی دروستکردنی رایەڵێکی ئەکتیڤ لە نێوان دیموکراسیەتی سیاسی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، چونکە دیموکراسی تەنها پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو بنەمایەکی رێکاری پێوستە بۆ گەیشتن بە رێککەوتنی کۆمەڵایەتی و ئاشتی و کەڵەکەکردنی شارستانی، لە جیاتی وێرانکردنی خودی و خۆکوشتنی بەکۆمەڵ، ئەمەش پێشمەرجە بۆ دروستکردنی هەر پرۆژەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی زیندوو، گەرانتیەکە بۆ دانانی بەرنامەی شێلگیرانە کە

(١٨٨) سلام أبراهيم كبة، المجتمع المدني في كوردستان العراق، النهج العدد (٥٦)، ١٩٩٩، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، دمشق، ص ٦٠.

بەرجەستەکەری هیواکان و بەرژەوەندییەکانی سەرجەم گەل بکات. ئەمە پێوستی بە ریشەکێشکردنی روانگەی رابردووخوازی هەیە، هەروەها دەبێت بە شێوەیەکی شارستانی مامەڵە لەگەڵ کات و بزاوتی گۆڕان بکەین، بە شێوەیەك هەڵکشێ بەرەو رۆحی چاخەکە. هێزە دیموراسییەکانی کوردستانی لە کێبڕکێدان لەگەڵ کات بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ قەیرانە ناوەخۆکان و دەرخستنی رووی گەشی بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی لە کوردستان(١٨٩).

پرۆسەی دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستی بە بنەمایەکی پیشەسازی هەیە، چونکە مەدەنیترین کۆمەڵگاکان کۆمەڵگا پیشەسازییەکانن، کۆمەڵگا پیپشەسازییەکان پشت بە رێکخستن دەبەستن، نەوەك تەنها لە کاروباری بەرهەمهێنانی گشتی، بەڵکو لە کاروبارەکانی بەکاربردن و پەیوەندییەکانی نێوان گرووپەکان و رەفتاری رۆژانەی تاك و سەرجەم ئەو دەستکەوتانەی کە پەیوەستە بە بەرژەوەندییەکانی تاکەکان. ئاوەدانی پیشەسازی و کولتووری مەدەنی هانی بڵاوبوونەوەی هزری رەخنەیی واقیعی زانستی دەدات لەسەر بنەمای دیالیکتیك و گفتوگۆ و رێزگرتن لە بیروباوەڕی کەسانی تر، وەلای نیشتیمانی بەسەر وەلاکانی تر پێشدەکەوێت، کاریش دەبێتە بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەمەش وەبەرهێنان دەبێتە پێوەرێك بۆ دەستنیشانکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و بەشداریکردن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و ئامانجێك بۆ سەرجەم چالاکیەکانی تاك و گرووپەکان، کولتووری کۆمەڵگای مەدەنی پێگەی تاك بەو ئەرکە دیاری دەکات کە ئەنجامی دەدات، نەك بە خێزان، یاخود خێل، یاخود تیرە، یاخود ئەو ناوچەیەی کە ئینتیمای بۆ دەکات(١٩٠).

بەردەوام پیشەسازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خێڵەکی و خزمایەتییەکانی خێزان لاواز دەکات، بە شێوەیەك رەوتەکانی پیشەسازی وا لە خێزان دەکات پەیوەندییە

---

(١٨٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

(١٩٠) ناصیف نصار، نحو مجتمع جدید، دار الطلیعة، بیروت، ١٩٨١، ص ١٨٣.

یەکگرتوەکانی لەگەڵ خزمەکانی نەمێنێت، لە دەرەنجامی گواستنەوەی جوگرافی، یان پیشەیی، یان کۆمەڵایەتی[١٩١]. دواتر ڕێکیان دەخاتەوە لەرووی دیمۆگرافی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییە، تاوەکو پێکهاتەی چۆنایەتی مرۆیی لە شار دروست دەکات، بەمەش سەرجەم پەیوەندییە پێش مەدەنییەکان دەپچڕێنێت[١٩٢]. بۆیە پێگەی کۆمەڵایەتی تاك لە کۆمەڵگای پیشەسازی بە گوێرەی ئەو دەستکەوتە ئابووری و کولتووری و پیشەییانە دیار دەکرێت[١٩٣].

شۆڕشی پیشەسازی بوو ئەو وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی دروستکرد، کە بەرۆڵی خۆی بووە هۆی دەرکەوتنی چەمکی مرۆڤی تاك، مرۆڤ بە کردەیی ئازاد لە کۆمەڵگا کراوەدا، نەوەك هەر تەنها لە ئاستی ئابووری بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسی و کولتووریشەوە. ئەم رۆڵە بە درێژایی ئەم مێژووە دەستەبەر نەکرابوو، رۆڵی تاك هاویەك بوو لەگەڵ گرووپ، ئەستەمیش بوو لێی جیابکرێتەوە. تاك لە سەدە ناوەڕاستەکاندا بە نوێنەری شێوزێك لە گرووپ دادەنرا، کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاست بۆ چەندین چین دابەشبوبون کە ڕێکخستنیان سەخت و ئاڵۆز بوو و بە سەقامگیری و جێگیری جیادەکرانەوە. لێرەوە تاك نەیدەتوانی بزاوتی چینایەتی بکات و بەرەو باڵا هەڵبکشێت، هەروەها بۆچوونی ئەو لەم پێگەوە وەك ئەندامێك بوو لە چینێکی داخراو، کە نابێت لێی دەربچێت. ئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی نێو کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاست لە کۆمەڵگای مۆدێرن جیادەکاتەوە، کەمی ئازادیی تاکییە.

هەموو تاکەکان لە ماوە سەرەتاکاندا کۆتکرابوون بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، تەنها هەلێکی لاواز لەبەردەم مرۆڤدا هەبوو بۆ بزاوتی کۆمەڵایەتی لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر، یاخود لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر،

---

(١٩١) د. احسان محمد الحسن، التصنیع وتغیر المجتمع، دار الرشید للنشر، بغداد،١٩٨١، ص ٣٢.

(١٩٢) علي عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦.

(١٩٣) د. احسان محمد الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

جگە لە چەند ئاوارتەیەك نەبێت كە دەبوایە لەم شوێنەدا بمێنێتەوە كە لە دایكبووە. بەڵكو لە زۆربەی حاڵەتەكاندا ئازادی ئەوەشی نەبوو كە بە ئارەزووی خۆی بپۆشێت و ئەوە بخوات كە دەیەوێت. ڕێسایەك لە پابەندییەكان بەسەر ژیانی كەسی، ئابووری و كۆمەڵایەتی هەژموونداربوو، هەرگیز نەیدەتوانی لەڕووی پراكتیكیەوە لێی رزگاربێت. بە گوزارشتێكی وردتر، كۆمەڵگای سەدەكانی ناوەڕاست تاكی لە ئازادی بێبەش نەكردبوو، چونكە هێشتا ئەو تاك بوونی نەبوو، هێشتا مرۆڤ لەگەڵ نێوەندە كۆمەڵایەتییەكەی تێكەڵاوبوو لە ڕێگای پەیوەندییە كۆمەڵایەتییە سروشتییەكان، خۆی وەك مرۆڤ وێنا نەدەكرد تەنیا لە میانەی ڕۆڵ و پێگە پەتییەكەی نەبێت. تاكی مۆدێرن لەسەر پاشماوەكانی هەڵوەشاوەنەوەی ئەو كۆمەڵگا چینایەتیە داخراو و جێگیرە دروستبوو. ئەو پرۆسەی وەرچەرخانە پێویستی بە چەندین سەدە هەبوو تاوەكو لە میانەی توێژە كۆمەڵایەتی و هێزە تازەكان دروست بوو، لە گرنگترینیان دەركەوتنی چینی ناوەڕاست لە بازرگان و خاوەن كارگەكان، كە كۆمەڵگای سەدەكانی ناوەڕاستیان بە بەربەستێك دادەنا لەبەردەم گەشە و پێشكەوتنی بەرژەوەندییەكانیان. لە دەرەنجامیشدا ئەو هێزە دروستبووانە سەركردایەتی شۆڕشی پیشەسازی و كۆمەڵایەتی سەرتانسەریان كرد و بووە هۆی ئەوەی كە وایكرد كەرەستەكانی ژیان پسپۆڕیتر و تاكگەریتر و جۆراوجۆرتر بێت، ئەو پرۆسەی پەرەسەندنە گشتگیرەش هەلێكی بۆ تاك فەراهەمكرد كە لە ژماردندا نەبوو لە كۆمەڵگا نەریتییەكان[194].

لاوازكردنی شێوەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی نەریتی، وەك هۆز، یاخود خێڵ، یاخود تیرە، هەر دەبێت لەگەڵیدا شێوازی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی مۆدێرن سەرهەڵبدات، وەك سەندیكا كرێكارییەكان و پارتە سیاسیەكان و پەیوەندییە پیشەییەكان، كە ئەلتەرناتیڤێكی ئەو شێوازە نەریتییانە بە تاكەكان دەبەخشێت كە لە

(١٩٤) د. سربست نبی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

دوای خۆیان بە جێیانهێشت، نموونەی ئەو شێوازە ڕێکخستنە مۆدێرنانە ئەوەیە کە پێی دەگوترێت (کۆمەڵگای مەدەنی)، ئەمەش ئەلتەرناتیڤی ئەرکگەری دامەزراوەکانی کۆمەڵگا نەریتییەکانە، دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە سروشتی خۆی، لەسەر بنەمای (هاوکاری و هاوپیشەیی) (یەکسانی) و (یەکانگیری ئۆرگانی)دروست دەبێت، بەمەش قەرەبووی تاکەکان دەکات لە قۆناغی گواستنەوە لە کۆمەڵگای نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگای مۆدێرن، کۆمەڵگای مەدەنی(١٩٥).

ئەو حاڵەتەی کە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا جیادەکرێتەوە، بە سەربەخۆیی تاك لە خێزان و خیڵ و هۆز، هەروەها پشت بەستنی تاك بە کۆمەڵگا و پشتبەستنی کۆمەڵگا بە تاك، کۆمەڵناسی ئەو دۆخەی ناوزەند کردووە بە کۆمەڵگای مەدەنی(١٩٦).

بە سوود وەرگرتن لە هەموو ئەوانە ئەوا کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگایەکە جیاوازە لە رووی سروشتی چوارچێوە و پەیکەری پێکهاتەکەی، لە کۆمەڵگای خێڵەکی یاخود هۆزەکی، یاخود تائیفیدا، بەشێوەیەك ئەو چوارچێوە و کەرتە کۆمەڵایەتییە داخراوانە دروستدەکات، تاکەکانیشی کۆت دەکرێن بە عورف و نەریتە کۆمەڵایەتییە بۆماوەکان، یاخود پابەند دەکرێن بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی شێخی خێڵەکەیان، یاخود هۆز، یاخود سەرۆکی تیرە. کۆمەڵگای مەدەنی لەسەرەتای دروستبونییەوە، شێواز و رایەڵ و پابەندییە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان سست دەکات، بەمەش تاك هۆشیاری بەخودی دەبێت بەوەی کە تاکێکی سەربەخۆیە لە ویست و بڕیارەکانی، بەهۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگا لە هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوی، تاك بە دوای بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی دەگەڕێت، لە چوارچێوەی ئەو چینەی کە ئابووری بازاڕ یاخود ئابووری کراوە دروستی دەکات.

---

(١٩٥) د. سعد الدين ابراهيم، نحو فهم الثقافي شامل للاقليات في الوطن العربي، ورقة قدمت الى الابعاد الثقافية لحقوق الانسان في الوطن العربي، مركز الدراسات الانمائية، القاهرة،١٩٩٢، ص ٣٥٤.

(١٩٦) شاهر احمد نصر، الدولة والمجتمع المدني، دار الرأي للنشر، دمشق، ٢٠٠٥، ص ١٨٣.

هۆشیاری خودی تاك و هەستکردن بە تاکگەری و بەرژەوەندییەکانی، وایلێکردووە زیاتر کەرتە کۆمەڵایەتییە کۆن-نەریتییەکان خاپوور بکات، یارمەتیدەر دەبێت لە دووبارە دروستکردن و پێکهێنانەوەی بە پێی بەرژەوەندییەکان و بەرژەوەندی ئەو کەرتە کۆمەڵایەتییەی کە ئینتیمای بۆ دەکات، لەرووی چینایەتی، یاخود بارستەی کۆمەڵگای مەدەنی. چونکە یەکەم بنەمای کۆمەڵگای مەدەنی باڵادەستی رۆحی تاکییانەی دروستکارە، خودی کۆمەڵگا ئەو کاتەی دەگاتە ئەو قۆناغەی کە چیتر تیایدا دەسەڵاتی عورف و نەریت و دەسەڵاتی شێخ و میرەکان.... هتد بوونیان نەمابێت، بە نهێنی و ئاشکرا سەروەری یاسا پیادە بکرێت، هێزە کۆمەڵایەتیەکان دایانرشتبێت و خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندی تازە(چینایەتی) بین، هەروەها تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای نەریتی پێشوویان تێپەڕاند بێت لە بەرژەوەندی و میکانیزمی کارکردن و بەرهەمهێنانی سامانی ماددی و رێگای دابەشکردنی، واتە ئەو کاتەی بەرژەوەندییەکانی تاك و ئەو چینەی ئینتیمای بۆ دەکات، ببێتە خاڵی دەسپێکی سەرەتای یاسادانان و دروستکردنی دامەزراوەکان، ئەوا ئەو کات دەڵێن کە ئەو کۆمەڵگایە مەدەنییە(١٩٧).

دەستپێکردنی پرۆسەی پیشەسازی دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونی چینی مەدەنی ناوەڕاست، هەروەها سەرهەڵدانی چینی کرێکار و پتەوتربوونی تواناکانییەوە. هەرچەند پەرەسەندنی پیشەسازی فراوان و گشتگیر بێت، ئەوا سیماکانی هێزەکەی لە ئابووری گەورەتر دەبێت. بەمەش دەبێتە بۆ ئەگەری گەورەبوونی هێز و بایەخی رۆڵی چینی بۆرژوازی و چینی کرێکاران و لەگەڵ دروستکردنی کۆمپانیا و کارگەکان لە شاردا، چڕی کرێکاران و بەرهەمهێنان زیاد دەبێت، ئەو کارەش توانای ئەو دوو هێزە پەرەسندووە دوو هێند دەکات لەسەر رێکخستنی کاری بە کۆمەڵ و کارلێککردنی چالاکییەکانیان لەسەر هاووڵاتیانیش زیاد دەکات. ئەو پەرەسەندنە پیشەسازییەش

---

(١٩٧) عدنان عويد،الايديولوجيا والوعي المطابق، دار التكوين للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٦، ص ١٤٦.

ئابووری چەقیو دەگۆڕێت[198]. گەشەی ئابووری دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە ئازاد و سەربەخۆکان، نەوەك تەنها چاودێری کاری حکومەت دەکەن، بەڵکو بەشداری و شارەزایی سیاسی زیاد و بریقەدار دەکات، بۆچوونی تازە پێشکەش دەکات و بەرەو پێشی دەبات، هەروەها گەشەی ئابووری دەبێتە هۆی گۆڕانی بەهایی لای دانیشتووان. لە ڕووی پرەنسیپەوە هاووڵاتییەکان زیاتر دیموکراسی بە گرنگ دادەنێن، زیاتر لێبوردە و میانڕەوتر و خاوەن خودی خۆیان و عەقلانی دەبن لەو بابەتانەی تایبەت بە سیاسەت و ئۆپۆزۆسیۆنی سیاسی. بەمشێوەیە کولتووری سیاسی مەدەنی دیموکراسی دروستدەبێت[199]. هەروەها زۆربوونی سامان ئاستی نایەکسانی کەمدەکاتەوە، بەمپێیەش جیاوازی چینایەتی کەمدەبێتەوە و ڕۆڵی چینی ناوەڕاست زۆر دەبێت کە ململانێیەکان هێمن دەکاتەوە بە هۆی پاڵپشتیکردنی بۆ حیزبە میانڕەوەکان و دیموکراسیی و باڵادەستی یاسادا[200]. هاووڵاتییەکان ناتوانن بە مافەکانیان شادبن ئەگەر دەسەڵات بە یاسا پابەند نەبێت، بەو مانایەی پابەند بێت بە ڕێساگەلێك کە سنوور بۆ کاری دەوڵەت دادەنێت، کە لەمەدا پشت بە مافەکانی تاکەکان لە پەرەسەندنی بۆچوون و چێژە تایبەتەکانیان دەبەستێت لە هەوڵدانیان بۆ ئامانجە تایبەتەکان و دەستەبەرکردنی پێگە و بەهرەکانیان. باڵادەستی یاسا ڕستێك مەرج دێنێتە ئاراوە کە یارمەتی تاکەکان دەدات لە بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی بە کارهێنانی ئەو وزە و کەرەستانەی کە لە ژێر دەستی خۆیان دایە[201].

ڕەخنەی گشتگیر بریتییە لە دامەزراندنێکی تیۆرییە بۆ ڕەتکردنەوەی بونیادی نەریتی، لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئازادی، کە کار دەکات لە پێناو دامەزراندنی

(١٩٨) غرايم جيل، ديناميات السيرورة الديمقراطية والمجتمع المدني، ترجمة: شوكت يوسف، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٥، ص١٠٥.

(١٩٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

(٢٠٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

(٢٠١) ديفيد هيلد، نماذج الديمقراطية، ترجمة:فاضل جتكر، معهد الدراسات الإستراتيجية، بغداد، بيروت،٢٠٠٦،ص ٤٤٥.

دیدگایەکی واقیعی و عەقلانی، ئەو فەلسەفەیەی کە بانگەشە بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵات و کۆمەڵگا دەکات لە یەکتر و بەیەکەوە گرێدانیان لە میانەی یاسا و مافەکان. چونکە راستی ئەو فەلسەفەیە هیچ نییە جگە لە فەلسەفەی چینی ناوەندی سەرکەوتوو، ئەو فەلسەفەیەش دەرکەوتە نموونەییەکەی خۆی لە میانەی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبینێتەوە. ئەمە ئەو فەلسەفە پراکتیکیە مێژووییەیە کە کولتووره گونجاوەکەی لە سەرجەم بوارەکان داهێناوە، وایکردووە مافەکان بڕیاردەر و رێکخەری بوونی تاك و گرووپ و دامەزراوەکان بن بە گشتی. ئەمەش چونکە مێژووی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دروستکردنی دامەزراوە رەواکانی دەوڵەت، شێوەیەکی سیاسی تێکشکاندنی دەسەڵاتی رەهابوو.

هەقیقەتی فەلسەفەی ئازادی بە پێی پێودانگەکانی دیدی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، بریتییە لە زنجیرەیەك لەو هەنگاوە کردەییانەی کە ئازادی تاکی و کۆمەڵایەتی بە هێزی یاسا دەپارێزێت، ئەو هەنگاوانە زنجیرەی تەواوکاری پێویست پێکدێنێت بۆ دامەزراندنی هۆشیاری خودی، بەو پێیەی مەرجی پێوستە بۆ کاراکردنی پێکهاتە و رەگەزەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئازاد، لە خۆبەخشین و ئەزموندا(٢٠٢).

کۆمەڵگای مەدەنی کایەی ئازادی تاکی و کۆمەڵایەتییە و بنەمای سەرەکی دەوڵەتە و بەپێشی دەکەوێت. لەبەر رۆشنای ئەوەی باسکرا ئەوە دەردەکەوێت کە پرۆسەی بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی پەیوەستە بە پرۆسەی مۆدێرنەکردن و بەردەوام دامەزراوە و رێکخراوە نانەریتییەکان گوزارشتی لێدەکات. بنەمای پێکهاتە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان، بنەمای بەرهەمهێنانی پیشەییە، پێگەی تاك لەکۆمەڵگادا (کۆمەڵگای مۆدێرن) لەسەر بنەمای پێگەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مۆدێرن دیاریدەکرێت، کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی کار و پسپۆڕییبوون و عەقلانیەتی کارگێڕی دروستبووە. هەروەها لەسەر بنەمای پێگە پیشەییەکەی وەستاوە کە ئەویش پشت بە ئەنجامدان، لێهاتوویی، راهێنان و باکگراوندی فێرکردن

---

(٢٠٢) میثم الجنابي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٩.

دەبەستێت، ئەو دوو ئیعتیبارە گرنگترین ئەو جیاوازییانەن کە کۆمەڵگای مەدەنی لە کۆمەڵگای نەریتی جیادەکەنەوە(٢٠٣).

هەرچی لە هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئەوا لە جیاتی ئەوەی حکومەتی هەرێم پلانێك دابڕێژێت بۆ بە پیشەسازیکردنی کۆمەڵگا، ئەوا هەڵوێستێکی جیاوازی وەرگرت، بۆ نموونە لە هەولێر چەندین کارگەی بەرهەمهێنانی چنینی خووری و جگەرە و مافوور و شیرەمەنی(البان) و لە قوتونان هەبوو، کە پێداویستییەکان بۆ بازاڕی ناوەخۆ دابیندەکرد، زیادەکانیشی بۆ بازاڕی بیانی دەنارد و پێشوازیکردنیش لێی زۆر بەهێز بوو بەهۆی باشی جۆرەکانی. ئەو کارگانە لە بەرهەمهێنان وەستان و ئامێر و مەکینە و زەوییەکان فرۆشران، کرێکارەکانیشی هاتنە ریزی سوپایەکی بێ شوماری بێکارەکان لە کوردستان، بەمەش هەزاران خێزان سەرچاوەی بژیوی خۆیان لەدەستدا. لە بەرامبەردا دەروازەی بازاڕەکان بۆ کۆمپانیا بیانییەکان کردەوە کە پڕیان کرد بە کاڵاکانیان، لە نێویشیاندا بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بەمەش هیچ بەرهەمێکی نیشتیمانی لە بازاڕ نەما، ئەو کۆمپانیانە قازانجێکی زۆریان دەستکەوت، کۆنترۆڵی چارەنووسی ئابووری نیشتیمانیان کرد، هەڵاوسان زۆربوو و ڕێژەی بێکاریش رووی لە زیادی کرد، بەمشێوەیە کۆمەڵگای کوردستانی لە کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەوە بۆ کۆمەڵگایەکی بەکاربەر گۆڕا، ئەمەش لە خزمەتی بۆرژوازیەتی مشەخۆر و بۆرژوازییەتی بیرۆکراسی بوو، کە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بەمەش حکومەتی کوردستانی عێراق زۆربەی بودجە کە لە بەرهەمی نەوت دێت، بۆ موچەی فەرمانبەر و دەزگا حیزبییەکان تەرخان دەکات. ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە و نموونەی لە هیچ کۆمەڵگایە کی تر نییە. بە زانینی ئەوەی کە زۆربەی جار، دامەزراندن لە فەرمانگەکانی حکومەت لە ڕێگای تەزکیەی حیزبییەوە ئەنجامدەدرێت.

کوردستانی عێراق لێوڕێژە بە کەرەستەی خاو و سەرەکییەکان و شارەزایی هونەری پێشکەوتوو و جۆراوجۆر و چەندانی تر لە بنەماکانی بوژانەوەی پیشەسازی، بەڵام

---

(٢٠٣) سعد الدين إبراهيم، مستقبل المجتمع والدولة في الوطن الغربي، منتدى الفكر العربي، عمان_الأردن، ١٩٨٨، ص ٢٣٢.

کێشەکە لە بڕیاری سیاسییە یاخود بەڕیوەبردنی ئەو توانایانە و ئاراستەکردنیانە بە ئاراستەیەکی راست بە شێوەیەك بەرهەمی هەبێت. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە پارەیەکی زۆر لە دراوی بیانی دەکرێت پاشەکەوت بکرێت بە پشتبەستن بە بەرهەمهێنانی خۆماڵی لە جیاتی ئاوردەکردن، بەمشێوەیە پارەی زۆر دەستدەکەوێت و لە کۆمەڵگا دابەشدەبێت لە جیاتی ناردنی بۆ دەرەوە. بەمەش هەلی کارکردن و بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی بێکاری فەراهەم دەکرێت.

کۆمەڵگای کوردستانی لەدەست دووفاقیەتێکی کولتووری دەناڵێنێت، کە بریتییە لە هەڵوەشانەوەی بونیادی نەریتی، بەڵام بەتەواوی لە ناو نەچووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی بونیادێکی نیمچە مۆدێرن کە هێشتا پێی نەگەیشتووە، ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی-ئابوورییە شێوە کۆتاییەکەی خۆی وەرنەگرتووە، هەروەك دەرهاویشتە چینایەتیەکانیش هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغی کۆتایی.

نیمچە ئابووری و نیمچە پەرەسەندن و نیمچە گەشەسەندن و نیمچە دامەزراوە، لە شیکردنەوەی کۆتاییدا نیمچە کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەبەخشێت، ئەمەش پەیوەندی دیموکراسی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی دەستنیشاندەکات، بەو مانایەی کە دیاریکردنی دیموکراسی مەدەنیبوونی کۆمەڵگا دیاردەکات. بەمشێوەیە هیچ کۆمەڵگایەکی مەدەنی نییە لەگەڵ دواکەتوویی، ئابووری دەستکەوت، هەرچەند قەبارەی زۆر ئەو دەستکەوتەش گەورە بێت، ئەمە بێتواناترە لەوەی گوێزەرەوە و هەڵگری فرەیی سیاسی و دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی بێت. دەستکەوت مانای ئەو داهاتەیە کە لە نەوت دێت نەك لە زنجیرەی بەرهەمهێنان، ئەم دۆخە ئابوورییەش میکانیزمە خودییەکانی خۆی دەرنەهاوێژێت کە توانای هێنانە کایەوەی بونیاد و دامەزراوەکانی هەبێت کە مۆرکێکی مەدەنی بە کۆمەڵگا ببەخشێت، بەڵکو ئابووری دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت، ئەویش بەوشێوەیە خەرجی دەکات کە لە بەرژەوەندی پاراستنی خۆی و تۆکمەکردنی دەسەڵاتەکە و بەهێزکردنی دەزگاکانی بێت[(٢٠٤)]. کەچی کۆمەڵگای مەدەنی پشت بە سیستەمێکی

(٢٠٤) د. احمد شكر الصبيحي، مستقبل المجتمع المدني في الوطن العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩٢، ص ٢٣١.

ئابووری دەبەستێت کە جەختدەکاتە سەر رۆڵی گەورەی کەرتی تایبەتی نیشتیمانی و دەسپێشخەری تاکی، کە رێگا بە تاکەکان دەدات پێداویستیەکانیان تێر بکەن بە دوور لە دەستێوەردانی دەوڵەتە، کە دەبێت دەستێوەردانی لە بواری ئابووری تەنها دانانی هەندێك رێسای رێکخستنی چالاکییە تایبەتەکان بێت، هەروەها ئەنجامدانی ئەو پرۆژە و پیشەسازییانە بێت کە کەرتی تایبەت ناتوانێت ئەنجامی بدات. دەوڵەت چالاکییە سروشتیەکەی لە رێگای سەپاندنی بەکارهێنانی مافی خۆی لە باڵادەستی و یاسا مومارەسە دەکات و لەگەڵ دانانی سیاسەتە گشتییەکان، بەکارهێنانی مافی لە باجەکان بۆ ئەوەی خەرجی گشتی دەستەبەر بکات، ئەو شێوازە لەگەڵ سروشتی دەوڵەت دەگونجێت بەو پێیەی نوێنەری (ویستی گشتییە)[٢٠٥]. دەستێوەردانی دەوڵەت لە سەرجەم شێوەکانی چالاکی ئابووری بەربەست دروستدەکات لە بەردەم ئەگەری دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی سەربەخۆ لە دەوڵەت.

کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان هێشتا لاوازە، بە شێوەیەك ناتوانێت ئەرکی گەشەپێدانی ئابووری ئەنجام بدات، ئەمەش بە رۆڵی خۆی رێگرە لەبەردەم ئەو هەوڵانەی کە لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی دەدرێت.

هەرچی پەیوەستە بە دەسەڵاتی داداگایی کە هەڵگری ئاڵای ئازادی و دادپەروەری و یەکسانییە لەبەردەم یاسادا، کە بە بێ سەربەخۆییەکی تەواو ناکرێت کۆمەڵگای مەدەنی دروستبکرێت، ئەو دەسەڵاتە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەندێکجار بەر بەربەستی جۆراوجۆر دەکەوێت، وەك دەستەگەری خێزانی و خێڵەکی و حیزبی، کە تیایدا لایەنگرتن، دەسەڵاتی کەسی و حیزبی زاڵدەبێت. دادوەرەکانیش هەڵدەبژێردێت بەپێی بنەمای حیزبی لەلایەن حیزبی فەرمانڕەوا نەوەك پیشەیی. هەرچی پەیوەندی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکارییە، ئەوا لە ژێر کۆنترۆڵی هەژموونی حزبین، کە هەردوو دەسەڵات لەدەستی حیزبە فەمانڕەواکان چڕدەبێتەوە.

---

(٢٠٥) د. ثناء فؤاد عبد الله، اليات التغير الديمقراطي في الوطن العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩٧، ص ٢٣٣.

سەدان ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستانی عێراق بڵاوبۆتەوە، کە ڕەزامەندی وەرگرتووە دوای کۆشش و ماندووبوونێکی زۆر لە فەرمانگەکانی ئاسایش، ئەو ڕێکخراوانەش بەشداری دەکەن لە بڵاوکردنەوەی کولتووری مەدەنی و ئامادەکردنی زەمینەی هزری و سیاسی کە کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر دروست دەبێت، بەڵام ئەو دامەزراوانە بەردەوام ڕووبەڕووی چەندان بەربەست دەبن لەلایەن حیزبی فەمانڕەوا، کە هەوڵ دەدات بۆ گۆڕینیان بۆ ڕووخسارێکی ڕێکخستنی خۆی و کەرەستەیەك لە کەرەستەکانی ڕاکێشانی تاکەکانی کۆمەڵگا و برەوپێدان بە هزر و سیاسەتەکانی. بەمەش سەربەخۆیی پێوست بۆ کارکردن لەدەستدەدات، هەروەها ئەو ئامانجەش لە دەست دەدات کە لە پێناوی هاتۆتە دامەزراندن.

زیندوویی هەر کۆمەڵگایەك دەردەکەوێت لەمیانەی ئەو ڕێکخراوانە، کە هاووڵاتیەکان لە میانەیانەوە گوزارشت لە بۆچوونەکانیان دەکەن و بەشداری لە پەرەسەندنی کۆمەڵگاکەیان دەکەن، هەر هەوڵێك بۆ لەکارخستن و پەراوێزخستنی ئەو ڕێکخراوانە بەڵگەیە لەسەر نائامادەیی ژیانی دیموکراسی دەستووری.

لە ریزی ئەو بەربەستانەی کە ڕێگرە لەبەردەم لە دایکبوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستانی عێراق، بریتییە لەو بەرگرییەی توندەی کە هێزە دەسترۆیشتووەکانی ناو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نیشانی دەدەن، لەگەڵ پاڵپشتیکردنی دامەزراوە و هێزە پێش مەدەنییەکان و کۆمەککردنیان بە دارایی و هێز بۆ خۆراکدانی ئەو بەربەستانەی کە ڕێگرن لە بەردەم دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و بواری سیاسی دەخاتە دەرەوەی هەر پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کە قەوارەی سیاسی مەدەنی لەسەر دروستدەبێت، کە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون، عەقلانییەت، دیموکراسی و سەربەخۆیی کەسی تاك دادەمەزرێنێت، هەروەها هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی ناوەرۆك و ڕەگەزی کولتووری کۆمەڵایەتی سیاسی بەو شێوەیەی کە کولتووری باوکسالاری تەرخان دەکاتەوە، کە ڕێگا نادات بە دەرکەوتنی هزرێکی ڕەخنەیی داهێنەری، لە کۆتاییشدا دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سەرکوتکردنی هزری و سۆزداری و دەروونی.

کاراکردنی پرۆسەی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستانی عێراقدا ناکرێت دەستەبەر بکرێت بێ تاقیکردنەوەی ئامادەیی دەروونی، هزری و زیهنی سەرکردە سیاسییەکان. رەگەزەکانی ئەو ئامادەییەش ئەوانەن: شێوازی بیرکردنەوە و پەروەردەکردن و رۆشنبیرکردنی سیاسی، پرەنسیپەکانی وەرگرتنی بۆچوون و بۆچوونێکی تر، داننان بە سەروەری و پیرۆزی یاسا، رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ، کە لە بەڵگەنامە و لیستە ناوەکییەکانی هێزە سیاسی و بەڵگەنامە جیهانییەکاندا هاتوو و بەشداریکردنی راگەیاندن و هەڵقۆڵینی زانیاری مۆدێرن وەك دەسەڵاتی چوارەم لە چاودێریکردنی رەفتاری یەکە بیرۆکراسییەکان لە دامەزراوەکان لە پاڵ جێبەجێکردنی رێساکانی فرەیی سیاسی و ئازادی و دروستکردنی دامەزراوەکان بە جیاوازی خەسڵەتەکانی.

دیموکراسی سیاسی تەنها هەڵبژاردنێکی میللی ئازاد نییە، کە بەدەر بێت لە چوارچێوە یاسایی و دامەزراوەییەکان، چونکە ئەمە دیموکراسی دەکاتە گاڵتەجاری و شانۆیەکی کۆمیدی دروستکراوی قورس، کە هیچ مانایەکی نییە، تەنها راپرسییەکە بۆ هەڵبژاردنی سەرکردەکان، کە خۆی بە ناچار نابینێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو راپرسییانە لە داهاتوودا. یەکەم هەنگاو بەرجەستە دەبێت لە رێگای دیموکراسی بریتییە لە سەپاندنی چوارچێوەی یاسایی، کە ماف و ئەرکەکان و رێوشوێنە پێوستەکان جێبەجێدەکات، دەشیپارێزێت بە شێوەیەك تەنانەت دەستە هەڵبژێردراوەکانیش ناتوانن ئەو مافانە تێبپەڕێنن. لەو کاتەدا پێودانگی ئاکاری تازە دروستدەبێت کە یارمەتی دەرە لە بەخشینی مۆرکێکی مرۆیی بە چالاکییە بابەتییەکان، رەمەکە کێبڕکارەکان سنووردار دەکات کە خزمەتی بەرژەوندییە خودییەکانی تاك و گرووپەکان دەکات، بەمەش کۆمەڵگا لە رۆحێکی هاوبەش تێر ئاو دەبێت، کە پێچەوانەی شێوازی میکاڤیلیە[٢٠٦]. کە باوەڕی بە پرەنسیپی (ئامانج پاساو بۆ کەرەستە دەهێنێتەوە)، کە وەك یارییەك لە سیاسەت دەڕوانێت کە لەسەر رفێڵکردن دروستبووە، ئەمەش دژی تێگەیشتنی دروستی سیاسەتە بەو پێیەی کە زانستێك و هونەرێکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و رێکخستنیەتی بەشێوەیەك پێشکەوتن و گەشەسەندنی دابیندەکات.

---

(٢٠٦) سلام ابراهیم کبة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢.

# بەشی هەشتەم

## سەرهەڵدان و رووخانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراقدا

**د. سامی زوبەیدە**

وەسفکردنێکی باو هەیە، کە دانیشتووانی عێراق بە پێکهاتەیەکی دابەشبوو بۆ سونییەکان لە ناوەڕاستی وڵات، شیعەکان لە باشووردا و کوردیش لە باکووریدا دابەشدەکات، ئەو دابەشبوونە ئایینی و ئیتنیەش بنەمای سەرەکی ئینتیما و هاوبەرپرسیارییەتی سیاسی پێکدێنێت، ئەمە دەگاتە پلەیەك کە هەڕەشە لە یەکێتی وڵات دەکات.

ئەو کەسانەی باش ئاگاداری کاروباری عێراقن، دەرك بەوە دەکەن کە ئەم (حیکمەتە باوە) تەنها کاریکاتێرێکی پەتییە. ئەمە راستە کە هێڵەکانی دابەشبوونی ئایینی و ئیتنی گرنگی خۆیان هەیە، هەروەها هێزی کوردیش مێژوویێکی پڕ لە ململانێی نەتەوەیی هەیە، بەڵام ئەو روانگەیە زۆر سیمای هاوبەش دەشارێتەوە، کە جیاوازە لەو هێڵە جیاوازانەی کە باسکرا. ئەو بۆچوونە پێش هەموو شتێك راستی فاکتەری دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی مۆدێرن، سەرهەڵدانی کایەی سیاسی کایەی کولتووری هاوچەرخ دەسڕێتەوە، لە هەموو سەدەی بیستەمدا. بەشداریکردنی چەندنی ئەندامی سەرجەم ئەو گرووپە ئایینی و ئیتنییانە لەو کایانەدا لە خۆدەگرێت، بەڵام نەوەك لەسەر بنەمای یەکانگیری ئایینی و ئیتنی، بەڵکو لەسەر بنەمای پابەندبوونی ئایدیۆلۆژی و حیزبگەرایەتی(تحزب) سیاسی، سەرکوتکردنی ئەو کایانەش لەسەر دەستی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان و لە ناوبردنیان بەشێوەیەکی

نیمچە تەواو لەماوەی حوکمکردنی بەعسدا، ئەو فاکتەرە سەرەکییە بوو کە پاڵپشتی لە دەرکەوتنی دەمارگیری خۆجێی کرد.

من چەمکی (کۆمەڵگەی مەدەنی) بە مانایەکی تەواو دیاریکراو بەکاردەهێنم: کە بریتییە لە کۆمەڵگای هاووڵاتییان، تاکە چالاکەکان لە بواری گشتی، ئاگادار و سەرقاڵانی چالاکییە ڕێکخراوەیی، حیزبییەکان، بەریەککەوتن و کێبڕکێی(٢٠٧) ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە هەردوو سەدەی (١٩) و (٢٠) گواستویانەتەوە بۆ مۆدێرنیتە، ئینجا لە رابردوویەکی ئیمبریالی، یاخود کۆلۆنیالی سەرچاوەیان دەگرت، ئەوا دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن کەرەستەیەك بوو بۆ دروستبوونی هەلومەرج و پانتاییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.

جیهانی ئەو کۆمەڵگا مەدەنیانە فەرمانبەری بەرپرسانی حکومەت، رۆشنبیر، مامۆستا، رۆژنامەنووس و هونەرمەندان لەخۆدەگرت، لە پاڵ کەرتەکانی کار و پیشە تازەکان، هەروەها هەندێکجاریش چەندین کەرتی لە زۆرینەی خەڵك لەخۆ دەگرێت وەك رەگەزە رێکخراوەکانی چینی کرێکاران.

لە دەستپێکدا ئەم توێژانە لەگەڵ کەرتە(نەریتییەکان) دەژیان، کە زۆرینەی دانیشتووانیان پێکدەهێنا، لەوکاتدا ئەو کەرتانە فەرمانی رێکخستنی گرووپە خۆجێیەکان و هەستەکانیان بەسەریاندا دەدرا، وەك خێڵ و تیرەی ئایینی و کۆمەڵەی ئیتنی، یاخود کۆمەڵگەی لادێی، یاخود ناوچە، یاخود کەمپەکانی بازاڕ و کاری ئازاد، هی تریش لە تۆڕەکانی هاوبەرپرسیارییەتی، بەدڵنیاییەوە لە سەرەتادا (ئینتلیجینسا)ی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو پێکهاتە نەریتییانە سەرچاوەیان گرتبوو و ئاسەوارەکانی ئەو سەرچاوەیەیان پێوە دیاربوو، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوا ئەم ئینتلیجینسایە شێوەی دید و ژیان و وەلای تایبەت لایان دروستبوو

---

(٢٠٧) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنی، سەیری ئەو توێژینەوەیەمان بکە، لە ژێر ناونیشانی: (المجتمع المدنی، الجماعة و الدیموقراطیة فی شرق الاوسط.

S. Kaviraj u S Khilnani, Society: History and Possibilities, Cambridge,) CUP, 2001)

هەروەها سەیری هەردوو توێژینەوەم بکە (الاسلام، المواطنة و الجماعة) فی المجله (میدل ایست ریبورت) (MERIP) العدد ٢٢١، شتاو، ص ٢٠-٢٧.

که  لەلایەن کایە سیاسی و ئایدیۆلۆژیا مۆدێرنەکان خەت و خاڵی بۆ کێشرابوو. بە هەمان شێوەش کەرتە(نەریتییەکان) بەهۆی پرۆسەکانی سەرمایەداری و مۆدێرنە گۆڕانیان بەسەرداهات، بەڵام پارێزگاریان لە چەندین رەگەزی وەلا و هەستی کۆنیان بەرامبەر دەوڵەتی مۆدێرن، هەروەها بەرامبەر کایەی ئابووری مۆدێرن کرد. بۆ نموونە تاکەکانی(هۆزەکان) بە ناوچەی جیاوازدا پەرتبوون، زۆربەشیان بوون بە شارنشین، لەگەڵ ئەوانەشدا تۆڕی یەکانگیری و هاریکاری ئاڵوگۆڕیان دروستکرد لە چوارچێوەی هەلومەرجە تازە و مۆدێرنەکاندا. ئەم رەگەزە جۆراوجۆرانەش تێکەڵ بە دەوڵەت و کایە سیاسییەکان بوون، کە لەگەڵ خۆیاندا هەڵگری رەوتی ئایدیۆلۆژی و بەرژەوەندییە بەرتەسکەکانی گرووپ بوون ئەم جیابوونەوانە ناکۆکن.

بەرلەوەی لە باسکردنی کاروباری دۆخی عێراقی هاوچەرخ بەردەوام بم، لێمگەڕێن(دعونی) با وێنەیەکی هێڵکاری سادەکراو بۆ مێژووی ئەو وڵاتە بکێشم لە سەدەی بیستەمدا[٢٠٨]

دەوڵەتی مۆدێرن لە عێراق لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا لە ساڵی(١٩٢٠)دا دامەزرا. کە لە هەر سێ ویلایەتی عوسمانی پێکهاتبوو: ویلایەتی بەغداد، ویلایەتی بەسرەو و یلایەتی موسڵ. دەوڵەتیش بەرهەمی کۆششی هەردوو ئیدارەی کۆلۆنیالی بوو: یەکەم، دەوڵەتی تازەی عوسمانی کە دروستبوو دوای رێکخستن و دەستووری تورکیای لاو لە ساڵی ١٩٠٨، دووەمیش، ئینتیدابی بەریتانیا.

شارە پیرۆزەکانی شیعە(نەجەف و کەربەلا) لەپاڵ ناوچە شیعەنشینەکانی بەغدا پەیوەندی بەهێزییان بە ئێران و دامەزراوە ئایینییەکانیان هەبوو. زانا و رابەرەکانیان بەشدارییان لە رووداوەکانی شۆڕشی دەستووری ئێران کرد لە ساڵی(١٩٠٦) (شۆڕش مەشروتە). بۆیەش (چینی) ئینتلیجینسا و زاناکان ئاشنای هزری سیاسی مۆدێرن و زمانی هزری مۆدێرن بوون لەمیانەی پەیوەندیی بەستان لەگەڵ چەندین بەرە و بەشە جیاوازەکانی

---

(٢٠٨) گرنگترین دوو سەرچاوە لە بارەی مێژووی عێراقی هاوچەرخ ئەوانەن: حنا بطاطو_ الطبقات الاجتماعية القديمة، تشارلز تريب تاريخ العراق.

H. batatu: Old Social Classes u Revolutionnary of Iraq, Princeton Princeton University Press, 1987.

Charles Trip, A History of Iraq, Cambridge, Polity, 2000

جیهانی سیاسی ئەوانیش: دەوڵەتی عوسمانی، ئێران، کۆلۆنیالی بەریتانی و شۆڕشی عەرەبی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا. ئەوەی دواییش بووە هۆی دەرکەوتنی رەچەڵەکی هاشمی لە حیجاز وەکو هاوپەیمانێکی بەریتانیا، یەکێك لە ئەمیرەکانیشی کە ئەمیر(فەیسەڵ)ە دانرا بۆ ئەوەی ببێتە (پاشا)ی دەوڵەتە عەرەبییە تازەکە لە عێراق بە چاودێری ئینتیدابی بەریتانی لە ساڵی (١٩٢١). دەوڵەت دامەزرا دوابەدوای شۆڕش لە دژی داگیرکردنی بەریتانی لە ساڵی (١٩٢٠)، کە ناسیۆنالیستە عێراقی و عەرەبییەکان رێزی لێدەگرن و بە شۆڕشی(٢٠) ناوزەندی دەکەن. لە راستیدا ئەو شۆڕشە ئەنجامی هاوپەیمانی گرووپ و بەرژەوەندی جیاوازبوو: ئەو خێڵانەی کە سووربوون لەسەر سەربەخۆیی خۆیان و سووربوونیان لەسەر هەلی بەسەرداداان و دەستکەوتەکان، فەرمانبەرە عوسمانییەکانیش سووربوون لەسەر دۆزینەوەی هەلی کار، هەندێك زانای شیعەش بە گومان بوون لە ترسی کاریگەری رۆژئاوا لەسەر کەلەپوور و دەسەڵاتییان. ئەوەی گرنگە لەمەدا، ئەوەیە کە سەرکردەکانی شۆڕش داواکارییەکانیان بە زمان و دەستەواژەی سیاسی مۆدێرن دارِشت: گەل، نوێنەرایەتیی کردن، دەستوور بە کردەیش عێراق سەربەخۆیی بەدەستهێنا، دواتریش چووە ناو(کۆمەڵەی نەتەوەکان) (عصبە الامم) لە ساڵی ١٩٣٢. بەڵام ملکەچی دەسەڵاتی بەریتانی بوو، کە پشتگیری کرابوو بەهۆی بوونە سەربازییە گەورەکەی.

سیستەمی پاشایەتی فەرمانڕەوا لەژێر سایەی باڵادەستی بەریتانی لە بنەمادا سونی و عەرەبی بوو، کە باڵادەستبوو بەسەر دانیشتووانە عەرەبییەکان کە زۆرینەیان شیعەبوون، ئەوانی تریشی کوردبوون لە باکوور. ئەو نموونەیە لە باڵادەستی بەردەوامبوو لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عێراقی، بەرهەڵستکارەکانی دەسەڵاتی بەریتانی بەهێز و فراوانبوون، بەڵام لە ناوچەی جیاواز و ناکۆك دەرپەڕی. عەرەبە سونییەکان مەیلیان بۆ نەزعەی عرووبە هەبوو، لە جیهانی عەرەبییان دەڕوانی بە زۆرینە سونییەکەیەوە، بەڵام ئاراستەیەکی تر ئاراستەی چەپەکان بە نوێنەرایەتی حیزبی شیوعی و دواتریش حیزبی نیشتیمانی دیموکراتی، مەیلیان بۆ ئاراستەی نیشتیمانی عێراقی هەبوو نەوەك ناسیۆنالیزمی عەرەبی، کە هەندێك شیعە، مەسیحی، یەهودییەکان و کوردەکانی بۆلای خۆی راکێشا(کوردەکان بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی تایبەتییان هەبوو کە بەدرێژایی ماوەیەکی زۆری سەدەی بیستەم لەگەڵ

دەوڵەتی عێراقی لە جەنگدابوون) هەمیشە لایەنێکی ژیانی سیاسی بە مۆرکە نەریتی، گرووپە ئاینییەکان و خێزانە گەورەکان دەناسرایەوە کە لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتدا باوبوو. چالاکی سیاسی ئایدیۆلۆژی بەسەر ئەم رەوشە باڵادەست بوو، نەوەك بەو پێیەی رووپۆشێك بێت، چالاکییە سیاسییە تیرەگەری، یاخود نەریتییەکان بشارێتەوە، بەڵکو بەوپێیەی پابەندبوونێکی رەسەنە بە زاراوەی گەل و هاووڵاتییبوون.

ئەو پرسانەش لە دوای شۆڕشی عێراقی یەکەم لە تەمووزی (١٩٨٥) هاتە پێشەوە کە پاشایەتی و باڵادەستی بەریتانیان لە ناوبرد[٢٠٩]

ماوەی فەرمانڕەواییکردنی (عەبدولکەریم قاسم) (١٩٥٨-١٩٦٣) بووە هۆی لاوازبوونی رایەڵە تیرەگەری و لۆکاڵییەکانی حوکمی سونی و پەیڕەوکارەکانی. قاسمیش لە خێزانێکی تێکەڵاوبوو (سونی/شیعی) لێژبوو بوو، بەشێوەیەکی گشتی عێراقییەکی بەرچاوبوو، ئەمەش وایکرد بکەوێتە بەر هێرشی ناسری و بەعسییەکان. ئەو رۆشنبیر و تەکنۆکراتە چەپەکان و خاوەن مەیلە نیشتیمانییەکانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، بۆ ئەوەی لە فەرمانگەکانی دەوڵەت دایانبمەزرێنێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ماوەیە پڕبوو لە هەوڵی کودەتا و پیلانگێری دوژمنەکان، یاخود ئەو شاڵاوی سەرکوتکردنەی کە هێزەکانی ئاسایش ئەنجامیاندا، بەڵام بە کراوەترین ماوە و بەبوونی ئایدیۆلۆژیای جۆراوجۆر دادەنرێ لە مێژووی عێراقی مۆدێرندا. لەم ماوەیەدا دەسەڵاتی هۆز و خێڵ و تیرەکان رووبەڕووی بەهێزترین بەرەنگاری بوون لە شێوەی سیاسەتی پێشکەوتنخوازی، وەکو ریفۆرمی کشتوکاڵی و ریفۆرمی یاسای خێزان، یاخود لە شێوەی بووژانەوەی چالاکی سیاسی ئایدیۆلۆژی. هەر لەو ماوەیەشدا حیزبی شیوعی سەرکەوت

---

(٢٠٩) سەیری ئەو توێژینەوەیەم بکە: الجماعة، الطبقة و الاقليات فی السياسة العراقية فی کتاب روبرت فرنيا: الثورة العراقية لعام ١٩٥٨_لندن ١٩٩١.

Sami Zubaida, Community, Class u Minorities in Iraq Polities in, Robert Fernea (editor), The Iraq Revolution of 1958, London, I.B. Tauris, 1998.

سەیری ئەو توێژینەوەیەم بکە: الاجزاو تتخيل الامه، حاله العراق،

The Fragments Imagine The Nation: The Case of Iraq, International Journal f ME studies. 34, 2002. P 205_215 .

له ئامادەکردنی کەرتە فراوانەکانی دانیشتووان. ئەمەش پەرچەکرداری جۆراوجۆری لەلایەن هێزە دوژمنەکانەوە ورووژاند، کە زۆربەی جار لەلایەن ناسیۆنالیزمە عەرەبییەکان بوو. ئەو بزووتنەوانەش تەنها خەریکی چالاکی سیاسی نەبوون، بەڵکو لەوەش تێپەڕی بۆ بەهێزکردنی سیماکانی چالاکی کولتووری و هونەری دیار بوون، لەبەرایی ئەدەبەوە بۆ شانۆ و هونەرە جوانەکان لە کۆتایشدا لە بواری رۆژنامەگەرییەکی چالاك. بەشدارییەکردنی دانیشتووان لە کۆمەڵگەی مەدەنی هاووڵاتیان زیادیکرد. ئەم هەڵچوونە سیاسییانەش بووە هۆی پێکدادانی بەهێز بەڵکو لە هەندێکجاریش خوێناوی لە کۆمەڵگەیەکی ناسەقامگیردا. هێزە نەریتییە تەراخانکراوەکان بە بەرگێکی ئایدیۆلۆژی هاتنە گۆڕەپانەکە، کە زۆربەی جار بەرگێکی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو. لە کۆتاییدا ئەو هێزانە توانیان حوکمی قاسم لە ناوببەن لە ساڵی (١٩٦٣)و لە جێگاشیدا حوکمێکی سەربازی لەسەر بنەمایەکی خێڵایەتی دابمەزرێنن، ئەو حوکمەش وێنەکەی گۆڕا بۆ وێنەی سیستەمی حیزبی بەعس.

حوکمی قاسم بە کودەتایەکی سەربازی بەعسی لە ساڵی (١٩٦٣) رووخێنرا، وەکو دەڵێن بە کۆمەکی ئەمریکا بوو لە ترسی زۆربوونی دەسەڵاتی شیوعییەکان لە حکومەتی قاسمدا، بەعسییەکان لەو کودەتایە توندوتیژییەکی بەدەریان دەرخست لە سەرکوتکردنی خوێناوییانە، بەشێوەیەك خەریکی کوشتارگەی بە کۆمەڵ بوون بە مەبەستی بەرتەسکردنەوەی بنەما میللییەکانی حوکمی قاسم و حیزبی شیوعی. لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا لەسەردەستی کۆمەڵێك کەسی سەربازی، کە ئەفسەرە ناسیۆنالیست و ئیسلامییە سونییەکان لە تکریت و هاوسێیەکانی لە ناوچە و خێڵەکان لەخۆدەگرت، بەسەرکردایەتی عەبدولسەلام عارف کە عەبدولڕەحمانی برایی شوێنی ئەوی گرتەوە پاش کوژرانی لە رووداوێکی فڕۆکە، حوکمی عارفی کە تاوەکو (١٩٦٨) بەردەوامبوو، کە سیستەمێکی تیرەگەری توێژگەری بوو، کاری دەکرد بۆ گەڕانەوەی باڵادەستی سونی و پاشگەزبوونەوە لە چاکسازییەکانی پێشوو، دیسان بەعسییەکان دەسەڵاتیان گرتەوە دەست لە ساڵی(١٩٦٨) بە کودەتایەکی دیکە، بۆ ئەوەی چاخێکی دیکە لە تیرۆر دابمەزرێننەوە، پێکهاتە تیرەگەری و ئایدیۆلۆژیای گرووپە تازەکە لەسەرەتادا تێکەڵەیەك بوو، لە چەندین کەس، کە شیعەشی لەخۆگرتبوو. بەڵام ئەو توێژە سەربازییەی دەسەڵاتی گرتە

دەست تەنها لە ئەفسەرە سونییەکان بوون. لەم حاڵەتەدا(سەدام حوسێن)ی مەدەنی هاتە سەر پلیکانەکانی دەسەڵات و شێوازە توندوتیژەکەشی بووە هۆی پاکتاوکردنی یەك لە دوای یەك چەندین کەس لە سوپا و حیزبی بەعس، ئەمەش لە کۆتاییدا بووە هۆی بەرتەسکردنەوەی کلیلەکانی دەسەڵات لە گرووپێکی دیاریکراو لە ناوچەو خێڵەکەی خۆی، سوپاشی ملکەچ کرد کە پڕبوو لەو ئەفسەرانەی کە سەر بەخودی ئەو بوون، بۆ باڵادەستی سیاسەتەکەی کاریان دەکرد، بەڵام حیزبی بەعس کە مۆرکە ئایدیۆلۆژییەکەی خۆی لە دەستدا بوو، بووە کەرەستەیەك بۆ حوکمی خۆی لەلایەك، لەلایەکی دیکە باڵادەستی بەسەر سەرجەم ناوچەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەسەپاند، سەدام بەشێوەیەکی فەرمی لە ساڵی(١٩٧٩) هاتەسەر حوکم، پارێزگاریشی لەو پێگەیەی کرد هەتاوەکو لابردنی لەم جەنگەی دواییدا(مەبەشت لێی جەنگی ٢٠٠٣یە).

با ئێستا بۆ پرسی دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی ئەو مێژووە بگەڕێینەوە. دەوڵەتی مۆدێرن، رۆژنامە، سەرمایەداری چاپ، حیزبە سیاسییەکان، دامەزراوەکانی فێرکردن، پیشە ئازادەکان، کەرتەکانی کارە تازەکان، ئینتلیجێنسیای پسپۆڕیان بەرهەمهێنا کە پێویستیان بوو، بەلایەنی کەمیەوە ئازاد بوو لە رایەڵەی ئاسۆ و وەلای خزمایەتی کە خاوەنی ئاواتگەلێك بوو لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا بوو، پەیوەندیی بە گەل و داهاتوو هەبوو. خوێندنەوەی یاداشتەکانی کەسایەتییە گشتی و ئەدەبییەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەم، دەمانخاتە بەردەم چیرۆکی ئەو گرووپ و رۆژنامە، ئاواتە سیاسییەکان، هۆڵ، قاوەخانە ئەدەبی، پیلانگێڕی، فێڵ و ململانێیانەمان کە زۆربەی جار بە سەرکوتکردن و توندوتیژی کۆتایی هاتووە. ئەوەش دەبینین کە رەنگی جیاواز هەیە لە نەزعەی ناسیۆنالیزمی: عروبیەت و عێراقچێتی هەروەکو لە ئایدیۆلۆژیا جۆراوجۆرەکان، بە فاشیزم دەستپێدەکات و بەشیوعییەت و لیبرالیزم دادەچێ، تێکەڵن لە کەمپین، پارت و باڵەکان بەگژیەکدادەچن کە هەندێکجار دیارە و شاراوەشە لە هەندێکجاریدا، کە بە مەیلی پیلانگێڕی سەربازی خۆراك دەدرێ. بکەرەکانی ئەو شانۆیە لە سونە، شیعە، مەسیحی، یەهود و کورد پێکدێن. هەر بکەرێکی چالاکیش بەهۆی ریشە توێژگەراکەی دیاری دەکرێت(تیرەگەری، یاخود ئایینی، یاخود ئیتنی)، ئەو ئینتیمایانەش ئاسەوارێکی گرنگی

لە کێبڕکێیەکاندا هەبوو، کە ئەوەش کاریگەری لەسەر ریزبەندی سیاسی هەبوو بێئەوەی بڕیاری لەسەر بدات[٢١٠].

چالاکی سیاسی ئایدیۆلۆژی هەڕەشەی لە گرووپە فەرمانڕەواکان دەکرد لە دەوڵەتی دەسەڵاتگەرا کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستبوون، چونکە ئامانجیان چاکسازی بوو، یاخود لە هەندێکیاندا ئامانجیان شۆڕش بوو. ئەم چالاکییە سیاسییە مەیلی بۆ رێکخستنی سیاسی هەبوو، گەرەکی بوو بەشێکی فراوان لە زۆرینەی خەڵك لە چالاکییە ئایدیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێکەڵبکات. لەسەر ئەو ئاراستەیەشدا مەترسی هەبوو لە رێکخستن و کۆکردنەوەی شیوعییەکان لەمیانەی چلەکانی سەدەی بیستەم، گرووپی فەرمانڕەوا سەرەتا (لە بەریتانییەکانەوە) دەیانەویست پەیماننامەی ئاسان لەگەڵ خێڵ و تیرەکان دروست بکەن بۆ مسۆگەرکردنی دڵسۆزی و هاریکاریان. لە گەرمەی ململانێیە دووبارەبووەکانی لەگەڵ ناسیۆنالیزمە کوردەکاندا، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان پەنایان بۆ هۆزە کوردییە(هاوکارەکانییان) برد بۆ ئەوەی لە جیاتیان بجەنگێن، بەڵام ئەو وەلایە هەڵبەز و دابەزی تێدابوو، بە گۆڕانی هێز و بەرژەوەندییەکان گۆڕانی بەسەردا دەهات، هەروەها پشتیان بە بۆچوونی ئایینی و وەلای تیرەگەری دەبەست بۆ کۆکردنەوەیان لە دژی ئەوەی کە بە شیوعیەتی بێ باوەڕ وەك ناوزەندیان دەکرد. بە دڵنیاییەوە وەلای بۆ خێڵ و لایەنگیری کۆڵەگەی سەرەکی گرووپی فەرمانڕەوای پێکدەهێنا، لێرەدا دەمەویت چیرۆکی دوو کەسی جیاواز باسبکەم، ئەم چیرۆکە بەرجەستەی جیاوازبوونەوە لە رەگی تیرەگەری و پەیوەندییان بە تیرە بەرجەستە دەکات، ئەو دوو کەسەش شاعیری گەورە(محەمەد مەهدی جەواهیری و پزیشکێکی یەهودی نەناسراوە بەناوی دکتۆر ناجی بوو). ژیانی ئەو دوو کەسە(خەیاڵدانی) گەلی عێراق نیشان دەدات هەروەك بەرجەستەبوو لە ژیانی کەسایەتییە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هاووڵاتییان کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە دروستبووندابوو، ئەو دوو کەسە هەریەکەیان بەشێوازی خۆیان هەستیان بەهێزی راکێشانی شوناسی تائیفیان کرد و بەرەنگاری بوونەوە، جەواهیری وەلای تیرەگەری رەتکردەوە، ئینتیمای هاووڵاتیبوونی گشتی و بەرگریکردن لە گەلی عێراق بە چاکتر دەزانی. هەرچی دکتۆر ناجی بوو رووبەڕووی هەمان گرژی و ناکۆکی بووەوە، ئەویش مەیلی

(٢١٠) بابەتی ژیانی جەواهیری لە یادەوەرییە بڵاوکراوەکانیدایە، بڕوانە: (ذکریاتی) مجلدان، دمشق، دار الرافدین، ١٩٨٨ و ١٩٩١.

بۆ ئینتیمای نیشتیمانی هەبوو، ئەگەرچی ئەم هەستەش لای ئەو لە سیاسەت سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو لە پێگەی پیشەیی و شوێنگەی کۆمەڵایەتی. بەڵام سیستەمەکانی حوکمی ناسیۆنالیستی و بەعسی کە لە دوای حوکمی قاسم لە شەستەکان هات، تیرە و خێڵگەرایی بەشێوەیەکی روون گەڕاندەوە، کە ئەمە لە پێناو پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتی ئەو سیستەمانە بوو بەشێوەیەکی وێنە بۆ کێشراو، ئەگەرچی ئەوەش دەرەنجامی سروشتی سەرکوتکاری و کرپاری فەرمانڕەوایی بوو.

## جەواهیری[٢١١]

جاواهیری (١٩٠٣-١٩٩٩) بە داهێنانە ئەدەبی و چالاکییە سیاسییەکانی بەناوبانگ بوو، هەروەها لەسەر بەرەی چەپەکان هەژمار دەکرا، هاوسۆز بوو لەگەڵ حیزبی شیوعی، گۆرانی بۆ سەرکەوتنە میللییەکانی دەگوت، یاخود بۆ شکستەکانی شیوەنی دەکرد، لە چەندین شیعریدا رێزی لە شەهیدەکانی دەگرت. جەواهیری چەندین جار دووچاری زیندانیکردن و دوورخستنەوە(نەفی) بووە، دوو دەیەی کۆتایی تەمەنی بە غەریبی لە براگ و دیمەشق بەسەربرد. جەواهیری لە خێزانێکە کە زانای شیعەن، لە شاری نەجەفدا لە دایکبووە، دۆخی نەجەف و کەربەلا بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەمدا و دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا وەك دۆخی دەوڵەتە شارێکی سەربەخۆ بوو، ملکەچی باڵادەستی موجتەهیدە پێشبڕکێکارەکان بوو، یاخود هاوکات گەڕەکەکانی لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵە و خێزانە دەسەڵاتدارەکاندا بوو[٢١٢]، دەمارگیری هۆزایەتی ئەو بەستەرە(رابگە) کۆمەڵایەتییە باڵادەستە بوو، کە سنووری نێوان گرووپ و توێژەکانی دیاردەکرد، بڕیاریان لەسەر کێبڕکێیەکان دەدا و یەکلاییان دەکردەوە.

جەواهیری لە قوتابخانە ئاینییەکاندا دەستی بە خوێندن کرد، کە بابەتی ئەدەبی فراوانی لە خۆدەگرت کە زیاتر لە زانستە ئاینییەکان سەرنجی ئەو لاوەی راکێشا،

(٢١١) بۆزانیاری زیاتر لە بارەی مێژووی نەجەف و دامەزراوەکانی بڕوانە: اسحاق نقاش، (شیعە العراق)، دار المدى، ١٩٩٨.

(٢١٢) ئەو بابەتە لە چاوپێکەوتنێك وەرگیراوە کە لەگەڵ دکتۆر ناجی لە هەشتاکان ئەنجامدراوە.

شیعرە سەرەتاکانی بوارێکی بۆ بڵاوکردنەوە بەدەستهێنان لە رۆژنامە نیشتیمانییە عێراقییە تازەکان، بەهرەکەشی بووە جێگای سەرنج، هەرزوو خۆی لە بەغدادا بینییەوە، لە ساڵی(١٩٢٧)بووە مامۆستا لە قوتابخانەیەك لەسایەی چاودێریکردن و پەیوەندییە بەهێزەکانی خاڵۆی، لەم ساتەوەختەشدا تیرەگەری ئایینی هاتە سەرشانۆ.

تیۆرداڕێژەری عەرەبی(ساتیح حەسری) بەڕێوەبەری(دائیرەی مەعاریف)بوو، هەروەها بەرنامەیەکی دەستپێکردبوو بۆ زیندووکردنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە رێگای فێرکردن و پەروەردەوە. ئەوەشمان بینی کە مەیلی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ریشەداکوتان بەردەوامبوو لە نێوەندی عەرەبی سونەدا(هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد)، بەڵام ئەگەر شیعە و کوردەکان، چالاکی سیاسییان بکردابووایە، ئەوا مەیلیان بەرەو چەپەکان بوو، کە بە رۆڵی خۆی سەرچاوەی ئینتیمای عێراقی پێکدەهێنا. دوژمنایەتی توند لە نێوان جەواهیری و حەسریدا دروست بوو. حەسری بانگەشەی ئەوەی کرد کە(جەواهیری) بە رەگەز ئێرانییە، ئەوەش جەواهیری تووڕەکرد بەرامبەر ئەو تورکەی کە بە عەرەبی قسە دەکات و باشیش گۆ ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا تانە لە عەرەبیبوونی دەدا. حەسری هەلی کارکردنەکەی لە جەواهیری سەندەوە، ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی کێشە لە نێوان وەزیری پەروەردەی شیعی و حەسری. دوای ئەمە خاڵی جەواهیری و زانایەکی دیاری شیعە لە بەغدا، کاریان کرد بۆ پێشکەشکردنی جەواهیری بۆ مەلیك فەیسەڵی یەکەم، کە بە شاعیرە لاوەکە سەرسامبوو، بۆیە لە دیوانی پێشوازیکردنی دانا، لە پاڵ نەوەکانی خێزانە شکۆدارەکان، جەواهیری سێ ساڵ لەم پۆستەدا کاری کرد.

تا ئەو ساتەوەختەدا یارییەکە بەپێی بنەماکانی خۆی بەڕێوەچوو، رەچەڵەکی نەجەفی و بەهرەی ئەدەبی پۆستێکی گرنگی لە کۆشك پێبەخشی، بەمەشەوە (فەیسەڵ) یارییەکی هاوسەنگ دەکات بە دانانێکی رەمزی عێراقییەکی شیعی، لەنێو سەرجەم سونییە عوسمانییەکانی دەوروبەری لە دەست و پێوەندە سووری و حیجازییەکانە، بەڵام جەواهیری هەموو ئاسۆکراوەکانی بەردەمی لە ناوبرد بە رەتکردنەوەی بەردەوامبوون لە یارییەکە. لە ژیانی ئەدەبی و رۆژنامەگەریشدا رەشەبایەکی هەڵایسان، زۆریش سووربوو لەسەر تاکگەراییەکەی، کە لە هەڵوێستە

ڕەخنەییەکانی دەردەکەوت لە یەکێك لەو هەڵوێستانەی داشۆرینی وەلا و شانازیکردن بوو بە ڕەچەڵەك، هەروەها هێرشی کردەسەر زانا گەورەکانی نەجەف، چونکە ئەو زانایانە دژایەتی دروستکردنی قوتابخانەی کچان بوون لە شارە پیرۆزەکان، جەواهیریش چامەیەکی بڵاوکردەوە، کە پارچەیەکی داشۆرینی توند بوو لە دژی دووروویی(نفاق) زانا و بەرتیل خۆرەکاندا، ئەو لەسەرەتای چامەکەیدا دەڵێت:

هەیانە دزە، هەیانە نێرباز و هەشیانە داوێن پیس.

وەك چاوەڕواندەکرا ئەو چامەیە خانەدانەکانی تووڕەکرد، ناڕەزاییان لە دژی مەلیك دەربڕی بەوەی کە شاعیرێکی وەهای لە نێوەندی شیعە داڵدەداوە، کە مەلیك گەرەکی بوو رازییان بکات، ئەوەش سەرەتای کۆتاییهاتنی کاری بوو لە کۆشکدا، جەواهیری دوای ئەمە خۆی بە دوورخراوەیی بینییەوە لە جیهانی ئەدەب و ڕۆژنامەگەری و سیاسەت، کە بە توندوتۆڵی تێکەڵاوی ئەو بوارە گشتی و بەرتەسکە بوو، وەك گوندێك لە نەتەوەی عێراقی ساوا. جەواهیری دەنگێکی ڕەخنەرانەی جیاواز و سیاسەتمەدارێکی جەربەزەبوو، لەگەڵ ئەوانەشدا جەواهیری لە ماوەی حوکمی پاشایەتی(کۆتاییەکەی ساڵی (١٩٥٨)یش پشتی بە چاودێری و دەسەڵاتی دەستەبژێری(نخبە) سیاسی دەبەست، لەنێویشیاندا چەندین کەسایەتی خێزانی پاشایەتی. بەڵام ئەو پەیوەندییانە لاسەنگ و ناکۆك بوو لەلایەن هەردوو بەرەدا(چاودێر و چاودێریکراودا)، لەگەڵ ئەمەشدا یارمەتیاندا لە وەرگرتنی پۆستی گرنگ، تکا و ناوبژییان بۆ کرد لەکاتی کەوتنە داوی دەردەسەری و ناخۆشییەکاندا کە زۆرجار ڕوویدەدا، پاش شۆڕشی تەمووزی (١٩٥٨) جەواهیری نوقمی ڕێزلێنان و نازناو کرا، بەڵام بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، هەر زوو پەیوەندی لەگەڵ سەرکردە (عەبدولکەریم قاسم) تێکچوو، لە کۆتایشدا دوورخرا، بەڵام هەوڵەکانی ڕژێمی بەعس بۆ هاندانی بە گەڕانەوە سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا.

بەمە جەواهیری نموونەیەکی بەرچاومان پێشکەشدەکات لەبارەی دابڕانی تاك و بێزاری لە وەلای توێژگەری گرووپدا، ئەو دابڕانە بەشێکە لە پرۆسەی پێکهاتنی نەتەوە و وێناکردنی ئەم کۆمەڵە توێژیە، جەواهیری گەشەی بە هاووڵاتیبوونە چالاکەیدا لە شێوەی پێگە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ساوا لە بواری گشتیدا: ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە، پارتە سیاسییەکان، یانەکان، قاوەخانەکان، هۆڵەکان، هەندێکجاریش زیندانە سیاسییەکان،

شیعرەکانیشی ئینتیمایان بۆ بواری گشتی دەکرد، شیعرەکەی چاپکرابوو، لەلایەن زۆربەی کۆبوونەوە و خۆنیشاندان، لە بارەگا حیزبییەکان دەخوێندرانەوە، کە تیایدا جەماوەری عێراقی لە کەرتە جۆراوجۆرەکاندا کۆدەبوونەوە بۆ دروستکردنی بۆچوون و وێناکانیان. زۆربوون ئەو کەسانەی لەسەر ڕێگای هاوولاتیبوون دەڕۆیشت و بێزاربوون لە پەیوەستە بوون بە تیرە، یاخود وەلاکردن بۆی، سەرەڕای ئەوەی کە رەگی ئینتیما بۆ ئەو گرووپە بچووکانە ئاسەواری خۆی هەر بەجێدەهێشت، چەپی عێراقی، بەتایبەتی حیزبی شیوعی جەمسەرێکی ڕاکێشەری پێکهێنا بۆ هەڵگەڕاوەکان لە تیرەکانیان و فەرامۆشکارانی پەیوەندی وەلای خزمایەتی دڵنیاکەرەوەکانی بوو، لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی کە لەسەر هاوولاتیبوون و هاونیشتیمانی دامەزراوە بێت. جەواهیریش گوزارشتی لەمە کرد کاتێك لە یەکێك لە چامەکانی گوتی:

من عێراقم، زمانم، دڵیەتی، خوێنیشم/ فوراتییەتی و قەوارەم بەشەکانییەتی

## حاڵەتی دکتۆر ناجی (١٩٢٥-٢٠٠٢)(٢١٣)

نموونەی دووەمم جیاوازە، ئەو پیاوە سیاسی نەبوو، خۆشی دەرنەخست بە لەڕوو وەستانی لە دژی سیستەمی نەریتی، یاخود وەلای تائیفی، هەر بە دڵسۆزی بۆ تیرە یەهودییەکەی مایەوە، سەرەڕای ئەوەش کە دیندار نەبوو، بەڵام چالاکییە پیشەییەکەی، بەهۆی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی کە هەیبوو لە ریشە تیرەگەرییەکەی دایبڕاند، وایکرد کارلێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ژمارەیەکی فراوان و جۆراوجۆری عێراقییەکان بکات. لە یەکێك لە دیمانەکانیدا گوتی کە ئەو کارلێکانە بە خاڵێکیان گەیاند ئەوەی لە بیرکردبوو یەهودییە، گرنگی حاڵەتی دکتۆر لەوە سەرچاوە دەگرێ کە زۆربەی عێراقییەکان و یەهودییەکانیش، یەهود بە تیرەیەکی جودا و نامۆ دادەنێن، تەنانەت لە هەندێکجاردا بە بەشێك لە ئینتیما یەهودییە بەرفراوانەکەی دادەنێن کە پەیوەستە بە ئیسرائیل، بەو پێیەی دژی عەرەبە، چیرۆکی دکتۆر ناجی ئەو کێشانە ئاشکرا دەکات کە ئەو وێنەیە لە خۆگرییەتی، یەهودییەکان بە حوکمی ئەوەی کە ئاستی خوێندن و گەشەسەندنیان جیابوو لە عێراق، بەشێکی گەورە لە چینی ناوەڕاست

(٢١٣) بڕوانە: یعقوب قوجمان، موسیقی المقام العراقی، نشره المؤلف علی حسابه، لندن، ٢٠٠١.

پێکدەهێنن، بەتایبەتی لە بەغدا، لەمیانەی دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پیاوانی کار و ئینتلیجێنسیای یەهودی رۆڵێکی یەکلایکەرەوەیان لە پێکهاتنی دەوڵەت و کۆمەڵگای مۆدێرنی عێراقدا گێڕا. لەپاڵ رۆڵی دیاری یەهودییەکان لە بواری بازرگانی، پارە، کار و سەنعەتکاری، بەمەش بەشدارییان لە بواری گشتی کرد، وەك فەرمانبەر لە دەوڵەت (کە لە پۆستی گرنگدابوون)، یاخود وەك پارێزەر (لە نێویاندا دادوەری بەرچاو هەبوو)، مامۆستا، مامۆستای زانکۆ، رۆژنامەنووس، سەرنووسەری رۆژنامە، شاعیر و پزیشکیان تێدا هەبوو هەروەها لە جیهانی مۆسیقاشدا دیاربوون، زۆربەی مۆسیقاژەن، گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرەکانی ئەوسات لە رەچەڵێکی یەهودی بوون، بۆ نموونە زۆربەی ئەندامانی یەکەم تیپی مۆسیقی رادیۆی عێراقی لە ساڵی (١٩٣٦) یەهودی بوون. ئەوەی یارمەتیدا کە لەو بوارانە دەربکەون ئەوەبوو کە زمانیان (وەکو زۆرینەی عێراقییەکان) عەرەبی بوو، سەرەڕای ئەوەش ئەوان پێشەنگ بوون لە فێربوونی زمانە ئەوروپییەکان، بەڵام ناکۆکی نێوان عەرەبە فەلەستینی و یەهودییەکان بووە هۆی زیاتر هەستیاربوونی ئەو پرسە لای زۆرینەی عەرەبەکان (لەنێویشیاندا عێراقییەکان)، وایکرد دۆخی یەهودییەکان دژوار بێت، هەرگیز نەبێتە هاووڵاتییەکی (ئاسایی)، بەمشێوەیەش دابەشبوونە تیرەگەرییە نەریتییەکان پتەوتربوو بەهۆی ناکۆکییە سیاسییە تازەکان، بەمەش یەهودییەکان لە دەستی جیاکردنەوە دەیاننالآند، لە چەندین باریشدا لە دەستی سەرکوتکردن و توندوتیژی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان بەشدارییان لە وێناکردنی نەتەوەی عێراقی و گەشەسەندنی هاووڵاتیبوون کرد لە بواری گشتی، هەروەکو چیرۆکی دکتۆر ناجی بۆمانی دەردەخات.

دکتۆر ناجی لە ساڵی (١٩١٥) لەدایکبووە، پزیشکی خوێندووە لە (١٩٣٦) بووە دکتۆر، بەهۆی ئەوەی کە داهات و کەرەستەی نەبوو بۆ ئەوەی لە شار کار بکات، وەك فەرمانبەرێکی حکومی کاری کرد. لە دەرەنجامی ئەوەشدا دووچاری جیاکاری بووەوە وەکو یەهودییەك، بەتایبەتی ئەو پشتێکی بەهێزی پێویستی نەبوو کە ئەرکێکی چاکتری بۆ دابین بکات. ناجی هەتا کۆتایی ساڵی پەنجاکان کاری لە گوند و ناوچە دوورەپەرێزەکان دەکرد لە شارۆچکەکانی پارێزگاکان، دواتر خانەنشین بوو، گەڕایەوە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی مومارەسەی پیشەی خۆی بکات، هەتا ساڵی(١٩٧٠) لەوێدا مایەوە، تا ئەوکاتە بەعس دەستی بەکاری

تیرۆریستی کرد لە دژی چەندین کەرتی کۆمەڵگای عێراقی، کە بە یەهودییەکانەوە دەستیپێکرد، دکتۆر ناجی دەستگیرکراو بەشێوەیەکی دڵڕەقانە رەفتاری لەگەڵ کرا، ئەوەش وایکرد عێراق جێبهێڵێت لەگەڵ یەهودییەکان، لە کۆتاییەکانی هەشتاکاندا چاوم پێی کەوت و دیمانەیەکی درێژم لەگەڵیدا ئەنجامدا.

ناجی مەبەستدارانە لە تیرە ئاینییەکەی دانەبڕا، بەڵکو سڵەمینەوەی، بەرهەمی پرۆسەیەکی کەڵەکە گونجاوە لەگەڵ دابڕانی ماددی لە سەنتەرەکانی ژیانی یەهودی، هەروەها بەهۆی توانەوەی ناو ژیانی لادێ و ناوچە عێراقییە دووردەستەکان، چەندین پزیشکی یەهودی لە هەمان باردابوون لە لادێ، بەڵام دوور و پەرش و بڵاوبوون. هەروەها گەڕەکی یەهودی بچووك هەبوو لە سەنتەری شاری پارێزگاکان کە نزیکبوون لە شوێنی کاری دکتۆر ناجی، بەڵام ئەو شتێکی هاوبەشی نەبینییەوە کە پاڵی پێوەبنێت بۆ ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵدا بکات. بۆ نموونە دەبینین لەبارەی یەهودییەکانی (عانە)دا دەڵێت: دوای دامەزراندنی لەو ناوچەیەدا، کە ئەوان هاوشێوەی (عربان) بوون، واتە کۆچەر (بدو) یان لادێیەکان، لە نەریت و جلوبەرگ و قسەیان هاوشێوەی نەریت و جلوبەرگ و قسەی هاوسێیە موسڵمانەکانیانن، بۆیە ئەوان لە یەهودی بەغدادی جیاوازن، بەتایبەتی چینی رۆشنبیر لە پایتەختدا.

ناجی خاڵی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و هزری لە نێوان فەرمانبەرە حکومی و پسپۆڕە نێردراوەکان بۆ ناوچە دەبینێتەوە، ئەوانە یانەی تایبەتیان هەبوو(یانەی فەرمانبەران)، کە تیایدا بە یەکدەگەن بۆ ئەوەی قسە بکەن لەگەڵ یەکتر، وازی بکەن و شەراب بنۆشن. سەرەڕای ئەوەی کە ناجی شەرابی نەدەخواردەوە، و یا قوماری نەدەکرد، بەڵام بۆ ئەو، ئەم یانەیە تاکە بواربوو بۆ تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی، هەروەها ناجی تێکەڵ بە خانەدان و خانەدانەکانی گەرەك بوو، بە حوکمی پیشەکەی وەك پزیشك چارەسەری دەکردن، کۆمەڵگەی فەرمی شارۆچکەکە داوایان لێدەکرد بۆ ئەوەی ئامادەی ئاهەنگ و بۆنە فەرمییەکانیان بێت لەگەڵ قائیمقامی عانە لەسەر ئەم ئاستە، ناجی تێکەڵ بە ژیانی فەرمانبەری دەوڵەتی بوو. لە شارۆچکە دەوروبەرەکان و دابڕا لە بنەچە تیرەگەرییەکەی بە یەهودییەکان، جگە لە کاتی پشوو نەبێ کە لەگەڵ خێزانەکەی لە بەغدا بەسەری

دەبرد، بەپێی دانپێدانانی خۆی زۆرجار ئەوەی لەبیر دەکرد کە یەهودییە، رۆژێك لە رۆژەکاندا پەتایەك بڵاوبۆوە بەمەش ناجی رووبەڕووی بارودۆخێکی دژوار بووەوە: ئەویش دەستکەوتنی خانووێکە بۆ ئەوەی وەکو سەنتەرێکی تەندروست بەکاری بهێنیّ، خاوەن خانووەکە لە دوا چرکەدا لە بەکرێکدانی خانووەکە پاشگەزبووەوە، بەمەش لەسەر ناجی پێویستبوو کلیلەکەی بەدەست بکەویّ بە هەر نرخێك بێت دۆخەکە وای خواست بە زەبری دەسەڵات خۆی بسەلمێنێت وەك پزیشکێك، بۆیە (زلەیەك)ی لە پیاوەکەدا تا وایلێبکات پاشگەز نەبێتەوە ئەم رەفتارە هەرگیز ناسراو نەبوو لەو بارودۆخە، ناجی بە خۆی و بەو هەڵسوکەوتەی سەرسام بوو، گوتی: (وەکو فەرمانبەرێکی حکومی هەڵسوکەوتم کرد و ئەوەم لە یادکرد کە یەهودیم).

ئەوە زۆری نەکێشا، چونکە رووداوە سیاسییەکانی ئەوکات هۆشیاری بە دابەشبوونە ئاینییەکان جۆشدا، بەتایبەتی بەرامبەر یەهودییەکانەوە، جەنگی جیهانی دووەم و رووداوەکانی فەڵەستین رێك کەوتن لە جۆشدانی هەستی نەتەوایەتی هاوشێوەی نازییەکانی، کودەتای (رەشید عالی گەیلانی) لە ساڵی (١٩٤١) لە دژی بەریتانییەکان و دەستوپێوەندەکانیان هاوکات بوو لەگەڵ هێرشەکان لە دژی یەهود لە ناوچە جیاجاکانی عێراقدا، بەمەش دکتۆر ناجی دووچاری مەترسی بووە، تەنانەت لە پارێزگاکانی رۆژئاوای سەر سنووری سوریا، کە هەستی عوروبە توندترە لەو ناوچەیەدا. لەم سەروبەندەدا دکتۆر ناجی چاوی بە (فەوزی قاوقجی) کەوت، کە سەرکردەی میلشیای چەکداری فەڵەستینی بوو، کە بۆ سەرخستنی گەیلانی هاتبوون، دواتر بۆ سوریا گەڕانەوە دوای شکستهێنانیان، دکتۆر ناجی چارەسەری بریندارەکانی ئەم سەرکردەی فەڵەسیتنە کرد، بەمەش شایستەی سوپاسگوزاری قاوقجی بوو، کە تۆزێك دوودڵ بوو پێش ئەوەی تۆقە لەگەڵ یەهودییەکی عێراقی بکات. دروستبوونی ئیسرائیل هەستی دژە یەهودی گڕی گرت، لەوکاتەی کە ناجی پەیوەندی باش و هاوڕێیەتی گەرمی لەگەڵ نەخۆشەکانی دانیشتووانی (عانە)ی هەبوو لە خانەدان و زانا و خەڵکە سادەکان، بەڵام سەرۆك و بەڕێوەبەرەکانی بەشەکان تەندروستی دوژمنداریێتیان بەرامبەری نیشاندەدا. هەندێکیان ئیرەییان بە سەرکەوتنە پیشەییەکەی دەهات، هەندێکی تریشیان رقیان لە بوونی یەهودییەك دەبۆوە لە نێو خۆیاندا، بۆیە خراپترین شوێنی دووریان بۆ هەڵدەبژارد تاوەکو وەکو پزیشك دایمەزرێنن، هەروەها لە دەست لە کارکێشانەوە بێبەش کرا تاوەکو کاری تایبەت بکات لە نۆرینگەی تایبەتی خۆی بەهۆی

بوونی دیسپلینی ئیداری کە بەسەر ئەو دکتۆرانە دەسەپێت کە دەستی لە کاری حکومی کێشاوە، بۆ ئەوەی نۆرینگە نەکاتەوە، تەنها لە دوا شار نەبێت کە کاری تێداکردووە واتە لە دەوروبەرە دوورەکاندا، ناجی لە ساڵی (١٩٥٥) لە کارەکەی دەرکرا، بەڵام لە شاری (عەمارە) لە کارکردن بەردەوامبوو، کە دواتر بووە ئەفسانە و پاشان لە کۆتایی پەنجاکان بۆ بەغداد گەڕایەوە.

گرنگی ئەو چیرۆکە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە زایۆنییەکان و ناسیۆنالیزمە عەرەبەکان هەوڵی نەهێشتنی ئەو فاکتەرانەیان دەدا لە مێژووی بوونی یەهودی لە جیهانی عەرەبیدا، بەوپێیەی کە بەشێکی جیانەکراون لەو کۆمەڵگایانەدا، نەك (کەمینەیەکی قێزەونن).

ئەو فشارانەی کە بوونە هۆی کۆچکردنی بە کۆمەڵی یەهودییەکان لە دوای دروستبوونی ئیسرائیل، بەڵگەن لە نموونەی هەوڵێکی بەردەوام کە دەوڵەتی ناسیۆنالیستی و ناسیۆنالیستەکان مومارەسەی دەکەن! تێ هەڵچوون بەرەو دەستەبەرکردنی هاوشێوەیی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و نالێبوردەیی بەرامبەر هەر جیاوازییەك.

ئەو جۆرە تێ هەڵچوونە لە کۆتاییەکانی چاخی عوسمانی لە دژی ئەرمەن، یاخود یۆنانییەکان، ئاشوورییەکان، عەلییەویەکان و گرووپە بچووکەکان دەیبینینەوە، بۆ نموونە دەبینین کە مەسیحییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرووپێکی کۆنن، لە رووی کولتوورییەوە لەگەڵ وڵاتەکانی عێراق، میسر و سوریا و ئەوانیتر تێکەڵاون، ژمارەیان کەمدەبێت بەهۆی زۆربوونی رەوتی کۆچکردن لەلایەك، بەهۆی بەردەوامی جیاکاری لە دژییان لەلایەکی تردا، بۆچونێك هەیە باس لەوە دەکات کە ژمارەی مەسیحییە عێراقییەکان لە ئەمریکا، ئەوروپا، ئوسترالیا زیاترە لە عێراق، دەوڵەتی عێراق لە ساتی دروستبوونیەوە پابەندی ئەوە بوو ناچارکرا کە دەبێت دان بە جیاوازییە ئایینی، ئیتنییەکان دابنرێت، بەتایبەتی کورد. بەڵام بەدرێژایی مێژوودا کاری بۆ ریشەکێشکردنی ئەو دانپێدانانە، یاخود سنووردانان بۆ چالاکییەکانیان کردووە، ئەو دۆخەش ئاڵۆز بوو لەژێر سایەی رژێمی بەعسی سەرکوتکار، بەشێوەیەك نەزعەی بە عەرەبکردن ملکەچکردنی شیعەکان رەهەندی تریان وەرگرت، بەوپێیەی کە چەند رەگەزێکە بۆ مسۆگەرکردنی وەلا بۆ حوکمی رەها و لە ناوبردنی هەر بنەمایەك لە

بنەماکانی سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی و کولتووری، ئەم نەزعەیە راستەوخۆ دەڕژێتە توێژگەرایی و تیرەگەرایی، خێزان، خێڵ، ناوچە، یاخود تیرەی ئایینی دەکاتە چێوەی ئاشتەوایی و کەناڵێك بۆ گەیشتن بە سەنتەری دەسەڵات و حیزبەکەی.

## حوکمڕانی بەعس و ئاوێزانکردنی کۆمەڵگای مەدەنی

حوکمڕانی بەعس بە هەژموونداری و دەسەڵاتگەری دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگای مەدەنی دەناسرێتەوە، سەرکوتکردن، وێرانکردنی هەر جیاوازییەك، یاخود بەرهەڵستکارییەکی سیاسی، هاوکات لەگەڵ ئاوێتەکردنی دامەزراوە و یەکێتییە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەتدا. حیزبی بەعس سیفەتە ئایدیۆلۆژییەکەی نەما بەهۆی پاکتاوکردنە یەك لە دوایەکانی، بەمەش بۆ ئامرازی مسۆگەرکردنی وەلا و باڵادەستی کۆمەڵایەتی گۆڕا. گەیشتن بەمەش سانا نەبوو! تێکەڵەیەکی سەرکوتکردنی خوێناوی، ئاوێتەکردنی دەسەڵاتگەری بە شێوازێکی هێواش و پێ بەپێ لە حەفتاکانەوە دەستپێکرد، لەگەڵ پەنابردن بۆ مانۆر و راکێشانی حیزبی شیوعی بۆ بەرەیەکی هاوبەش بۆ بەشداریکردن لە حوکمرانی، دواتر سەرکوتکردنی، هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو یەکێتییە میللیانەی کە لەمیانەی دەیەك دامەزراند بوون.

کۆمەڵگای هاووڵاتییان بە تەواوی لە ناوبرا. لە ریزی حیزبدا سەربازگیری و دیسپلین کران، یاخود دابین کردنی وەلایان بۆ گرووپی فەرمانڕەوا هەبێت، هەروەها بەرهەمە هزری و کولتوورییەکانیان ملکەچی ئەو ئیعتبارانە کرا، هەرچی ئەوانەی کە بەرەنگاری ئەمەبوونەوە، دووچاری کارەساتی زیندانیکردن، ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدان بوونەوە، کە خێزانەکانیشیانی دەگرتەوە، بەڵام بەختەوەرەکان توانیان رزگاریان بێت بە کۆچکردن، ئەوەش بووە هۆی بەرفراوانبوونی کۆمەڵگەی تاراوگەنشین، کە بە چەندین ملیۆن مەزەندە دەکرێت. بەڵام ئەوانەی ماونەتەوە بێدەنگکران، یاخود ناچار بە دووبارەکردنەوەی قسەکانی فەرمانڕەوا کران، کە بەردەوام رووبەڕووی شوێنکەوتن، سووکایەتی ، ئابڕوبردن دەبوونەوە لەسەر دەستی میلیشیاکانی حیزب و ئاسایشدا، کە چاودێری زانکۆ و دامەزراوە کولتوورییەکانی دەکرد. رۆمانێك هەیە بەناوی (ئەگەر رۆژگار تاریك بوو) ***(اذا الایام اغسقت)*** کە هی نووسەر

(حەیات شەرارە)یە، باس لەو شتانە دەکات کە ئەکادیمییەکانی زانکۆ دووچاری بوونەوە لە سەرشۆڕی و خەمباری و هەژارکردن لە ماوەی هەردوو دەیەی هەشتا و نەوەدەکاندا.

وەك لە رۆمانەکەدا داهاتووە مامۆستاکانی زانکۆ فەرمانیان پێدەکرا، بە کەمکردنەوەی کێشیان، هاوشان بە فەرمانبەرانی دەوڵەت، ئەگینا دووچاری سزای توند دەبوونەوە. تەنانەت مامۆستا بەساڵاچووەکانی زانکۆش ملکەچی ئەو بڕیاری خۆلاواز کردنە بوون، هەروەك رۆژی پێوانی کێش بە رۆژێکی کۆمیدی و تراژیدی وەسفدەکرا لە هەمانکاتدا، بەشێوەیەك مامۆستاکان بۆ نۆرینگە بچووکەکان دەچوون بۆ خۆکێشان، کە ئەم ماندووبوونە شەکەتی کردن ئەو سووکایەتییە تووڕەی دەکردن، هەرچی نووسەری ئەو رۆمانەیە کە مامۆستای ئەدەبی رووسی بوو لە زانکۆ، لە دوای تەواوکردنی رۆمانەکەی لە ساڵی (١٩٩٧) خۆی کوشت، ئەو دژوارییانە ئاڵۆزتر بوون لە بە تووشبوونی چینانانەی کە پشت بە مووچە دەبەستن بە لە هەرژاییەکی داماو، پاش ساڵانی کۆتایهاتنی جەنگی کەنداوی دووەم و جێبەجێکردنی سزاکان.

## حوکمڕانی بەعس و تیرەگەرایی

بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخ لە رەتکردنەوەی تیرەگەری و هۆزایەتی و سەرجەم شێوەکانی بەرژەوەندی و وەلای تویژگەری کە دژیێکە لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی دروستبووە. تەواوی ئەو وەلائە بەرتەسکانەی رەتدەکردەوە بەوپێیەی کە دواکەوتوو گەندەڵن، بەهێزی کۆنەپارێزی و ئەفسانەی ئایینی بەستراونەتەوە، ئایدیۆلۆژیای بەعس بانگەشەی ئەوەی دەکرد هەروەك ناوەکەی ئاماژەی بۆ دەکات، کە رۆحی ناسیۆنالیزمی زیندوو دەکاتەوە، ئامانج ویستەکان یەکدەخات بۆ بەدیهێنانی پەیامی نەمری نەتەوەی عەرەبی، لەژێر دروشمی (نەتەوەیەکی عەرەبی، خاوەن پەیامێکی نەمر). لە رووی پراکتیکییەوە حیزبی بەعس لە عێراق، سوریا گرووپی حوکمڕانیان لابرد کە پشت بە دەمارگیری هۆزایەتی و تیرەگەرایی دەبەست[٢١٤]، بەڵام حیزبی بەعسی عێراقی و حکومەتەکەی کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی خێڵە هاوپەیمانەکانی تکریت. بەڵام بەعسی سووری ملکەچی خێزانی (ئەسەد) بوو، کە پشت

---

(٢١٤) حياة شراره، (اذا الايام اغسقت)، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ٢٠٠٠.

به وەلای عەلەوی و ئائیفەگەری دەبەستیٚ. هەردوو حیزب دووچاری بەردەوام دووچاری پاکتاو دەبوون بۆ مسۆگەربوونی وەلا بە شێوەیەکی رەها، هەروەها ملکەچی تەواوی دەستەی فەرمانڕەوا بوون، لە هەردوو حاڵەتدا حیزب بوو بە کەرەستەی پیاچوونی دامەزراوەکان، ئەرکە گشتییەکان و باڵادەستبوون بەسەریدا، بە هاوکاریکردنێکی تۆکمە لەگەڵ دەزگا جۆراوجۆر و فرەکانی ئاسایش، بەمەش سیاسەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بوون بە پاشکۆی دەوڵەتی دەسەڵاتگەرا، لەژێر ئەو بارودۆخەشدا ئاسایشی تاک، دابینکردنی هەلی ژیان گرێدراون بە دەزگای حوکم و تۆڕەکانی باڵادەستیەکەیدا، لای زۆرینەی خەڵکدا، ئەو جۆرە پەیوەندییانە لە رێگای دەمارگیری خزمایەتی و لۆکاڵی دەبەسترێت. لە بواری دەسەڵاتیشدا بە گشتی، ئینجا چ لە دامەزراوە حکومی، یاخود سەربازی بێت، ئەوا پلە فەرمییەکان و پەیوەندییە نارەسمییەکان، ملکەچ دەبێت بۆ پەیوەندییەکانی خزمایەتی کە پەیوەستە بە تاکەکانی دەستەی فەرمانڕەوا، مرۆڤ ناتوانێت لە پێگەیدا بەرزبێتەوە و هەڵبکشێت تەنها لەمیانەی ئەو پەیوەندییانەوە نەبێت.لە دەیەی نەوەدەکاندا دوای شکستهێنان لە جەنگی دووەمی کەنداو، رژێمی بەعس بە ئاشکرا پێگەی خێڵایەتی بەرزدەکردەوە، چەندین کەسی لە شێخی خێڵەکانی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی بیانکات بە سەرکردەی خێڵەکانیان، دووبارە زەوییەکانیانی بۆ گەڕاندنەوە (کە لە پێشوودا بەهۆی چاکسازی کشتوکاڵی دەستی بەسەر داگیرابوو) و پڕ چەکی کردن، بە مەرجی وەلا بۆ حوکم و پارێزگاریکردن لە کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی و سیاسی و خزمەتکردنی بەعس[٢١٥]. بە دڵنیاییەوە چیتر ئەوانە نەبوون بە هەڕەشە بۆ سیستەمی حوکم، بەڵکو بوون بە کەرەستەی بەسوود بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، لەرووی ئایدیۆلۆژیشەوە ئەو گەڕانەوەیە بۆ هۆز، بەرگێکی نەتەوەیی لەبەرکرا و بەیەکانگیری هۆزایەتی هەڵ دەلێت وەك بەشێك لە کەلەپووری عەرەبی و چاکەکانی پێشینان، بەدڵنیاییەوە لەم قۆناغەدا چیتر(هۆز) ئەو یەکە یەکانگیر، سەقامگیرە نییە لە ناوچە واتە پارچە زەوییەکی نەریتی خێڵ، بەڵکو پەرتەوازەیە بەسەر چەندین بەش لە وڵاتدا، زۆربەی تاکەکانی لە بەغداد و شارە دوورەکان کار دەکەن، شێخەکانیش هەندێکجار وەکو پیاوی کار یاخود لە پیشە تازەکانی شار کار دەکەن، بەڵکو هەندێکیان هیچ

(٢١٥) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بەعسی عێراقی و سوری بڕوانە ئەو کتێبە: (البعث ضد البعث، النزاع بين سوريا و العراق ١٩٦٨_١٩٨٩)، لندن، ١٩٩٠.

Eberahard Kienle, Bath Versus, London, I.B. Taurus.

پەیوەندییەکی راستەقینەیان بە سەرۆکایەتی خێڵ، یاخود هۆز نییە، کار گەیشتۆتە ئاستێ کە جەماوەر گاڵتە بەو کەسانە دەکەن بەوەی کە شێخی ساختەن، بە (دروستکراوی تایوان) (صنع تایوان) ناوزەدیان دەکەن، هاوشان بە کاڵای بێ نرخی هاوردەکراو لە تایوانەوە. ئەمانە دەسەڵاتی حکومەتییان پێبەخشراوە بە کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکانی خێڵەکان وەك ئەرکێکی دادوەری نافەرمی، دانەوەی خوێن بایی و هی تر. وێرانکردنی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە هاوولاتییەکان پێکهاتووە، لە پێناو پێکهاتە تیرەگەری و توێژگەرییەکان، بوو بە سیاسەتێکی فەرمی ئاشکرا.

## رەهەندە باوکسالاری و ئاینییەکان

یەکێك لە خاڵە پۆزەتیڤە دەگمەنەکانی حوکمی بەعس، هێرشکردنە زووەکەیەتی لە دژی پەیوەندی و مومارەسە نەریتییە باوکسالارییەکاندا، بەمشێوەیەش سیاسەتی رژێم لەمیانەی دەیەی حەفتاکان و هەشتاکاندا پاڵپشتی بۆ خوێندەوارکردنی ئافرەتەکان و بەرفراوانکردنی بەشداری کردنییان لە بازاڕی کار، ئەرکە پیشەییەکانی دەکرد، بەڵام پشتگیری نەدەکردن لە وەرگرتنی پێگەی باڵا لە دەسەڵاتی حکومەتدا و چاکسازی یاسای خێزان زیندووکرایەوە، کە عەبدولکەریم قاسم دەست پێشخەری کردبوو، بەڵام رژێمی عارف نەیهێشت بەهۆی ملکەچبوون بۆ فشاری دەسەڵاتی ئایینی، ئەو چاکسازییە بووە هۆی کەمکردنەوەی ستەم لە دژی ئافرەت لە کاروباری خێزان، ئەوەش پشتی بە بابەتە شەرعییە نەریتییەکان دەبەست، دەشێت ئەو ئاراستەیە لەلایەکدا ئارەزووی لەڕوو وەستانی دامەزراوە و مەرجەعییە ئایینی و ترساندنیان سەرچاوەی گرتبێت، لەپاڵ لاوازبوونی پەیوەندییە باوکسالارییەکان لە بەرژەوەندی وەلا بۆ سیستەمی حوکم و ئایدیۆلۆژیاکەی. بەڵام خێرا حکومەت لەو هەنگاوە پۆزەتیڤانە پاشگەزبووەوە لە دەیەی نەوەدەکاندا، بۆ نموونە (کوشتن بەناوی شوشتنەوەی ئابڕوو (غسل عار) کرا بە یاسایەك لە یاساکانی سزادان، لە بکوژەکانیشی خۆشدەبوون. لە تاوانی کوشتن بێتاواندەکران، توندوتیژی دژی ئافرەت بەشێوەیەکی دراماتیکی لەسەردەستی هێزی رژێم زیاتربوو، لە چوارچێوەی ئەو هەڵمەتانەی بە ناو دژی نەهێشتنی لەشفرۆشی، بەکردەیش چەند ئافرەتێك بە ئاشکرا لە بەغداد و ناوچەکانی دیکەدا لە سێدارەدران، ئەو گەڕانەوەیە بۆ بەهای باوکسالاری، گونجاو بوو لەگەڵ ئارەووی بەردەوامی سەدام لە شوناسی ئایینی و گوتاری ئیسلامیدا.

ئیتر ڕەمز و دروشمە ئاینییەکان بوارێکی گەورەیان لە گوتار و مومارەسەی سیستەم داگیرکرد. ئەوەی زانراویشە کە سەدام لە ماوەی جەنگی لەگەڵ ئێراندا کاری بۆ ڕووبەڕووی بانگەشە ئیسلامییەکانی ئێرانی کرد، بە بانگەشەکردنی بۆ ئەوەی کە ڕەچەڵەکی خۆی (مەبەست سەدام حوسێنە) سەر بە پێغەمبەرە، خۆی بە خوا پەرست و لە خۆپارێز نیشاندەدا لە پێش زوومەکانی کامێرادا، هەروەها بایەخی بە مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکان دەدا. کشانەوە لە هەڵوێستە عەلمانییەکانی پێشووی پتەوتر لە دوای جەنگی کەنداوی دووەمدا، واتە لەمیانەی دەیەی  نەوەدەکاندا، لە هەوڵی سەدام بۆ ڕۆیشتن لەگەڵ کاروانی عەرەبی ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوا.

ئەو یاریکردنە لەسەر ئاوازی ئایینی ڕەهەندێکی تیرەگەری دژە شیعەی هەبوو. گوتاری دژە ئێرانی لە راستیدا هێرشێکی شارەوە و نیمچە ئاشکرابوو بە شێوەیەکی بیانی، بە پشت بەستن بە ئاین، بەڵام گوتاری عروبە لە دژی ئێران بە ئاشکرا گوتارێکی سونی دژ بە ئایینزاکانی شیعەبوو، بەمەش شیعەکانی عێراق بوون بە شوێنی گومان، رژێم درێغی نەکرد بۆ جەنگان لە دژی سەربەخۆیی دامەزراوە ئایینیە شیعەکان و راونانی زاناکانیان نەدا، بەڵکو لە هەمان کاتدا هەوڵیدا بۆ ناچارکردنی مەرجەعە ئاینییەکانیان تاوەکو پشتگیری بکەن لە دەرکردنی فەتوا لە دژی دوژمنە شیعەکانی رژێم. رۆژنامەی (بابل) کە عودەی کوڕی سەدام دەیوەشاند، هێرشێکی تیرەگەری لە دژی شیعەکان دەستپێکرد، ناو ناتۆرەی قێزەونی پێدەگوتن وەکو (رافیزەکان)، یەکێك لە وتارەکانی رۆژنامەی (بابل) بانگەشەی ئەوەی کرد کە تێکەڵبوونی رەگەزی لە هەندێك رێرەوڕەسم و سروتی شیعەکان دەبێتە هۆی خراپەکاری، کە شیعەکان لە پێناو زۆربوونی نەوەدا رێگای پێدەدەن! ئەو هەڵمەتە رۆژنامەگەرییانە بە روونی مەبەستی زیندووکردنەوەی دەمارگیری تیرەگەری، بەهێزکردنی کۆمەککردنی سونی بوو. ئەمەش دەستدرێژیکردنە  بۆ سەر زاراوەی هاووڵاتیبوونی هاوبەش و لە لە بەرژەوەندی شوناسە تیرەگەرییەکاندا. ئەو نەزعە ئاینییە تەنها لە ئاستی گوتاری فەرمی کورتنابێتەوە، چەندین توێژەر هەن کە ئاماژەیان بۆ بوونی گەشەیەکی بەرچاو کردووە لە سیماکانی ئاینداربوونی میللی، عێراقییەکان لە سەدەی بیستەمدا بە ئارەزوویان بۆ وەلای تائیفی دەناسرێنەوە، بێئەوەی ئایندار خۆپارێز بن، بۆ نموونە حیزبی شیوعی کۆمەکی لە شار و گەڕەکە شیعەکان

وەردەگرت، بەڵام چالاکوانە سونییەکان زیاتر مەیلیان بەرەو عروبە هەبوو نەوەك ئیسلام، عێراقییەکان بە کەمی خواپەرستی ناسراوبوون بەبەراورد بە میسر، تەنانەت لە تورکیای (عەلمانیش)، بەهەرحاڵ پێدەچێت ئەو کارەسات و دەردەسەرییانە بەسەر ئەو وڵاتە هاتن، بوونەتە هۆی پتەوبوونی شەپۆلێك لە دەستگرتنی ئایینی بە نوێژکردن و رێورەسمەکان. تێبینییەکی تر هەیە کە جەخت لەسەر دەرکەوتنی مومارەسەی ئایینی میللی دەکاتەوە، وەکو ئینتیما بۆ رێگاکانی سوفیگەری و زیادبوونی گۆڕە ئایینیەکان، ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پەرچەکردارێك لە بەرامبەر نەمانی دڵنیایی لە ژیاندا و زۆربونی هەستکردن بە لە دەستدانی باڵادەستی لەسەر چارەنووسی مرۆڤ؟ یاخود ئەمە بەشێکە لە شەپۆلێکی ئیسلامی گشتی لە کایەیەکی پڕکێشەدا تێکەڵبوو بە هزری ئابلۆقەدان کە لەلایەن نەزعەی ناسیۆنالیزمی ئایینی سەرچاوەی دەگرێ؟ وەڵامدانەوەی ئە پرسیارانە دژوارە بێ لێکۆڵینەوەیەکی باوەڕپێکراو، بەڵام دەرکەوتنی ئایندابوونی میللی رەنگە چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێ کە وەلا و ئینتیمای تیرەگەری خۆراك بدات.

## چارەنووسی کۆمەڵگای مەدەنی بەرەو کوێ

ئایا ئاسۆکانی زیندووکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی دروستبوو لەسەر چالاکی هاووڵاتی ئەکتیڤ، لە عێراقی ئەمڕۆ دوای نەمانی حوکمڕانی سەدام حوسێن چییە؟ چ جۆرە حوکمڕانییەك دەتوانێت، یاخود رێگا بە زیندووکردنەوەی بوارێکی تازە بۆ چالاکی سیاسی، کولتووری سەربەخۆ لە دەوڵەت فەراهەمدەکات؟ وەڵامی روون ئەوەیە کە دروستبوونی دەوڵەتێکی دیموکراسی، پلوراڵییە، کە پشت بە حوکمی یاسا ببەستێت، بەڵام ئەمە لە بارودۆخی هەنووکەدا یۆتۆپیایی دەردەکەوێ. گرنگترین ئەو هێزەی کە دوای رووخانی سیستەمی حوکم دەرکەوت، دامەزراوە ئایینی، سەرکردە تیرەگەری و هۆزییەکان بوو. سەرەڕای هەموو ئەو سەرکوتکردنانەش کە سەدام پیادەی کردن، نەیتوانی بەشێوەیەکی تەواو سەربەخۆیی و داهاتی دامەزراوە و مەرجعە شیعەکان لە ناوبەرێت، خودی ئەو هێزانە زیندووبوونەوە بۆ ئەوەی بۆشاییە ناوچە میللییەکان پڕ بکەنەوە، بە هەمان شێوە، مزگەوت، تۆڕە ئاینییە سوونییەکان کە زۆربەی جار بە نەزعەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و وەلا بۆ حوکمی لەسەر کارلابراو تێکەڵاون، وەکو سەنتەری رێکخستن و بەرەنگاری هێزەکانی داگیرکار لە

ناوچە سوونییەکانی ڕۆژئاوای بەغداد دەرکەوتن، هیچ دامەزراوەیەکی سەربەخۆ، یاخود یەکێتییەکی سەربەخۆ باوەڕپێکراو لە وڵاتدا نییە(سەرەڕای زۆری لە تاراوگەدا)، کە بتوانێت شوێنی کەرەستەکانی حوکمڕانی و وەرچەرخان بگرێتەوە، لەکاتی نووسینی ئەو دێڕانە، هێزەکانی هاوپەیمانی واپیشاندەدەن، کە چاکتر وایە بە پلەی یەکەم مامەڵە لەگەڵ شێخ و سەرکردە کاریگەرەکان بکەن، ئەوەش دژە بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و بواری گشتی دروست، بەو مانایەی کە لەو باسەدا بۆمان دیارکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوچەدا نموونەی زۆر دەبینین لەبارەی ئەو سیستەمانەی کە حوکم دەکەن، فرەیی لە سەنتەرەکانی دەسەڵات تیایاندا هەیە، ئەگەر سیستەمەکەش نا دیموکراسی بوو، دەکرێت ببێتەهۆی دروستبوونی بواری سیاسی و کولتووری زۆر زیندوو.

لە نموونەی میسرو ئوردندا، تێبینی ئەوە دەکەین کە سیستەمێکی پەرلەمانی و چەندین پارتی سیاسی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانڕەوایی دەتوانێت ئەوە ئەنجامبدات کە دەیەوێت، بێ ئەوەی بوار بۆ باڵەکانی تر بەجێبهێڵێت، تاوەکو بە ئازادی بجووڵێن و چالاکی ئەنجامبدەن، بەڵام سەرنجی ئەوە دەدرێ کە هەردوو نموونەی لوبنان و ئێران، کە چەندین سەنتەری دەسەڵاتی تێدا هەیە (بە شێوەیەکی جیاواز لە هەر وڵاتێکدا)، هەندێك لەو سەنتەرانەش ملکەچی باڵادەستی سەرکردە و سەرۆکە خۆجێیەکاندا.

لە زۆربەی جاردا ئەو سەنتەرانە دەسەڵاتگەران، بەڵام پلوراڵییەکەی پلەیەك لە ئازادی لە هەردوو بواری سیاسی و کولتووری فەراهەمدەکات، لوبنانی پێش جەنگ بەرجەستەی ئەو نموونەیە دەکات: کە ژیانێکی هزری و کولتووری زیندوو تێدایە، بە چەندین باڵی چالاکییەوە، بەڵام لە چوارچێوەی سیستەمێکی سیاسیدا کە لەلایەن سەرکردەی گەندەڵ و دەسەڵاتگەری فەرمانڕەوایی دەکرێت، ململانێ سیاسی و کولتوورییەکانی ئێرانی ئەمڕۆ ڕەنگدانەوەی سیستەمێکی حوکمی فرە سەنتەرە، کە هونەرمەند، دەرهێنەرە سینەماییەکان، ڕۆژنامەنووسان، فەیلەسووفەکان لەپاڵ دابڕاوەکانی پیاوانی ئایینی، بوارێکیان بۆ داهێنان و جووڵە هەیە، سەرەڕای بێزارکردن و ڕاوانانی بەردەوام. دەکرێت پێشبینی بکەین کە عێراق چەندین سەنتەری هێز دروست دەکات، ئەو فرەییەش، ئەگەرچی لە ناوەڕۆکدا نادیموکراسییە، بەڵام خزمەتی زیندووکردنەوەی

جۆرێك لە جۆرەكانی كۆمەڵگای مەدەنی دەكات كە لەسەر هاووڵاتیبوون دامەزراوە. رەنگە سیستەمی دابەشكردنی داهاتەكانی نەوت رۆڵێكی یەكلایكەرەوەیان لەمەدا هەبێت.

قۆرخكردنی ئەو داهاتانە و باڵادەستی بەسەر بەڕێوەبردن و دابەشكردنی لەلایەن دەوڵەتی مەركەزی، بەدڵنیاییەوە دەبێتەهۆی دەركەوتنی دیكتاتۆری گەندەڵ و سەركوتكار. ئاسۆكانی كۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەیەكی پاژەكی پشت بە دروستبوونی سیستەمی دابەشكردنی ئەو داهاتانە بەسەر سەرجەم سەنتەرو دامەزراوەكان، دەستەكانی گەشەسەندن دەبەستێت، كە ئەمەش دروستبوونی توێژ و بوارە كۆمەڵایەتییەكان پتەوتر دەكات كە ئاووگی (نسغ) كۆمەڵگای هاووڵاتییان خۆراك دەدات. ئایا ئەمە زیادەڕۆییە لە گەشبینیدا؟